ئۆرگانی حیزبی دیموکراتی کوردستان

# کوردستان

www.kurdistanukurd.com

ژمارە٧٣٨ ■ چوارشەممە ٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ _ ٢١ی نوامبری ٢٠١٨

دامەزرانی کۆماری کوردستان لە چوارچێوەی ئێرانێکی دێموکراتیکی فیدراڵدا




## حیزبی دێموکراتی کوردستان:
## ئیدیعاکانی سپای پاسداران ناڕاستن و نیاز و پیلانی دیکەیان لە پشتە

## لێکتێگەیشتنی ١٠ حیزب و لایەنی سیاسیی کورد و ئێرانی:
# بۆ پێکەوە مانەوەی گەلانی ئێران پێویستە مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بەڕەسمی بناسرێ



مەسەلەی کورد لە ئێراندا بەردەوام نەک هەر لە لایەن دەسەڵاتی ناوەندییەوە، بەڵکوو لەلایەن ناسیۆنالیزمی ئێرانی لە دەرەوەی دەسەڵات و تەنانەت لەلایەن بەشێک لە ئۆپۆزیسیونی سەراسەری و ڕووناکبیرانی ئێرانیشەوە وەک مەسەلەیەکی نەتەوەیی حاشای لێ کراوە. گرفتی ئەو ڕوانگەیە لەوەدایە کە لەبری ئەوەی نێوەرۆکی نەتەوەیی مەسەلەی کورد و مافی ئەم گەلە بۆ بڕیاردان لە سەر چارەنووسی خۆی بکا بە بنەما، دەیهەوێ لە ڕێی چاونووقاندن و خۆگێلکردن لەو ڕاستییەوە، هەوڵ بۆ پاراستنی هێژێمونیی پێناسی نەتەوەی حاکم بدا. وەک تابۆڕاگرتن و بەبنەما وەرگرتنی تەواویەتی ئەرزیی ئێرانیش، شتێک نییە جگە لە ئامرازێک لە خزمەتی ئەو بیرە نادیموکراتیک و شۆڤینیستییەدا.

هەربۆیە، لە ڕوانگەی حیزبی دێموکڕاتی کوردستانەوە، بە لەبەرچاوگرتنی ویستی لەمێژینەی نەتەوەی کورد و ڕەوتی سیاسیی ئێستای کوردستان، مەسەلەی نەتەوایەتیی کورد تەنیا کاتێک بەتەواوی چارەسەر دەکرێ کە ڕەوتی سروشتیی خۆی ببڕێ و ویستی ئازادانەی نەتەوەی کورد بکا بە بنچینە. دەرەتانی پێکەوە ژیانی داخوازانەی نەتەوەکانی ئێرانیش _سەرەڕای ئەو مێژووە پڕ ستەم و کارەساتەی ڕابردوو_ کاتێک دەڕەخسێ کە بێ ئەملاوئەولا ڕێزگرتن لە ئیرادەی سیاسیی نەتەوەکانی نێو ئێران و یەک لەوان نەتەوەی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا، بکرێ بە بنەمای چارەسەری پرسی نەتەوەیی بۆ داهاتووی ئێران.

(وەرگیراو لە بەرنامە و پێرەوەی حیزبی دێموکراتی کوردستان، پەسندکراوی کۆنگرەی ١٦)

سەروتار

## ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و مەسەلەی کورد

کەماڵ کەریمی

ئۆپۆزیسیۆنی دژبەری کۆماری ئیسلامی کە لە چەندین بەرەی چەپ، لایەنگرانی سەڵتەنەت، شووڕای بەرگریی میللی و بە تایبەت حیزبەکانی نەتەوەکان لە ئێراندا پێک هاتوون، بە جیاوازیی بۆچوونی سیاسییانەوە و هەرکام بە پێی نفووزی سیاسی و تواناکانی خۆیەوە هەر لە سەرەتاوە لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا هەڵوێستیان گرت. هێندێک لەو ڕێکخراوانە بە پاڵپشتی حیزب و خەڵکی کوردستان تەنانەت ڕێگەی خەباتی چەکدارییان هەڵبژارد، هەرچەند بەداخەوە چالاکییەکانیان لە سنووری کوردستان تێ نەپەڕی. ئەگەر سەرکوتی بێبەزەییانەی چالاکانی ئەم گرووپانە لە ساڵانی سەرەتای بەدەستەوەگرتنی دەسەڵات لەلایەن ئاخووندەکانەوە، جگە لە شەهیدکردنی دەیان هەزار کەس و زیندانیکردنی ژمارەیەکی زیاتر لەوان بوو بەهۆی هەڵاتنی میلیۆنان کەس بۆ دەرەوەی وڵات و گواستنەوەی چالاکییەکان بۆ تاراوگە، لە کوردستان حیزبی دێموکراتی کوردستان کە ئەرکی ڕێبەریی بزووتنەوەی نەتەوەیی کوردستانی لەسەر شان بوو، لەگەڵ ئەو حیزبانەی دیکەی لە مەیداندا مانەوە، ڕێگەی خۆڕاگرییان لە نێوخۆی وڵات لە بەرامبەر کۆماری ئیسلامیدا هەڵبژارد. بەربەرەکانێ و خۆڕاگرییەک کە دەیان لاپەڕەی زێڕینی بۆ خەباتکارانی دژی دیکتاتۆری و کۆنەپەرستی نەخشاندووە.

دوابەدوای کشانەوەی هەموو هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە نیوەی دووهەمی دەیەی شەستدا، جگە لە حیزبەکانی کوردستان و گواستنەوەی چالاکییەکانیان بۆ دەرەوە، پەرتەوازەییەکی وەهایان پێوە دیترا کە بەداخەوە شوێندانەری کەمیان لەسەر کۆمەڵگەی ئێران پێوە دیار بوو. بەڵام لەم ساڵانەی ڕابردوودا کە خەڵکی وەزاڵەهاتووی ئێران لەو هەموو زوڵم و زۆرەی دامودەزگاکانی کۆماری ئیسلامی وەدەنگ هاتوون، بەرەبەرە لە شکڵی جۆراوجۆردا لایەنەکانی دژبەری کۆماری ئیسلامی وەخۆکەوتوون و هەرکام بە پێی هزر و بۆچوونی خۆی دەیەوێ خۆی وەک جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی بناسێنێ. هەتا ئێرەی ڕەنگە باسێک هەڵنەگرێ جگە لەوەی کە بڵێین، ئەگەر بیر لە ڕووخانی کۆماری ئیسلامی بکەنەوە دەبێ کە زیاتر خۆیان بە لێکنیزیکبوونەوە خەریک بکەن هەتا هەرکام لە فۆڕمی جیاواز و بە ئیدیعای سەیروسەمەرەوە بێنە مەیدان. چونکە درووستکردنی هاوپەیمانی بە مەبەستی ئاڵوگۆڕێکی لەو چەشنە پێش هەموو شتێک پێویستی... ل٢

## کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان:
## نیگەرانین لە بەردەوامیی پێشێلکرانی مافی مرۆڤ لە ئێران



## لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا:
## ١٥١ کۆڵبەر کوژراون و بریندار بوون و ٤١٥ کەسیش گیراون



هۆکارەکانی گەڕانەوەی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی بۆ تێرۆری...
(٣)



بەرگریی ڕەوا وەک ماف لە بەرامبەر سەرکوت و توانەوەدا
(٥)



دێموکراسیی تەوافوقی
(٦)



سەفیری شەڕ
(٧)



ڕیفۆرمخوازی، شۆڕشی نەرم یان دەسەڵاتخوازیی فریوکارانە
(٨)



دریژەی:

## ئۆپۆزیسیونی ئێرانی و مەسەلەی کورد

به یەکخستنی هەموو توانا دابەشکراوەکانە و، یەکڕیزی لە چوارچێوەی بەرنامەیەکی هاوبەشدا دەبێ مەبەستی سەرەکی بێ کە بەداخەوە جارێ ئەمە نابیندرێ.

لەم کێبەرکێیەدا هەرچەند گرووپە کۆنەپارێزەکانی وەک سەڵتەنەتخوازەکان و مەشرووتەخوازەکان و هێندێک کەسایەتی کە هەتا ئێستاش دەرکیان بە گۆڕانکارییەکان نەکردووە و بە هێندێک دروشمی بریقەدار دیسان بیر لە دەسەڵاتی بە ئەزموونکراوی چەند دەیە لەمەوبەریان دەکەنەوە، بەڵام بە خۆشییەوە گۆڕانێکی باش لە بیرکردنەوەی لایەنە چەپ و دێموکرات و کۆماریخوازەکاندا دەبیندرێ. ئێستا ئەوەی لایەنەکانی ئۆپۆزسیۆن دەبێ زۆرتر گرینگی پێ بدەن، نابێ حەز و خولیاکانی دەسەڵاتخوازی بێ، بەڵکوو دەبێ ئەو ڕاستییانە زیاتر ببینن کە بوونەتە هۆکاری بێزاری خەڵک لە دەسەڵاتدارە جۆراوجۆرەکانی ئێران و کەوتنە ڕێچکەی بە ئەنجام گەیاندنی گۆڕانکارییەکان. ئەوان دەبێ سەرنج بدەنە هۆکارەکانی دامەزراندنی سیستمێکی سەقامگرتوو کە بەرژەوەندییە گشتییەکانی هەموو پێکهاتەکانی ئێرانی لە چوارچێوەی بەرنامەکانیاندا لەخۆ گرتبێ. لەم ڕوانگەوە هەموو لایەک دەبێ بزانن جیاواز لە مەسەلە گشتییەکانی وەک مافی مرۆڤ، جیاوازییەکانی ڕەگەزی، زمان، ئایین، ناوەندگەرایی و زۆر بابەتی سەرزمانی دیکە کە بەشی زۆریان شتی باشن و بەشێکیان لە یاساکانی دەسەڵاتی پاشایەتی و کۆماری ئیسلامیشدا هاتوون بەڵام بە کردەوە هیچ هەنگاوێک بۆ جێبەجێکردنیان هەڵنەهێنراوەتەوە، هێندێک بابەتی گرینگتر لە هەردوو نیزامی دەسەڵاتداری ئێراندا لە ٨ دەیەی ڕابردووەوە، بوونیان هەبووە و ئێستاش بەهێزتر دەردەکەون کە لەلایەک بۆ بەدەستهێنانی ئامانجەکان خەبات کراوە و لەو لاشەوە بە ناوی پاراستنی هێمنایەتی وڵات، هەموو ئەو وشە جوانانە لەبیر کراون و ڕێگەی بەهێزکردنی سپا و سەرکوت گیراوەتە بەر. بە دڵنیایی هیچ هێزێکی دێموکرات و پێشکەوتنخواز نییە کە خۆی لە پەسەندکراوەکانی جاڕنامەی مافی مرۆڤ بێبەری بکا، بەڵام دەسەڵاتخوازانی ئێران هەمیشە لە سەرکوتی داواکارییە ڕەواکانی خەڵکدا و بە بەهانەی جۆراوجۆر هەموو ئەو مافانەیان پێشێل کردووە کە ئەو جاڕنامەیە بە تاکەکان و کۆمەڵە جیاوازەکانی ڕەوا دیتووە. هەربۆیە خەڵک زەحمەتە هەروا حاسان باوەڕ بەو جۆرە دروشمانە بکا و بەم شێوە بکرێ ببنە جێی باوەڕی گشتی.

ئەوەی ئێمە وەک کورد دەبێ گرینگی پێ بدەین سەرەڕای هەوڵدان بۆ دەستەبەرکردنی هەموو ئەو ماف و ئازادییانەی لە جاڕنامەکانی ڕێکخراوەکانی سەر بە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان پەسەند کراون، گەیشتن بە ماف و ئازادییە نەتەوەییەکانمانە کە بەشێکی گرینگ لە ستراتێژی حیزبی دێموکراتی کوردستان پێک دێنێ. بێگومان ئەمە ئەگەر لە چوارچێوەی ئێراندا سەیر بکرێ و گەیشتن بە سازان و ڕێککەوتنێک کە دامەزرانی سیستمێکی دێموکراتیک و فێدراڵ بناخەی دارێژراوی بێ، پێش هەموو شتێک دەبێ بیر لەوە بکرێتەوە کە پێکهاتەکانی درووستکەری ئەم سیستمە فێدراڵە چۆن دەتوانن بە یەکیەتییەکی برایانە و داخوازانە ئەم سیستمە بپارێزن. نەتەوەکانی ئێران و لە پێش هەمواندا نەتەوەی کورد لە ئێران مێژوویەکی دوورودرێژی خەبات لە پێناو گەیشتن بە ئامانجەکانیان تۆمار کردووە. لە هەر گۆڕانێکدا کە لە ئێران هاتبێتە پێش دەوری خۆیان هەبووە و ئەگەر گوێ بۆ داواکارییە ڕەواکانیان نەگیراوە لە بەرامبەر سەرکوتدا بێدەنگ نەبوون و بەربەرەکانێیان کردووە. ئێستاش و لەم قۆناغە نوێیەدا کە چاوەڕوانی زۆر گۆڕانکاری جیدی دەکرێ، کورد فاکتەرێکی بەهێزترە لە جاران کە ئەگەر هەر لایەنێکی ئۆپۆزیسیۆن مەبەستی بێ بە دروشمی چاوپڕکەر و وادەی بێ بنەما بۆ داهاتوو و هێز و تواناکانی کورد پشت گوێ بخا، ڕاست لە درێژەی ئەو ڕێگە شکست خواردوەدا هەنگاو دەنێ کە لە سەد ساڵی ڕابردوودا لە ئێران تاقی کراوەتەوە و بۆ لە نێوبردنی ئاوات و ئامانجەکانی ئەم نەتەوە جگە لە بە کوشتدانی سەدان هەزار هاونیشتمانی خۆیان دەسکەوتێکیان نەبووە.

لێرەشدا پێویستە ئەوە وەبیر بێنینەوە کە کەسایەتی و لایەنە کوردییەکان بە هەر بیر و بۆچوونێکەوە، مادام خۆیان بە بەشێک لە هێزی ڕزگاریدەری کورد پێناسە دەکەن وشیار بن کە بۆ ساتوسەودای سیاسی و دەرکەوتنی دیپلۆماتیک نەکەونە داوی ئەو پەیماننامانە کە بەڕوونی ڕێگەی چارەسەری دابینکردنی مافەکانی کوردی تێدا دیاری نەکرابێ.

# لێکتێگەیشتنی هاوبەشی دە لایەنی سیاسیی کورد و ئێرانی

**«حیزبی دێموکراتی کوردستان و سێ حیزبی کوردستانیی دیکە لەگەڵ شەش لایەنی سیاسیی دیکەی ئێران وێڕای ساغبوونەوە لەسەر لێتێگەیشتنێکی هاوبەش، داوایان لە حیزب و لایەنە سیاسییەکانی دیکەی ئێران کردووە لە پێناو ڕووخانی کۆماری ئیسلامی و سەرخستنی بزووتنەوەی ئیعترازیی گەلانی ئێراندا دەست بدەنە دەستی یەکتری»**

**بانگەواز بۆ هاوکاری هاوبەش**

وڵاتەکەمان نیزیک بە ٤٠ ساڵە لەژێر ستەم و دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی دایە. ئەمڕۆکە لە هەلومەرجێکدا کە خەڵکی ئێران لە هەموو بیاڤەکاندا دەستیان داوەتە خەباتێکی بەربڵاو بۆ ئازادی، ڕزگاری و وەدیهێنانی مافەکانیان، ئێمە ڕەوت، ڕێکخراو و حیزبە سیاسییەکان بە ڕوانینە کۆمەڵایەتی و پێشینە سیاسییە جیاوازەکانمان، هەوڵێکی هاوبەشمان لەسەر بنەمای ئەم لێکتێگەیشتننامەیە دەست پێکردووە. ئێمە ئەم هەوڵە سەرەتاییە بە هەنگاوێک بۆ دامەزراندنی یەکیەتییەکی بەربڵاو پێناسە دەکەین و لەم ڕێگەیەدا لە هیچ هەوڵێک درێغی ناکەین. ئێمە پێ دادەگرینەوە لەسەر پێویستیی هەبوونی یەکیەتییەکی بەربڵاو بۆ دامەزراندنی دێموکراسی، سیستمی کۆماری و فێدراڵیزم لە ئێران و بایەخگەلی وەک تۆلێرانس، پلۆرالیزم، جیایی دین لە دەوڵەت لەسەر بنەمای مەنشوری مافەکانی مرۆڤ و پێکەوەژیانی هەموو ڕەوت و بیرە سیاسییە دێموکراتیکەکان. ئێمە بە پێداگرتنەوەی لێبڕاو لەسەر بەردەوامی و پەرەدان بە بزووتنەوە ئیعترازی، مەدەنی و دێموکراتیکەکان لە ئێران و پشتیوانی لە خەباتی خەڵک، داوا لە سەرجەم حیزبەکان، دامەزراوەکان، ڕێکخراو و ئەو ڕەوتە کۆماریخوازە دێموکراتیکانە دەکەین کە خۆیان بە هاوفکر لەگەڵ ئەم لێکتێگەیشتننامە دەزانن هاوکارمان بن و داوایان لێدەکەین بۆ خەبات لەمەڕ ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی لەگەڵمان بن.

## بنەما هاوبەشەکانی هاوکاری ئێمە

**پێشەکی:**

ئا: پاش یەک سەدە خەباتی پڕ هەوراز و نشێو لە ڕێگەی ئازادی و دادپەروەریی کۆمەڵایەتی، دابینکردنی سەروەریی خەڵک، نەهادینەکردنی دێموکراسی لە وڵات و هەوڵی بەردەوام بۆ دانانی بناغەی ئێرانێکی ئازاد، پێشکەوتوو و مۆدێرن و دوور لە هەر چەشنە هەڵاواردنێکی جنسی، نەتەوەیی و مەزهەبی، وڵاتی ئێران دیلی دەستی سەرەڕۆیی و دەسەڵاتێکی سەرەڕۆیە. خەڵک لە مافە بنەڕەتییەکانیان، لە ئازادییە سیاسی، کۆمەڵایەتی، سێنفییەکانیان و ئەمنیەتی یاسایی و کۆمەڵایەتییان بێبەش کراون. هەڵاواردن دژ بە ژنان کە نیوەی حەشیمەتی وڵات پێک دەهێنن، سیاسەتی فەرمی و یاسایی کۆماری ئیسلامی ئێرانە. جیابیران، ڕوناکبیران، نووسەران، هونەرمەندان، هزرڤانان، لاوان و خوێندکاران لە بەردەم هەڕەشە و پەلاماری هەمیشەیی حکومەت دان. کرێکاران، مامۆستایان، زانکۆییەکان و باقی بەرهەمهێنەرانی سەرمایەی ماددی و مەعنەویی کۆمەڵگە، لە دابینکردنی کەمترین پێداویستییەکانی ژیانێکی لەبار و شیاو لەگەڵ جێگە و پێگەی ئینسانی و کۆمەڵایەتییان دۆشداماون و بێبەش کراون لە مافی پێکهێنانی سەندیکا و دامەزراوەی سەربەخۆ. هەڵاواردن و ستەمی نەتەوەیی دژ بە نەتەوەکانی ئێران بە خراپترین شێوەکان درێژەیان هەیە. کۆماری ئیسلامی لە درێژەی ستەمکاریەکانی پێشوویان بە شەڕ و توندوتیژی وڵامی داواکارییە ڕەوا نەتەوەیی و قەومییەکانیان دەدەنەوە. یاسای بنەڕەتیی کۆماری ئیسلامی و پێکهاتەی دەسەڵات لەودا، لەسەر بنەمای هەڵاواردن، تێکەڵاوکردنی دین و دەوڵەت، دوژمنایەتیکردنی ئازادی و نوێخوازی بنیات نراوە. لە کۆماری ئیسلامیدا خەڵک لە مافی بەدەستەوەگرتنی چارەنووسی خۆیان بێبەشن و مافەکانی مرۆڤ بە بەردەوامی و بەشێوەیەکی توندوتیژ پێشێل دەکرێ. ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران لە گشتیەتی خۆیدا ڕیفۆرمهەڵگر و جێگەی ئیسڵاحکردن نییە و لەو چوارچێوەدا هیچ کام لە ویستە دێموکراتیکەکانی خەڵکی ئێران وەدی نایەت. کەواتە، ڕووخاندنی کۆماری ئیسلامی ئێران و هەڵوەشاندنەوەی هەموو دامەزراوە قەزاییەکان، یاسادانەر و ئیجراییە سەرکوتکارەکان (سیاسی، سەربازی، ئەمنیەتی و ...) و هەروەها هەڵوەشاندنەوەی یاسای بنەڕەتی کۆماری ئیسلامی و باقی یاسا نادێموکراتیکەکان، مەرجی یەکەم و سەرەکییە بۆ سەقامگیرکردنی سیستمێکی کۆماری لەسەر بنەمای دێموکراسی، جیایی دین لە دەوڵەت و مافەکانی مرۆڤ.

ب: خەبات لەدژی کۆماری ئیسلامی هەر لە سەرەتای دامەزراندنییەوە بەردەوام بەڕێوە چووە. دەیان هەزار کەس لە خەباتکارانی ڕێگەی ئازادی و دادپەرەوەری کۆمەڵایەتی لە ماوەی نیزیک بە ٤٠ ساڵی ڕابردوودا لە تێکۆشان دژ بە سەرەڕۆیی زاڵ گیانیان لەدەست داوە. چوار دەیەیە کە خەڵک بەشێوازی جۆراوجۆر ناڕەزایەتییەکانی خۆیان لە دۆخی داسەپاو ڕاگەیاندووە و هەندێک جار بێگوێدان بە سیاسەتی سەرکوتکارانەی دەسەڵات، بەشێوەی چەند میلیۆن کەسی ڕژاونەتە سەر شەقامەکان و بێزاریی خۆیان بەرامبەر بە سیاسەتی نادێموکراتیک، نادادپەروەرانە و پڕ لە هەڵاواردنەکانی دەسەڵات دەربڕیوە. دوایین نموونەش بزووتنەوە جۆراوجۆرەکانی چەند مانگی ڕابردوو و بەتایبەت ڕابوونی مانگی بەفرانباری ڕابردوو و مانگرتن و ناڕەزایەتی دەربڕینەکانی ئەم دواییانەیە. لە ئاکامی ئەم ناڕەزایەتی دەربڕینانە، ڕواڵەتی ڕاستەقینەی کۆماری ئیسلامی لە ئاستێکی بەربڵاودا خۆی دەرخست و ئەم ئیعترازە خەڵکییانە بوونە هەوێن و یارمەتیدەرێکی باش بۆ هاوپێوەندی نیشتمانی و نێونەتەوەیی لەمەڕ وەدەستخستنی دێموکراسی.

پ: لە ماوەی چوار دەیەی ڕابردوودا ئازادیخوازان و هێزە چەپ، دێموکرات و کۆماریخوازەکان بە بەرنامە و مێتۆدی جۆراوجۆر دژ بە دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی خەباتیان کردووە بەڵام ئەزموون پێمان دەڵێ کە بەبێ هاوکاری و یەکیەتی کرداریی ئەم هێزانە، دەرەتانی کاریگەری دانانیان لەسەر ڕووداوە سیاسییەکان و شکڵدان بە ئاڵتێرناتیڤێکی کۆماریخواز و دێموکرات دژوار دەبێتەوە. ئەمڕۆکە بۆ پێشکەوتنی بزووتنەوە، پێویستی هاوکاری و یەکیەتی کرداری ئەم هێزانە زیاتر لە هەر کاتێکی دیکە بووەتە پرسێکی گرینگ. ئێمە ئەو ڕێکخراو و حیزبانەی کە ئەم لێکتێگەیشتننامەمان واژۆ کردووە، بە بەرنامە، ڕوانینی کۆمەڵایەتی و ڕابردووی سیاسی جیاوازەوە پێبەندین بە پێویستی هەبوونی یەکیەتی بەرینی کۆماریخوازە دێموکراتەکان، بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە ئێران لەسەر بنەمای جاڕنامەی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و بڕیارنامە پەیوەندیدارەکانی، بایەخگەلی وەک پلۆرالیزم، جیایی دین لە دەوڵەت، یەکتر قەبووڵ کردن و پێکەوەژیانی هەموو ڕەوت و لایەنە سیاسییە دێموکراتیکەکان؛ ئێمە ئەو هێزانەین کە بۆ بەردەوامی، بەربڵاوی و قوڵترکردنی بزووتنەوە ئیعترازییەکانی خەڵکی ئێران کە توانیویەتی کۆلکەزێڕینەیەک لە چینەکان، گرووپە کۆمەڵایەتییەکان و هێزە سیاسییە ئازادیخوازەکانی کۆمەڵگە بێت، خەبات دەکەین، پێداگرین لەسەر خەباتی مەدەنی و دێموکراتیک و ئاشتیخوازانە کە هێمای بزووتنەوەی ئیعترازییە و لێکتێگەیشتن لەسەر ئەم گەڵاڵەیە بە هەنگاوێک لەمەڕ دامەزراندنی یەکیەتییەکی بەربڵاو بۆ کۆماریخوازەکانی ئێران دەزانین.

**گەڵاڵەی هاوبەشی ئێمە**

دامەزراندنی سیستمێکی دێموکراتیک لە شکڵی کۆمارێکی پارلمانی لەسەر بنەمای جیایی دین لە دەوڵەت، جیاکردنەوەی ٣ هێزی سەرەکی (قوای سەگانە) و پلۆرالیزمی سیاسی، هەڵبژێردراوبوونی هەموو دامەزراوەکانی حکومەت بە دەنگی ڕاستەوخۆی خەڵک و لەبەرچاوگرتنی ئەسڵی ئاڵوگۆڕی دەسەڵات (تناوب قدرت). ئێمە پێداگرین لەسەر ئەوەیکە دەنگی خەڵک تاکە سەرچاوەی هێز و دەسەڵات و ڕەوایی حکومەتە.

وڵاتی ئێران لە ئاکامی پێکەوەژیانی نەتەوەکانی فارس، تورک، کورد، عەرەب، بەلووچ، تورکمان و باقی پێکهاتە زمانییەکان و کەمینە مەزهەبی و فەرهەنگییەکان شکڵی گرتووە. بۆ یەکیەتییەکی هەمیشەیی و پێکەوە مانەوەی خەڵکانی ئێران پێویستە:

١ـ شوناس و مافە نەتەوەیی_ دێموکراتیکەکانی ئەم خەڵکە قبووڵ بکرێ و مافی دیاریکردنی چارەنووسیان بە فەرمی بناسرێت.

٢ـ کۆکردنەوەی دەسەڵات لە ناوەند و سەنتراڵیزمی هەنووکەیی، جێگەی خۆی بدا بە نەمانی ناوەندگەرایی و دابەشکردنی دەسەڵات لە پێکهاتەی سیاسی ئێران. ئێمە خوازیاری یەکیەتیی ئازادانەی خەڵکانی ئێران لە نێو سیستمێکی سیاسی و ئیداری فیدراڵ داین.

٣ـ جیایی دین لە دەوڵەت و گەرەنتی کردنی ئازادی بیروباوەڕ، دین و مەزهەب.

٤ـ دابینکردنی ئازادییە سیاسییەکان، مافە دێموکراتیک و مەدەنییەکانی خەڵک، گەرەنتی کردنی ئازادی ئەندێشە و دەربڕین، ڕاگەیاندن و میدیاکان، شێوازی ژیان، چالاکی حیزبە سیاسییەکان، ئازادی بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، خۆپیشاندان، مانگرتن و سازکردنی ڕێکخراوە سێنفی و مەدەنییەکان.

٥ـ دابینکردنی یەکسانی مافی شارۆمەندان، بەبێ لەبەرچاوگرتنی جینس، مەزهەب، بەستراوەیی قەومی، نەتەوەیی، زمانی و ڕێباز.

٦ـ پێبەند بوون و گەرەنتی کردنی ماف و ئازادییە پەسندکراوەکان لە ڕاگەیەندراوی جیهانی مافەکانی مرۆڤ و پەیماننامە پێوەندیدارەکانی.

٧ـ هەڵوەشانەوەی حوکمی ئێعدام و هەرچەشنە سزادانێک کە ئابڕوو، جێگە و پێگەی مرۆڤەکان خەوشدار بکا.

٨ـ دابینکردنی یەکسانیی مافەکانی ژنان و پیاوان، هەڵوەشانەوەی هەر چەشنە هەڵاواردنێکی جینسی، جێبەجێکردنی تەواو و بێکەموکوڕی ماددەکانی کۆنوانسیۆنی نەهێشتنی هەڵاواردن دژ بە ژنان و دانی گەرەنتی یاسایی بۆ دابینکردنی ئیمکاناتی پێویست بۆ گەشەی توانایی و لێهاتووییەکانی ژنان لە هەموو بوارەکان ژیانی تاکەکەسی، بنەماڵەیی، کۆمەڵایەتی و سیاسی.

٩ـ پتەوکردنی پایەکانی دێموکراسی لە وڵاتدا و بەردەوامی پێکەوەژیانی مێژوویی پیشاندەرەکانی وا دەخوازێ مافی وەک یەکی نەتەوەکانی ئێران و مافە نەتەوەیی_دێموکراتیکەکانی نەتەوەکان و قەومەکانی نیشتەجێ لە ئێرانێکی یەکگرتوو، دێموکراتیک و ناناوەندگەرا لە هەموو بیاڤەکانی نەتەوەیی، سیاسی، ئابووری و کۆمەڵایەتی دابین و گەرەنتی بکرێ.

١٠ـدابینکردنی هەل و دەرفەتی وەک یەک بۆ دەسپێڕاگەیشتنی هەمووان بە خانووبەرە، بێهداشت، فێرکاری و پەروەردە، کار و پیشە، فەرهەنگ و بیمە کۆمەڵایەتییەکان.

١١ـ دامەزراندنی پێوەندییە سیاسییەکانی ئێران لەگەڵ هەموو وڵاتانی دنیا لەسەر بناغەی ڕێزگرتنی دوولایەنە، قبووڵ کردنی ئەسڵی دەسەڵاتی خەڵکی ئێران، بەرژەوەندییە نەتەوەییەکان و پارێزگاری کردن لە ئاشتی جیهانی. ئێمە دژی دەستێوەردانی هێزە بیانییەکان لە کاروباری پێوەندیدار بە مافی دیاریکردنی چارەنووسی خەڵکی ئێران و ئاڵتێرناتیڤسازی لەلایەن ئەوانەوەین.

١٢ـ ڕاکێشانی پشتیوانی بیروڕای گشتی و پشتیوانی نیهاد و دامەزراوە نێونەتەوەییەکان لە خەباتی خەڵکی ئێران بۆ جێگیرکردنی دێموکراسی لە وڵات و زیادکردنی گوشارەکان بۆسەر کۆماری ئیسلامی لە ئیعتراز بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ لە ئێران و لە هاوپێوەندی لەگەڵ خەباتی ئازادیخوازانەی خەڵکی ئێرانین.

١٣ـ دژایەتی کردن لەگەڵ بونیادگەرایی، تێرۆریزم و بەڕێوەبردنی توندوتیژی.

١٤ـ ئێمە بەڕێوەبردنی کۆبوونەوە، مانگرتن، ڕێپێوان و شکڵە جۆراوجۆرەکانی خەبات، هەبوونی مافی داکۆکی لەبەرامبەر کردارە توندڕەوانەکانی حکومەت و خەباتی مەدەنی بۆ گەیشتن بە داخوازە ئابووریی و سیاسییەکان بە بەشێک لە مافە بنەڕەتییەکانی شارۆمەندان دەزانین.

یەکیەتیی دێموکراتیکی ئازەربایجان – بیرلیک
بزووتنەوەی کۆماریخوازە دێموکرات و لاییکەکانی ئێران
حیزبی تەزامۆن دێموکراتیکی ئەهواز
حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران
حیزبی دێموکراتی کوردستان
کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی کوردستانی ئێران
حیزبی خەڵکی بەلوچستان
ڕێکخراوی یەکیەتی فیداییانی خەڵکی ئێران
شۆرای کاتیی سوسیالیستە چەپەکانی ئێران
کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان

٢٥ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ (١٦ی نۆڤامبری ٢٠١٨)

ناونیشانی پێوەندیگرتن: info@iranetehad.org

# بەردەوامبوون لەسەر تێرۆری سیاسی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات

## (هۆکارەکانی گەڕانەوەی ئەمجارەی کۆماری ئیسلامی بۆ سەر تێرۆری نەیاران و بەرهەڵستکارانی خۆی)



قادر وریا

بۆ ئەوەی هیچ بە هەڵە تێگەیشتنێک ڕوو نەدا، پێشەکی پێویستە وەبیر بێنینەوە کە مەبەست لە بەکارهێنانی دەستەواژەی» گەڕانەوە بۆ سەر تیرۆری نەیاران لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات» بە هیچ جۆرێک ئەوە نییە کە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی لە قۆناغێک یا دەورەیەک لە تەمەنی خۆیدا، لەنێوبردنی فیزیکیی نەیارانی خۆی لە نییەت و بەرنامەی ڕۆژانەی دەزگا پێوەندیدارەکانی وەلا ناوە. ئەو ڕێژیمە لە نێوخۆی وڵات، هیچ کات لە کوشتنی نەیارانی، غافڵ نەبووە جا بە کوشتن لە ژێر ئەشکەنجە و ئێعدامدا بووبێ، یا بە هۆی لە نێوبردن لە ڕووداوێکی گوماناویدا. کوشتنی بەرەبەرەی ناڕازییان و بەرهەڵستکارانی سیاسی لە ڕێگای پەراوێزخستن و تێرۆری کەسایەتیی ئەوان و درووستکردنی گوشاری جۆراوجۆر بۆ سەر خۆیان و بنەماڵەکانیان، یەکێکی دیکە لە شێوەکانی لە نێوبردنی نەیاران لە لایەن ئەو ڕێژیمەوە بووە. لە ڕاستیدا ئەوەی کۆماری ئیسلامی بۆ ماوەیەک ڕایگرتبوو، تێرۆری ڕێبەران و تێکۆشەرانی سەر بە ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی لە وڵاتانی ئوروپایی بوو. ئەمەشیان دەگەڕێتەوە بۆ دەرئەنجامەکانی ئەو ڕیسواییە گەورەیە کە بە دوای دەرچوونی بڕیاری دادگای بێرلین لە بارەی تێرۆری میکۆنووس بۆ ئەو ڕێژیمە پێک هات و کاردانەوەی سیاسی و دیپلۆماتیکی یەکیەتیی ئوروپا، بەرامبەر بە کۆماری ئیسلامیی ئێرانی بەدوادا هات. وەک دەبینین ئێستا هەم لە نێوخۆ و هەم لە دەرەوەی وڵات، لە نێوبردن و تێرۆری نەیارانی سیاسی لە لایەن دەزگای تێرۆر و سەرکوتی ئەو ڕێژیمە بە هەمان شێوەی جاران، دەستی پێ کردووەتەوە. سپای پاسداران و وەزارەتی ئیتلاعات، نەک هەر حەز ناکەن تاوانی پیلانگێڕی لە دژی نەیارانی کۆماری ئیسلامی لە خۆیان دوور بخەنەوە، بە پێچەوانەوە بەردەوام و لە بۆنەی جۆراوجۆردا، هەڕەشە دەکەن و نەیاران و دوژمنانیان لە هەر کوێیەک بن، لە ئەماندا نین و دەستیان لێ ناپارێزن. ئێستا ئیدی هەڕەشە و لێدوانەکانی فەرماندەرانی سپای پاسداران و بەرپرسانی ئەمنیەتی، هەر وەها هەوڵەکانیان بۆ لە نێوبردنی نەیاران و بەرهەڵستکارانی ڕێژیمەکەیان ـچ ئەوانەی تێیدا سەرکەوتوو بوون و کوشتنی کەسانێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامییان لێ کەوتووەتەوە، چ ئەوانەی ئاشکرا بوون و بەرینی و گەورەیی پیلانە تێرۆریستییە نوێیەکانی ئەو ڕێژیمەیان دەرخستووە_ گومانێکیان نەهێشتووەتەوە کە دەورەیەکی نوێ لە تێرۆر و لە نێوبردنی بە ئاشکرای نەیاران و بەرهەڵستکاران، لە لایەن ڕێژیمی تێرۆریستیی کۆماری ئیسلامی دەستی پێ کردووەتەوە. لەم بەشەدا هەڵوێستەیەک لە سەر هۆکارەکانی «گەڕانەوە»ی بڕیاربەدەستانی ئەو ڕێژیمە بۆ سەر ئەم جۆرە ڕووبەڕووبوونەوەیە لە گەڵ نەیاران و بەرهەڵستکارانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی دەکەین.

### قۆناغێکی یەکلاکەرەوە لە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێراندا

ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران هەمبەر بە کۆماری ئیسلامی هیچ کات تا ئەم ڕادەیە پێی نەناوەتە نێو قۆناغێکی چارەنووسساز. ئەو پارامێترانەی وایان کردوە ناڕەزایەتیی خەڵکی ئێران بەرامبەر ئەو ڕێژیمە، بچێتە نێو قۆناغێکی یەکلاکەرەوە ئەمانەن:

**ـ وەڵامنەدانەوەی ئەو شانس و ڕێکارانەی بە دەست خەڵک و ڕێژیمەوە هەبوون**

خراپیی هەلومەرجی سیاسی، ئابووری و قەیرانی گشتی و ناڕەزایەتیی خەڵک لە هەلومەرجەکە لەمێژ ساڵە هەیە. بەڵام کۆماری ئیسلامی بە موهەندیسی کردنی هەڵبژاردنەکانی وەک سەرکۆماری و مەجلیس و یاریکردنی بە کارتی قۆڵەکانی نێو دەسەڵات و دەستاودەستکردنی بەشێک لە دەسەڵاتەکەی لەم قۆڵ بۆ ئەو قۆڵ، زۆر جار توانیویەتی ناڕەزایەتیی خەڵک کۆنتڕۆڵ بکا. خەڵکیش هێندێک جار هەوڵیان داوە سەرەڕای بەرتەسکبوونی دەرفەتەکان، لە هەڵبژاردنەکان و ململانێی نێو قۆڵەکانی دەسەڵات بۆ باشکردنی ڕێژەیی دۆخی سیاسی، یا پێشگیری لە خراپتربوونی دۆخی ئابووری و هتد، کەلک وەربگرن. دوا شانس و ڕێکاری هەم ڕێژیم و هەم خەڵک بۆ دەربازبوون لە قەیرانەکان، هێنانە سەرکاری ڕووحانی بوو. ئەم «شانس»ە، تەنانەت لە دەورەی یەکەمی سەرکۆماریی ناوبراویشدا، کە بەخت یاوەری بوو و توانی ڕێککەوتننامەی بەرجام بگەیەنێتە ئەنجام، لە ئاستی نێوخۆدا، نە چاوەڕوانییە سیاسییەکانی دەنگدەرانی بۆ جێبەجێ بوو نە بەڵێنە ئابوورییەکانی خۆی.

**ـ وەدەرکەوتنی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام و ئاکامەکانی**

وا چاوەڕوان دەکرا بە کۆتاییهاتنی کێشەی ناوەکیی ڕێژیمی ئێران لە گەڵ ئەمریکا و وڵاتانی دیکەی ڕۆژاوا و بە دوای بەرجامدا، سەرەڕای هەڵگیرانی گەمارۆ ئابوورییەکان لە سەر کۆماری ئیسلامی و گەڕانەوەی پووڵە دەستبەسەردا گیراوەکان، پێوەندیی ئابووری و بازرگانیی وڵاتانی ڕۆژاوایی لەگەڵ ئێران لە ڕووی چەندایەتی و چۆنایەتییەوە گەشەیەکی کەموێنە بە خۆیەوە ببینێ و ئابووریی ئێران پاش ساڵانێکی زۆر شایەدی گەشە و هەستانەوە بێ. بەڵام چوونەدەرێی ئەمریکا لە ڕێککەوتننامەی بەرجام بە دوای هاتنە سەرکاری دۆناڵد ترامپ و گەڕانەوەی گەمارۆکانی ئەو وڵاتە لە دژی ئەو ڕێژیمە بۆ دۆخی پێشوو، خەون و ئاواتەکانی دەسەڵاتدارانی ئێرانی کردەوە هیچ. ئەگەر چی قەرار بوو یەکیەتیی ئوروپا بەبێ ئەمریکا، بەرجام بپارێزێ و بەڕێوەبەرانی کۆماری ئیسلامیش وایان دەنواند کە بە بەردەوامی و مانەوەی ئوروپا لە سەر ئەو ڕێککەوتننامەیە، کێشەیەکی ئابووریی ئەوتۆیان تووش نابێ، بەڵام بە کردەوە دەبینین کە ئەو ڕێژیمە هەم لە هەناردەکردنی نەوت و هەم لە هێنانی شتومەکدا، بە توندی دەستوپێی بەستراوە و گەمارۆکانی ئەمریکا، تەنگیان پێ هەڵچنیوە.

**ـ گوازرانەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک بۆ سەر شەقام و شێوەی جەماوەری**

ناهومێدیی خەڵک لە پێکهاتنی هەر چەشنە گۆڕانێکی ئەرێنی لە ڕووی ئابووری و سیاسی و دڵنیابوونیان لە خراپتربوونی ڕۆژبەڕۆژ زیاتری هەلومەرجی گشتی، بێ بایەخبوونی بێوێنەی دراوی ئێران و گرانیی کەمەرشکێنی نرخی پێداویستییە سەرەکییەکانی ژیانی خەڵک بە تایبەتی نان، شەکر، سووتەمەنی، دەرمان و هتد، بوون بە هۆی ئەوەی ناڕەزایەتیدەربڕین لەم بەش یا ئەو توێژی خەڵک دەربچێ و ببێتە گشتی. لە ڕووی خۆدەرخستنیشەوە، بێتە سەرشەقام و ببێتە سەرانسەری. خۆپێشاندانەکانی بەفرانباری ڕابردووی زیاتر لە ١٠٠ شاری ئێران، کە ئەو کات دۆخی ئابووری و ژیان و بەڕێچوونی خەڵک، بە ڕادەی ئێستاش خراپ نەببوو، و ئەو مانگرتنانەش کە لەو کاتەوە هەتا ئێستا لە لایەن کرێکاران، مامۆستایان، خاوەن کامیۆنەکان و هتددا هەبووە، هەموو ئەو ڕاستییە دەسەلمێنن، کە بێزاری و ناهومێدیی خەڵک گەیوەتە دوا پلە و لە دەرفەتێک و بیانوویەک بۆ تەقینەوە و سەرڕێژکردن دەگەڕێ.

**ـ بەردەوامبوونی ماکە و سەرچاوەی ئەو دۆخەی ئەمڕۆی ئێران لە سەر سیاسەتەکانیان**

هەرچی خەڵک پتر هەست بە مەینەتی و ڕۆژڕەشییەکانی ژیانی خۆیان دەکەن، ماکە و سەرچاوەکانی گرفتاریی خۆیان و وڵاتی ئێران بەم دۆخەی ئەمڕۆ، زیاتر و باشتر دەناسن. ئەوان ئێستا ئیدی گومانێکیان نییە کە سەرکۆمار هەر کەسێک بێ و، مەجلیس بە دەست هەر کامێک لە قۆڵەکانی ئەو ڕێژیمە بێ، ناوکەی سەرەکیی ئەو دەسەڵاتە، (ڕێبەری و سپای پاسداران و هێندێک دامەزراوی دیکە)، وڵات هەر بەو جۆرە بەڕێوە دەبەن کە بەرژەوەندیی خۆیان دەخوازێ. ئەم ناوکەیە کە هەموو جومگە سیاسی، نیزامی و ئابوورییەکانی ڕێژیمەکەیان لە کۆنتڕۆڵی خۆیان گرتووە، سامانی وڵات لە جیاتی لە باشکردنی ژیانی خەڵک یا لە وەڵامدانەوە بە سەرەتاییترین پێداویستییەکانی ئەو خەڵکە خەرج بکەن، لە هێشتنەوەی خۆیان و درێژەدانی ئەو سیاسەت و بەرنامە و پڕۆژانە خەرج دەکەن کە کەمترین سوود و بەرژەوەندەی خەڵکی تێدا نییە. پێداگری و بەردەوامیی سەرانی ئەو ڕێژیمە لە سەر نیازی بەرهەمهێنانی چەکی ناوکی، دەستتێوەردانە سیاسی و نیزامییەکانی کۆماری ئیسلامی لە کاروباری نێوخۆی وڵاتانی ناوچە سەرەڕای ئەوەی ساڵانە بە میلیارد دۆلار سەرمایەی خەڵکی ئێرانیان بۆ بە فیڕۆ دەدرێ، هیچ خواست و هیچ سوودێکی خەڵکیشیان تێدا نییە. ئەم ڕاستییە واتە بەردەوامیی دەسەڵاتداران لە سەر دزین و بە فیڕۆدانی سامانی وڵات لە پڕۆژە و سیاسەتی ئاژاوەگێڕانە ئەویش لە حاڵێکدا کە دانیشتووانی وڵات ژیانیان لەو پەڕی خراپی دایە، خەڵکیان لە سەر یەکلاکردنەوەی خەبات بە دژی ئەو ڕێژیمە، شێلگیرتر کردووە.

**ـ چڕبوونەوەی ئۆپۆزیسیۆنی نێوخۆ و دەرەوەی وڵات لە سەر بەدیلی کۆماری ئیسلامی**

پێی بە پێی قووڵتربوونەوەی ناڕەزایەتیی خەڵک بەرامبەر کۆماری ئیسلامی و نوێبوونەوەی گوشارە نێودەوڵەتییەکان، نەیارانی سیاسیی کۆماری ئیسلامی لە نێوخۆی ئێران و دەرەوەی وڵات، پتر هەست بە پێویستیی هاوکاری و هاوخەباتی و ساغبوونەوە لە سەر بەدیلی خۆیان بۆ جێگرتنەوەی ئەو ڕێژیمە دەکەن. لە مانگەکانی ڕابردوودا، کۆڕ و کۆبوونەوە و ئاڵوگۆڕی بیروڕا لە نێو ڕەوت و لایەنەکانی ئۆپۆزیسیۆنی ئێرانی و بە مەبەستی ڕێککەوتن لە سەر بنەماکانی هاوپەیمانەتی و ساغبوونەوە لە سەر جێگرەوەی کۆماری ئیسلامی، هەم لە ڕووی چەندایەتییەوە، هەم لە ڕووی بەرەوپێشچوونەوە، پێشکەوتنیان بە خۆیانەوە دیوە. لە نێوخۆی وڵات، ئەو دەنگانەی دەڵێن لە چوارچێوەی ئەو ڕێژیمەدا، هیچ شانسێک بۆ وەدیهاتنی ویستە بنەڕەتییەکانی خەڵک نییە و پێویستە بەدوای دیتنەوەی چارەسەر لە دەرەوەی ئەو ڕێژیمەدا بگەڕێین، ڕاشکاوتر بوون. ئۆپۆزیسیۆنی دەرەوەی وڵاتیش ناڕەزایەتیی نێوخۆیی، داماویی ڕێژیم لە چارەسەری قەیرانەکان و گوشاری دەرەکی بۆ سەر ئەو ڕێژیمەی بە دەرفەت زانیوە کە هەستیارانەتر لە پێشوو بکەوێتە خۆ بۆ ئەوەی ڕۆڵێکی کاریگەری لە هاندان و ڕێبەریکردنی ناڕەزایەتیی خەڵک بە دژی کۆماری ئیسلامی لەم قۆناغە چارەنووسسازەدا هەبێ. ناوکەی سەرەکیی دەسەڵات لە کۆماری ئیسلامیی ئێراندا، نە لە توانای دایە چارەسەر بۆ ئەم قەیرانانە بدۆزێتەوە، نە ئامادەیی ئەوەی هەیە بە شێوەیەکی هێمنانە دەسەڵات ڕادەستی نوێنەرانی ڕاستەقینەی خەڵک بکا. لە ڕاستیدا لە بەر پێشینەی پڕ لە تاوان و گەندەڵیی خۆیان و لە ئەستۆبوونی بەرپرسایەتیی چوار دەیە بەڕێوەبردنی وڵات بەم شێوە ڕەشە، وەک هەمیشە، لە ڕووبەڕووبوونەوەی خەڵکدا، یەک ڕێگا لە بەردەم خۆیان دەبینن: سەرکوتی ناڕەزایەتییەکان و لە نێوبردنی فیزیکیی ڕێبەران، ڕێکخەران و سیماکانی خەباتی ئازادیخوازی لە نێوخۆ و دەرەوەی وڵات. دیارە ئەو ڕێژیمە دەتوانێ بە هاسانی ژمارەیەکی کەم یا زۆر لە نەیارانی سیاسیی خۆی لە نێوخۆ یا لە دەرەوەی وڵات بە تێرۆر و کوشتنی گوماناوی لە نێو ببا، بەڵام ئەوەی کە گومانی تێدا نییە ئەوەیە کە ئەمجار بە هاسانی بەرۆکی خۆی و چارەنووسی خۆی لەم قۆناغە لە ناڕەزایەتی و بێزاریی خەڵک بۆ ڕزگار نابێ.




ئەو شوێنانەی دەستی تیرۆری کۆماری ئیسلامیی گەیوەتێ

## حیزبی دێموکراتی کوردستان ئیدیعاکانی سپای پاسدارانی ڕەت کردەوە



لە تازەترین هەوڵ و پڕۆپاگەندای سپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامیی ئێران بەدژی حیزبی دێموکرات کە ڕایگەیاندوە لە ئاکامی مووشەکبارانی قەڵای دێموکرات لە ١٧ی خەرمانانی ئەمساڵدا، دوو «مەئمووری ئیسراییلی و عەرەبستانی»ش کوژراون، حیزبی دێموکراتی کوردستان ئەو ئیدیعایەی وەدرۆ خستەوە. دوکتور ئاسۆ حەسەنزادە، جێگری سکرتێری گشتیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و وتەبێژی دەفتەری سیاسیی ئەو حیزبە لەو پێوەندییەدا ڕوو بە میدیا بیانییەکان گوتی؛ ئیدیعای سوپای پاسداران کە دەڵێ «مەئمورەکانی ئیسڕاییل و عەڕەبستان لە مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا کوژراون»، بەتەواوی گاڵتەجاڕانەیە. ئەوە لە درێژەی پڕۆپاگەندەکانی ئێرانە کە دەیهەوێ بە درۆ و چەواشەکاری، حیزبە کوردییەکانی ئێران بەو وڵاتانەی لەگەڵ ڕێژیمدا کێشەیان هەیە ببەستێتەوە. ئێمە ڕاشکاوانە ئەم تۆمەتە ڕەت دەکەینەوە. ناو و زانیاریی ورد لەسەر شازدە شەهیدەکەی مووشەکبارانەکە بۆ هەموو کەس و لایەنێک ئاشکرایە و ئەو شەهیدانە، کوردی ئێرانی و ئەندامی حیزبەکەمان بوون. وتەبێژی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە درێژەدا ڕایگەیاند ڕێژیمی تاران زۆرباش دەزانێ کە کەس بڕوا بەم جۆرە تۆمەتانە ناکا، بەڵام ئەوە ڕێگایەکە بۆ ئەوان بۆ وڵامدانەوە بە قسەی کاربەدەستانی ئەمریکا لە مەڕ دەستێوەردانی ئێران لە ناوچە و بەئەنقەست دنەدنی فەزای گرژی لە نێوان کۆماری ئیسلامی و هێندێک لە وڵاتانی ناوچە. هەروەها ئەوە ڕێگایەکە بۆ دنەدانی هەستی ئەو ئێرانیانەی کە مانەوەی ئەم ڕێژیمە بەسەر دابەشبوونی ئێراندا تەرجیح دەدەن، دابەشبوونێک کە بەپێی پڕۆپاگەندای کۆماری ئیسلامی پیلانی ئەمریکا و ڕکەبەرە ناوچەییەکانی کۆماری ئیسلامییە.

## چەند دیدارێکی بەشی پێوەندییە نێونەتەوەییەکانی کۆمیتەی سویدی حیزب




بەرپرسی بەشی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی کومیتەی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە وڵاتی سوید، ڕۆژی دووشەممە، ١٩ی نۆڤامبر لەگەڵ خاتوو شێرستین لوندگرێن، نوێنەری بەشی کاروباری دەروەی حیزبی سەنتەر کۆبۆوە. کاک ئارێز ڕەمەزانی،ڕۆژی پێنجشەممە، ١٥ی نۆڤامبریش دیدار و چاوپێکەوتنێکی لەگەڵ هانس ڕۆتێنبێری لە حیزبی مۆدێراتەکان لە پارلەمانی ئەو وڵاتە کردبوو. بەرپرسی پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستان لە سوید هەر لەم حەوتوویەدا چاوی بە «ئاننا سوندسترۆم»، بەرپرسی ناوەندی نێونەتەوەیی ئولۆف پاڵمە و ساننا ئێلیاسسۆن“ بەرپرسی کاروباری سەنتەری پاڵمە و بەڕێز ساننا ئێلیاسسۆن“ بەرپرسی کاروباری سەنتەری پاڵمە بۆ ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست کەوت. ڕۆژی چوارشەممە، ٧ی نۆڤامبریش ئارێز ڕەمەزانی، سەردانی پارلەمانی سویدی کرد و لەگەڵ ئەندامانی پارلەمانی ئەو وڵاتە لە سەر لیستی “ پارتی سویدییە دێموکراتەکان “ دیداری کرد و لەگەڵ «مارکوس ویچێل»، «سارا سێپێلە» و «لارش ئاندرسۆن» کۆبۆوە. پێدانی زانیاریی زیاتر لە سەر مووشەکبارانی بارەگای حیزبی دیموکراتی کوردستان و قەڵای دێموکرات، باس کە ڕەفتاری دژی گەلییانەی ئەو ڕێژیمە دەرحەق بە چین و توێژەکانی خەڵکی کوردستان و کوشتاری کۆڵبەرانی کورد، لەو باسانە بوون کە لە لایەن کاک ئارێزەوە قسەیان لە سەر کرا. تەوەرێکی دیکەی باسی نێوانیان، پێوەندیی وڵاتان بە تایبەتی وڵاتی سوئێد لە بوارەکانی جیاوازدا لەگەڵ ڕێژیمی ئێران بوو، کە لەو بەشەشدا نوێنەری حیزب پێداگریی لەسەر ئەوە کرد کە کار بکرێ بۆ کزکردن و پساندنی ئەو هاوکارییە بازرگانییانە لەگەڵ ئێران کە دەبێتە هۆی مانەوە و کوشتن و زیندانیکردنی گەلانی ئێران بە گشتی و گەلی کورد بە تایبەتی.

# پرسۆکی

سام پارسان

سالانێکە، بەتایبەت لە سەرەتای ئۆلی وەچەی مرۆڤ، نازناوی وەک مرۆڤی گەورە (ئەشرەف)ی خولقاوان و بوونەوەری بیرمەند، وشیار و قسەکەر و... بە مرۆڤەکان دەبەخشن. بەڵام کاتێ دەڕوانینە دونیای دەرەوە و بەتایبەت ڕابردووی مرۆڤ دەبینین، تارمایی، تاریکی و نەزانین و زوڵم؛ بەشی هەرەزۆری ئەو مێژووەی پێک هێناوە و ئەوە کە کەمتر سەرنجی درابێتێ ڕەسەنایەتیی بنیام و گرینگیدان بە ماف و ئازادییەکانی بووە، پێگەی ئینسان بەردەوام لەژێر نیسێی خواوەندی زێڕ و زۆردار و فرت و فێڵ و درۆ لە هەڕەشە و مەترسی دابووە و بەشێوازی جۆراوجۆر وەک دیل و یەخسیر کەڵکی نابەجێی لێ وەرگیراوە کە ئا لەم پێ ڕێیەدا لە هەموو جۆرە توندوتیژی و چەختی گەرییەک کەڵک وەرگیراوە، بە جۆرێک کە مرۆڤایەتی بە کردەوە نرخی وەک کاڵا و تشت دابەزیوە و مامەڵەی پێوە کراوە.

بە سەرهەڵدانی چاخی ڕەوشەنگەری؛ پێناسەیەکی سەربەخۆ و نوێ لە مرۆڤ، بووە خۆرە و مێشکی خەڵکی تەنی، لەمەوبەدوا بەشەر نۆکەری ئاغای بەهێز و زاڵم و خوایانی سەرەرۆ نەبوو، ئەمجارە خاوەنی مافی خۆی و ئەوەی کە شیاوی بوو، بەتایبەت لە ئایینەکاندا دانی پێدانرا، ئاکامی ئەمە سەرهەڵدانی بیری خەڵکسالاری و بەشداری لە دیاریکردنی مافی چارەی خۆنووسین و ئازادییەکانیان بوون، کەم و زۆر لە گۆشە و کەناری جیهان یا کاری پێ دەکرێ یان بۆتە بانگەشە و ئەم بیرۆکەیەش ناچەسپێ مەگین بە دەستپێکی پرسۆکی و وروژاندنی پرسیارگەلی جۆراوجۆر نەبێ.

بەداخەوە دەگەڵ ئەوەیکە چەند سەدە لە سەرهەڵدانی چاخی ڕەوشەنگەری تێ دەپەڕێ و زۆرێک لە زبروزووری و کاڵفامییەکان لە چوارقورنەی ئەم جیهانە بەرەو لەنێوچوون ڕۆیوە، لێ مەخابن ئێستاشی دەگەڵ بێ لەناو هەنێ لە مرۆڤەکانی وەک ئێمە و وڵاتانی جینارمان لە نێوان ئەوەی کە هەیە و ئەوەیکە دەبێ ببێ، مەودایەکی زۆر دەبینرێ، ئێستاش زۆرکەس هەن خۆیان دە نیزامی ئاغا و ڕەعیەتی وێنا دەکەن و بۆخۆیان و بۆ دەوروپشتیان مافی مرۆڤایەتی دانانێن، ئەمە لە کزبوونی ئاوەز نییە بەڵکوو لە نەبوونی یا کێمبوونی ئیرادە و غیرەتە. پاڵەوانی نەک بە مانای بازوو و باهۆ بەڵکوو لە جسنی دانپێدانان بە نەفامی و نەزانی، بە لەونی گوتنەوەی قسەی حەق و پرسیار کردن. پرسیارێک کە وڵامەکانیان هاسان و جۆراوجۆرە و گەشتن بە وڵامەکان بە ڕواڵەت ئاسایی، بەڵام ئیرادەی پۆڵایینی دەوێ، ئەو کات مرۆڤەکان خۆی لێ نەدزنەوە و لێی سارد نەبنەوە.

ئێمە بمانەوێ و نەمانەوی بەشێک لە بیرۆکە و مافی دانپێدراو لە سەردەمی ڕووناکیدەریمان لە گەلانی تری جیهان بینیوە و هەستمان پێ کردووە بەڵام ئەوەی کە بەرپرسیارەتی ئەم مافەیە یا درکمان پێ نەکردووە و یا نەمانویستووە کە بیزانین. بێ بیرکردنەوە لەمەڕ ڕەگ و ڕیشەکان، هەوڵ دەدەین یا وەک خەڵکانی سەردەمانی زوو بجۆڵێینەوە کە ئەمە بەرهەمی کرداری دۆخی ئەوکات کە توندئاژۆیانە و ڕادیکاڵانەیە و زۆرتر بەکەیفی ئەربابەکانە بۆ پاساو هێناوەی سەرکوت کردنمان یا بە شێوازی چەند هەزار ساڵەی خۆمان کە بە جێگای داواکاری، داخوازیەکانمان لەو دەستەڵاتە پووچانە، زیز و زویر دەبین. ئەوەش دەزانین کە دەبێ دەگەڵ دۆست نزیک بین و لەتەک دوژمن نزیکتر، ڕێگە چارەی ئەمە تەنیا و تەنیا برەو دان بە «پرسۆکی»یە، پرسیار لە خۆمان لە دۆستان و گرینگتر لە هەموان پرسیار لە، لار_بیران(کاڵفامەکان).

بە شێوەیەکی گشتی دوو جۆر پرسیارمان هەن.

پرسیار لەبۆ دەربازبوون لە نەفامی و نەزانین کە ئازادیی بیر و هزر بەرهەم دەهێنێ و پرسیارێک کە مرۆڤ ناچار بکا بەبێ کەڵکوەرگرتن یا چاولێکەری و پشتبەستن بە هێزی زانستی خۆی بەبێ ترس و دڵەڕاوکە لە ناوی گەورەکان کە ڕەنگبێ ڕێگای هەڵەیان پێوابێ، ڕێگای خۆی بدۆزێتەوە. ئەم پرسۆکییە ئەرکی ئێمەیە لە هەر کەسێکی بکەین، تەنانەت ئەگە پێمان وابێ ئەو کەسە زۆر نەفامە، چونکە زانینی باوەری کاڵفامانیش دەتوانێ یارمەتیمان پێ بدا و لە نەزانین و گەوجێتی دەرمان بخا.

هەتا ئەم پرسۆکییە نەبێ هیچ هیوایەک نییە کە مرۆڤ لە داوی ئەو هەمووە بیرۆکە ڕووخێنەرانە ڕەها بێ تەنانەت ئەگە بە زوبان؛ نەزەر و بیرۆکەی ڕووناکبیرانی لەبەر بێ، بە دڵ هەستی پێناکا و هەتا ئاوەز ئازاد نەبێ هیوایەک بەدی ناکرێ. هەتا بیرێکی ئازادمان نەبێ چۆن دەتوانین بەدوای بەرابەری و ڕاستیدا بگەڕێین بۆ بەختەوەری و خۆشبەختی تێ بکۆشین؟

هەر بۆیە با، بە پرسیار بین و ئەوەی تریش هان بدەین بەڵکوو نەفامی و نەزانین لێمان بتۆرێ، هەتا گەوجێتی هەبێ، مەزلوومیش هەیە، با بزانین و وشیار بین کە هۆکاری مەزلومیەت لە نەزانینە و بە هیچ شێوەیەک هێمای پێخوستی ماف نییە، بەڵکوو ڕێک خودی زوڵمە، چوونکە ئەوە نەزانەکانن کە زاڵم دەخوڵقێنن و ئەگە وشیار و وشت بین کەس ناتوانێ زوڵممان لێ بکا.

بەشێکی تر لە پرسۆکی کە دڵی نەفامان دێشێنێت ئەوەیە، وشەیەکی حەقە کە زۆر سادە و ڕەوان بەدوور لە هەرجۆرە ئیهانە و تانە تەشەرێکە، بەوانەی کە مافی ئەوەیتریان زەوت کردووە، دەگوترێ. ئەم پرسۆکییە ئەگە بە جوانی و دلێری و ڕاوەستاوی دووپاتە ببێتەوە _بە تایبەت بە کۆمەڵ_ لە هەر چەک و چۆڵێک بۆ داماڵینی کاڵفامان بەهێزترە. کاڵفامەکان ڕاوێژی چەت و تاڵیان پێخۆشترە ئەوان زمانی زبروزووریان پێ باشترە، چوونکە ئەم شێوازە چاکتر دەزانن، ئەوە بە مانای ئەوە نییە کە نابێ هیچ کات بەو زمانە بدوێی، گاندی دەڵێ لە نێوان ترس و تووندوتیژی من توندوتیژی بە باشتر دەزانم.

هەڵبەت ئەم دەورانە زۆر تەوفیری هەیە دەگەڵ چاخی ڕابردوو، پێشتریش ئاماژەمان پێدا ئێمە نابێ تاکە ڕێگای پێشوو کە تاقی کراویتەوە بۆ ڕاوەستان هەڵبژێرینەوە، لەم چاخە بە هۆی پێشکەوتنی تێکنۆلۆژیا و ئامێری پێوەندی، گەشتنی پەیاممان بە گوێی یەکتر و تەنانەت کاڵفامەکان- گرینگ نییە لە وڵاتی ئێمەدابێ یا لە هەر شوێنەک- لەتەک هیچ دەورانێک لە دیرۆک هەڵناسەنگێردرێ، بۆیە با بەپرسیار بین و برەو بە پرسۆکی بدەین با نەزانەکان بە هۆی زۆربوونیان ناچار بە بەرسڤ بن.

کەوابوو لە هەنگاوی یەکەمدا با فێری پرسۆکی بین و بزانین و وشیار بین کە پرسۆکی ڕەگە، ڕەچەیە، بناخەیە، بنەمایە و ئەم نووسینەش بەراییەکی بۆ ئەو باسە، بە پرسیار بین و برەو بە پرسۆکی بدەین.

# ئێران و کوردستان
# لە ڕەوتی گۆڕانکارییەکانی ئێستادا

ئەگەر بمانەوێ ئاوڕێکی خێرا بە سەر ئێران و گۆڕانکارییەکانی لە دوو دەیەی ڕابردوودا بدەینەوە، بێشک دەبێ بنەمای ئەو ئاڵوگۆڕە بکەینە کۆتاییەکانی دەوڵەتی ڕەفسەنجانی و سەرهەڵدانی بیرۆکەیەک بە ناوی «نەوئەندیشیی دینی» لە حەوزەی ڕۆشنبیری دینی لە ئێرانی شیعەدا، ئەو بیرۆکەیەی کە لەسەر ئەو عەقڵانییەتە دامەزرابوو کە دەکرێ لە ئیسلامیشدا وەک مەسیحییەت جۆرێک چاکسازی و ڕیفۆرم بکرێ کە بتوانێ ئەگەری سازانی لەگەڵ واتا و چەمکە جۆراوجۆرەکانی دنیای مۆدێرن، وەک؛ مۆدێرنیتە، دێموکراسی، مافی مرۆڤ و حوکمڕانیی وڵامدەر زیاتر بێ و بتوانێ لە وەها دنیایەکدا کە ئەم چەمکانە وەک فەزیلەتێک هەن هەڵ بکا. دیارە شکڵگرتنی ئەم بیرۆکەیە بۆ ئەوەی بیهەوێ عەمەلی ببێ دەبوو بێتە نێو کۆمەڵگەوە و بۆ ئەو مەبەستەش دەبوو بێتە مەیدانی ململانێی سیاسییەوە، بە چەشنێک کە هەڵبژاردنی سەرۆککۆماری ساڵی ١٣٧٦بوو بە مەیدانی ململانێی ئەم عەقڵییەتە لەگەڵ بیرۆکەی ئیسلامی سیاسی بە خوێندنەوە نەریتخوازانەکەی. وەک بیندرا خاتەمی بوو بە سەرۆککۆمار و نوێنەری ئەم شێوە ڕوانینە بە نیسبەت ئیسلام و حوکمڕانی. دەوڵەتی نوێی ڕیفۆرمخواز دەستی کرد بە هێندێک گۆڕانکاری کە بۆخۆی دەکرێ بگوترێ بەرهەمی گۆڕانکارییەک بوو کە لە حەوزەی کۆمەڵایەتیی ئێراندا ڕووی دابوو. هێندێک واتای وەک کۆمەڵگەی مەدەنی، ئازادیی بەیان و پێکهێنانی ئەحزاب بوو بە ڕۆژەڤ و بەرنامەکانی خاتەمی توانی وێڕای ئەو گۆڕانکارییانەی کە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ڕووی دابوو، ڕەوتی گۆڕانکارییەکان خێراتر بکا. لە ڕاستیدا لە کۆتاییەکانی دەیەی هەشتادا کۆمەڵگەی ئێران کەمتر وەک دەیەی حەفتا و شەست دەچوو، و بەرنامە ئابوورییەکانی خاتەمی توانیبووی چینی مامناوەندی (طبقه متوسط)ی ئێران گەورەتر بکا، ئەو چینەی کە زۆرترین داواکاریی سیاسی بە نیسبەت دەسەڵاتەوە هەبوو. ئەگەرچی ڕەوتی ئیسلاحتەڵەبی توانی لە هەڵبژاردنەکانی مەجلیس لە ساڵی ٧٨یشدا سەر بکەوێ و تا ڕادەیەک پارلمانێکی حیزبی لە ئێراندا پێک بێت، بەڵام قەبارەی گۆڕانکارییەکانی شێوەی حوکمڕانی قەت بە ڕادەی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگە نەبوو. چون هەم وشیاریی کۆمەڵایەتی چوبووە سەرێ و هەم پێکهاتەی حەشیمەتی ئێران زۆری گۆڕان بەخۆوە دیتبوو. ڕێژەی خوێندکاران بە هۆی زیادبوونی زانکۆکان بە تایبەت زانکۆی ئازاد زۆر لە زیاد بووندا بوو و، چینی مامناوەندی بەهێزتر و گەورەتر ببوو و چینی کۆپینیی ئێران کە لە دوای دەستپێکی شەڕەوە بەشێکی بەرچاوی جەماوەری ئێرانی پێک دەهێنا کە زۆر لە چینەکانی دیکە لە ژێر نفووزی دەسەڵاتدا بوو، کەمی کردبوو. ئەم گۆڕانە چینایەتییە، ئاستی داواکارییەکانی کۆمەڵگەی ئێرانی گۆڕی، هەر بۆیەش دوای تەواوبوونی دەوڵەتی خاتەمی و بێهیوایی خەڵک لە ڕیفۆرم بە هۆی کەمی و بەرچاونەبوونی گۆڕانکارییەکان بە نیسبەت داواکارییەکان، لە هەڵبژاردنی ٨٤ی سەرۆککۆماریدا هێندە ڕێژەی بەشداری لە کۆی ئێراندا دابەزی کە ئەحمەدینژاد بە پێگەیەکی کەمی جەماوەرییەوە دەبێتە سەرۆککۆماری ئێران.

هاتنە سەرکاری ئەحمەدینژاد بوو بە هۆی چەند گۆڕانکاریی گەورە لە حەوزەی کۆمەڵایەتی و سیاسی ئێراندا:

١- بەرنامە ئابوورییەکان بە تایبەت لە خولی دووهەمی سەرۆککۆماری ئەودا چینی مامناوەندی چکۆلە و بێهێز و گۆشەنشین کرد، ئەو چینەی کە لە بەرامبەر ئەحمەدینژاد و بناژۆخوازەکاندا ڕاوەستابوو.

٢- سپای پاسداران و بەسیج کە ڕیفۆرم و بیرۆکەی ڕیفۆرمخوازییان بە مەترسی بۆ سەر هێژمۆنی ئوسولگەرایی دەزانی، خۆیان ڕێک خست و بوون بە باڵێکی بەهێزی مەیدانی سیاسیی ئێران.

٣- لە خولی دووهەمی سەرۆکۆمارییەکەی ئەحمەدنیژاددا حەوزەی سیاسی گەمەکارانی سیاسیی ئێرانی لە دوو کەرتەوە کرد بە سێ کەرت و مەیدانی ململانێی کۆمەڵایەتیش هەر بەم پێیە کەرتێکی پێ زیاد بوو.

ئاکامی ئەم سێ ڕووداوە لە حەوزەی سیاسیدا بوو بە هۆی ئەوەیکە لەو دەورەیەدا ئاستی داواکاریی خەڵک بێتە خوارێ و هێزی سەرکوتکەری دەسەڵات بەهێزتر بێ. ئەگەرچی چینی مامناوەندی کەوتبووە پەراوێزەوە، بەڵام لە هەڵبژاردنی ٨٨دا وێڕای ئەوەی نارازییانی هەمیشە تەحریمی، هاتنە سەر خەت و پاشان بزووتنەوەی سەوزی لێ کەوتەوە، بەڵام بە شێوەیەکی گشتی لەم دەورەیەدا فەزای سیاسی بەگشتی کپ و کۆمەڵگەی مەدەنی چکۆلە و ناهومێدییەکی کەموێنە بە سەر ئێراندا زاڵ بوو. دەنگهێنانەوەی ڕووحانی لە هەڵبژاردنی ٩٢دا بەرهەمی ئەو نارەزایەتییە گشتییە بوو کە لە ساڵەکانی ڕابردوودا شکڵی گرتبوو، هاوکات و لەوە گرینگتر بە هۆی هیوایەک بوو کە بەشێکی کۆمەڵانی خەڵکی ئێران بە ڕەوتی ڕیفۆرم مابوویان و پێیان وابوو لە ئەگەری هێنانەوەی کەسێک بە تایبەتمەندی ڕیفۆرمخوازییەوە دەتوانێ ئێران لەم قەیرانانەی کە تووشی بووە، ڕزگار بکات. لە دەوری یەکەمی سەرۆککۆماری ڕووحانیدا تا ڕادەیەک هێمنایەتی و سەقامگیری کەوتە کۆمەڵگە و ئابووری وڵاتەوە، هەر ئەوەش توانی ڕەزامەندییەکی نیسبی لە نێو خەڵکدا ساز بکا، لەوەش گرینگتر ئەوە بوو کە بە کرانەوەیەکی نیسبی فەزای سیاسی و کۆمەڵایەتیی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران گڕ و تینێکی نوێی گرت و چینی مامناوەندی متمانەی بە خۆ پەیدا کردەوە و وەک باسکی سەرەکیی ئەم کۆمەڵگە مەدەنییە لە گەشەیە؛ بوو بە بەشێکی هەرە گرینگ لە گەمەی سیاسی لە ئێراندا و توانی ببێتە ئامرازی فشار لە سەر لایەنە جۆراوجۆرەکانی دەسەڵات بە تایبەت دەزگای بەڕێوەبەری واتە دەوڵەت. ئەوە لە کاتێکدایە هەر لەم قۆناغەدا ئەگەر بەشی مووچەخۆری ئێران بەهۆی ڕاوەستانی ئاوسانی ئابووری لە بارودۆخێکی باشتردا بوو، بەڵام بازاڕی ئێران بە هۆی سیاسەتی ئینقبازیی دەوڵەتەوە چوبووە ڕکوود و بارودۆخێکی خراپی بە خۆوە دەبینی. هاتنەوەسەرکاری دەوڵەتی ڕووحانی و پاشان هاتنەدەرێی ترامپ لە بەرجام فەزای سیاسیی ئێرانی گۆڕی؛ خۆپێشاندانەکانی زستانی ٩٦ و پاشان بەهار و هاوینی ٩٧ بوو بە سەرەتای قۆناغێکی نوێ لە مەرزبەندیی کۆمەڵایەتیی ئێران کە نیشانەی گۆڕانکارییەکی مەزنی چینایەتی و کۆمەڵایەتییە لە ئێرانی ئەمڕۆدا:

١- کەوتنە گوشاری چینی مامناوەندی و چکۆلەبوونەوەی ئەم چینە بە هۆی گوشاری ئابووری.

٢- گەورەبوونی چینی هەژاری کۆمەڵگە و کەوتنە ژێر هێڵی هەژاریی بەشێکی زۆری کۆمەڵگە.

٣- گەورەبوون و بەهێزبوونی کۆمەڵگەی مەدەنیی ئێران بە هۆی نفووز و پەرەسەندنی فەزای مەجازی و گەشەی دامەزراوە مەدەنییەکان

٤- نزمبوونەوەی ئاستی متمانەی کۆمەڵانی خەڵک بە ڕەوتی ڕیفۆرم و کەوتنە مەترسی کۆمەڵایەتیی ئەم باڵەی کۆماری ئیسلامی.

٥- توندوتیژبوونی ئەدەبیاتی سیاسیی خەڵک بەرانبەر بە دەسەڵات و لێبڕاوتربوونی خەڵک لە درێژەدان بە نارەزایەتییەکانیان.

٦- گەورەبوونەوەی توێژی خوێندکار و پەیوەستبوونیان بە خێڵی بێکارانی وڵات، ئەو چینەی کە سێ داواکاریی بەرچاوی هەیە: کار وەک داواکاریی ئابووری، ئازادیی سیاسی و ئازادیی کۆمەڵایەتی.

٧- باوەڕبەخۆبوونی ژنان وەک توێژێکی گەورە و بەهێزی کۆمەڵگەی ئێران بە داواکاری مەزنەوە کە ڕاست لە بەرامبەر بنەماکانی ئیدئۆلۆژیی نیزامی سیاسیی ئێستای ئێرانە.

٨- قووڵبوونەوەی کەلێنی ئێتنیکی و نەتەوەیی بە هۆی گوشاری دامەزراوە ئەمنیەتییەکان لە سەر ئەو پێکهاتانە، پشتگوێخستنی داواکارییەکانیان لە لایەن دەزگای بەڕێوەبەری (دەوڵەت) و، لەویش گرینگتر بە هۆی زیادکردنی وشیاریی نەتەوەیی بە هۆی خوێندەوار بوونی ئەم پێکهاتانەی ئێران و زۆربوونی پێوەندییەکانیان لەگەڵ دنیای مۆدێرن و شارەزابوونی بەشێکی بەرچاوی خەڵکەکەیان بە نیسبەت مافەکانیانەوە.

ئەم گۆڕانکارییە مەزنانە لە کۆمەڵگەی ئێراندا ئێستا لە ئارا دایە و دیارە دەتوانێ زەمینە و هەوێنی گۆڕانکاری زۆر مەزن لە گۆڕەپانی سیاسیی ئێراندا بێ. بەڵام ئەو پرسەی کە دەتوانێ گرینگترین بابەتی گۆڕانکارییەکانی ئێران بێ، شکڵگرتنی ئەم بیرۆکەیە لە زەینی تاکی ئێرانی کە پڕۆتێستانیزمی ئیسلامی و گۆڕانکاری لە دەزگای ئیدئۆلۆژیکی کۆماری ئیسلامی ئەگەر نامومکین نەبێ، لانیکەم لە ئاستی حکوومەتیدا نامومکینە و ناکرێ بیر لە کۆمارێکی ئیسلامی گۆڕاو لە سەر بنەمای «نەوئەندیشیی دینی»دا بکرێتەوە. ئەوە لە حاڵێکدایە ئەم بیرۆکەیە نەتەنیا لە زەینی جەماوەردا شکڵی گرتووە، بەڵکوو نوخبە و چالاکانی سیاسیی ڕیفۆرمخوازیشی گرتۆتەوە کە دەتوانێ ڕووداوێکی گرینگ بێ لە حەوزەی سیاسیی ئێراندا. ئەو بابەتە گرینگترین گۆڕانە لە ئاستی کۆمەڵایەتی و تەنانەت سیاسیشدا.

***

## کوردستان و گۆڕانکارییەکان

دیارە بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی کە ئێران لە قۆناغە جیاوازەکاندا بە خۆیەوە دیتووە، کوردستانیش تەئسیری لێ وەرگرتووە. لە سەردەمی دەوڵەتی ڕیفۆرمخوازیدا هێندێک گۆڕانکاریی هەرچەند کەمیش لە حەوزەی سیاسیدا ڕوویان دا. دوای شۆڕشی ١٣٥٧، کورد کەمترین متمانەی بە حکوومەتی ناوەند هەبوو، تێکەڵاویی کورد و نوخبەی کورد لەگەڵ دەسەڵات لە ئاستێکی نزمدا بوو، بەڵام دەوڵەتی ڕیفۆرم بە گۆڕینی نیسبیی گوتاری ناوەند، لانیکەم لە نێو بەشێک لە دەسەڵاتدا تا ڕادەیەک توانیی متمانەی بەشێک لە بژاردەکانی کورد وەدەست بێنێ و هێندێک ئیلیتی کورد ڕەکێشی چەند توێیەکی دەسەڵات و مودیرییەت بوون. ئەو گۆڕانکارییانە لە حەوزەی کۆمەڵایەتیدا زۆرتر بوون. بەهۆی چوونی زیاتری لاوان بۆ زانکۆکان ئاستی خوێندەواریی کورد چووە سەرێ، زانکۆکان بوونە مەکۆی ڕۆشنبیری و ناسیۆنالیزمی کوردی و نوخبە و چالاکی کورد لە دەوری هێندێک گۆڤار و بۆنەی کوردیدا کۆبوونەوە و شێوەیەک لە شوناسخوازیی کوردی سەری هەڵدا کە بە پێچەوانەی ساڵەکانی ڕابردوو نەیدەتوانی بێتە نێو گوتاری زاڵ و تەنانەت گوتارەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد لە دەرێ. ئەم وەرچەرخانە کۆمەڵایەتییە هەڵبەت بە مانای دژایەتی لەگەڵ ئەم گوتارە باوەی دەرێ (ئۆپۆزیسیۆن) نەبوو، بەڵکوو دژ کردەوەیەک بوو بە نیسبەت بێدەنگیی ئۆپۆزیسیۆن و چوونە سەرێی زانیاریی گشتیی کۆمەڵگەی کوردی کە بەو خوێندنەوەیە گەیشتبوون کە بێجگە لە گوتاری باو، دەکرێ بۆ گەیشتن بە مافی نەتەوایەتی بیر لە شێوەگەلی دیکەش بکرێتەوە. ڕیفۆرمخوازیی کوردی شێوازێکی دیکەی پێشنیار دەکرد، ئەگەرچی لە نێو نوخبەدا بە نیسبەت کۆمەڵگەوە پێگەی زیاتر بوو، بەڵام لە ئاکامدا نەریتێکی نوێی سیاسی و کۆمەڵایەتی لە کوردستان بە کاریگەری وەرگرتن لە ناوەند هاتە ئاراوە کە ئەگەر تا ئەو کات کورد یا لایەنگری دەسەڵات بوو _کە ڕێژەیەکی کەمی بوو_ یا دژبەری دەسەڵات بوو _کە ڕێژەی هەرە زۆری کۆمەڵگەی کوردی لەخۆوە دەگرت_ لەم قۆناغە بەولاوە ڕێژەیەکی نە زۆر کەمی کۆمەڵگەی کوردی کەوتنە ئەو نێوانەوە و پێیان وابوو ڕەنگە جۆرێکیتر بیرکردنەوە بتوانێ شتێک لە ماف و داواکارییەکانی کورد دەستەبەر بکا. ئەگەرچی هێندێک گۆڕانی ئەرێنی بە نیسبەت وەزعی کورد پێک هات، بەڵام ئەم بیرۆکەیە وردە وردە بە نەگەیشتنی کورد بە ویستەکانی، لاواز بوو و جەماوەر و نوخبەی لە سەردەمی ئەحمەدینژاددا ناهومێد کرد. دواتریش کە گەڕانەوەی جەریانی ڕیفۆرم لە چوارچێوەی دەوڵەتی ڕووحانیدا بەشداریی کوردی لە هەڵبژاردنەکاندا کە لە دەورەی ئەحمەدینژاد و کۆتایی خاتەمیدا هاتبووە خوارێ، بردە سەرێ.

لەژێر توێی کۆمەڵی کوردەواریدا گۆڕانکاریی زۆر مەزن لە ساڵانی ڕابردووەوە تا ئێستای پاییزی ٩٧ لە ئارادا بووە و هەیە کە بە شێوەیەکی گشتی خەریکە ڕوخساری کوردستان دەگۆڕێ، بەشێکی ئەم گۆڕانە دەگەڕێتەوە بۆ بەرزبوونەوەی ئاستی خوێندەواریی خەڵک، پێوەندی بەردەوامی ئەم جەماوەرە بە دنیای دەرەوە و تەئسیر وەرگرتن لە میدیا و فەزای مەجازی.

دیارە گەڕانەوەی گەمارۆکان بۆ سەر ئێران و جێبەجێنەبوونی بەڵێنەکانی ڕووحانی بە نیسبەت کورد کە لە بەیاننامەی «مافی کەمەنەتەوە و مەزهەبییەکان»دا دانی پێدا داندرابوو، کوردی بە شێوەیەکی گشتی لە ڕووحانی و ڕیفۆرم و چاکسازی لە ئێراندا ناهومێد کردووە.

بە شێوەیەکی گشتی دەتوانین بڵێین ئەم گۆڕانکارییانە لە کۆمەڵگەی کوردیدا ڕووی داوە:

١- ئاستی خوێندەواری لە کوردستان زۆر چۆتە سەرێ، بە جۆرێک کە کەم ماڵی کورد هەیە لیسانس و زیاتر یا خوێندکاری زانکۆی نەبێ.

٢- کوردستانی موکریان و ئەردەڵان قۆناغی شوناسخوازانەی تێپەڕکردووە و کورد لە قۆناغی داواخوازیدا بەسەر دەبا، ئەوە لە حاڵێکدایە کە کرماشان و ئیلام ئێستا لە قۆناغی شوناسخوازانەدا بەسەر دەبەن.

٣- کۆمەڵگەی مەدەنیی کوردستان لە قۆناغێکی بەهێز و هەستیاردا بە سەر دەبا، بۆیە هەستیار، چون ساوایە و پێگەیەکی (شکێنەر)ی هەیە کە ئەو مەترسییە، دەگەڕێتەوە بۆ نەبوونی لاوازیی ئابووری و گوشاری ئەمنیەتیی حکوومەت.

٤- کوردستان بە هۆی گەشە و پەرەسەندنی کۆمەڵگەی مەدەنییەوە ئامادەی خۆڕێکخستنە.

٥- چەپ لە کوردستان پێگەی دابەزیوە و ئەو بەشە لە نوخبەی کورد کە مەیلی چەپگەرایانەی هەبوو، ئێستا لە ژێر کاریگەریی گوتاری زاڵی جیهانی واتە لیبێرالیزم و واتاکانی دێموکراسی و مافی مرۆڤ دایە.

٦- ئەوەیتری کورد لە موکریان لە نەتەوەی باڵا دەستەوە بۆ ناسیۆنالیزمی توندڕەوی تورک گۆڕانی بەسەردا هاتووە. بە واتایەکی دیکە بە دوو هۆکاری؛ پیلانگێڕیی ئەمنیەتیی و نیزامی سیاسی لە تاران و هاندانی دەوڵەتانی دراوسێ، ڕەگێک لە ناسیۆنالیزمی توندڕەوی دژبەری کورد لە پارێزگاکانی دراوسێی کوردستان و بەشێک لە شارەکانی کوردستان کە تێکەڵاوی تورک و کوردی هەیە، سەری هەڵداوە.

٧- چەندکەرتبوونی کۆمەڵگەی کوردستان (نێوخۆ) لە ژێر کارتێکەریی لێکترازان و ناتەبایی نێوان حیزبە سیاسییەکانی دەرەوەی وڵات.

٨- پەرەسەندنی بێمتمانەیی کۆمەڵگەی کوردستان و نوخبەی کورد بە نیزامی سیاسیی ئێستای ئێران و بەرەی ئۆپۆزیسیۆنی سەرانسەری لە دەرەوەی وڵات.

ئەم گۆڕانکارییانە دەتوانن ببنە بەستێنی هێندێک ڕووداو یا ئەوەیکە ڕووداوەکان بەرەو ئاقارێکی تایبەت بەرن. بۆیە پێویستە حیزبەکان پێکەوە لە سەر بنەمای زەرووڕەتی یەکیەتیی نێوانیان لە سەر ئەو بنەمایە پلان و بەرنامەی تایبەت بۆ هەنگاوەکانی دوایی هەڵبگرن.

***

کوردستان
• ژمارە: ٧٣٨
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ _ ٢١ی نوامبری ٢٠١٨



عومەر باڵەکی

# بەرگریی ڕەوا
# وەک ماف لە بەرامبەر سەرکوت و توانەوەدا

## (لە پەراوێزی وتووێژەکەی باڵوێزی ئێران لە عێراق لە تەلەڤیزیۆنی «ڕووداو»دا)





چەند شەو لەوە پێش لە بەرنامەی «ڕووداوی ئەمڕۆ» لە تەلەڤیزیۆنی «ڕووداو»دا چاوپێکەوتنێک لەگەڵ باڵوێزی کۆماری ئیسلامیی ئێران لە عێراق کرا کە، باس لە پێوەندی جۆری هەڵسوکەوتی کۆماری ئیسلامی لە عێراق و هەرێمی کوردستاندا بوو. ئاغای مەسجدی، باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە عێراق لە تەواوی وتووێژەکەدا هەوڵی دا کۆماری ئیسلامی وەک دۆستی حکوومەت و خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستان نیشان بدا و هەموو دەستێوەردانێک لە کاروباری نێوخۆیی ئەو وڵاتەی ڕەت کردەوە و وای لێک دایەوە کە ئەوەی لە عێراق و هەرێمی کوردستان کردوویانە لە پێناو خزمەت بە بەرژەوەندییەکانی ئەم وڵاتە بووە.

ئەوەی کە نەخشی ئێران لە عێراق و هەرێمی کوردستان و بەرنامە و سیاسەتەکانی کۆماری ئیسلامی چەندە لە خزمەتی بەرژەوەندییەکانی خەڵکی عێراق و هەرێمی کوردستاندا بووە و چەندە هۆی ناسەقامگیریی ئەم وڵاتە، با وەڵامەکەی بۆ خەڵک و دەسەڵاتی سیاسی لە عێراق و هەرێمی کوردستان بەجێ بێڵین؛ بەڵام هەندێ قسەی جەنابی باڵوێز لە پێوەندی لەگەڵ پرسی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و هەروەها سیاسەتی حیزبە کوردییەکانی ئێران جێگای تێڕامان و وەڵامدانەوەن.

ناوبراو کە دێتە سەر باسی حیزبەکانی هەرێمی کوردستان بە ئاشکرا و تەنانەت بە «لاتاو» باسی لە دۆستایەتیی نیزیکیان لەگەڵ کەسایەتییەکان و حیزبەکان لە هەرێمی کوردستان دەکا و، سەروبنی قسەی لەو پێوەندییەدا ئەوە بوو کە کۆماری ئیسلامی چ پێش ڕووخانی دەسەڵاتی سەدام حوسێن و چ دوای ڕووخانی ئەم دەوڵەتە، یار و پشتیوانی ئەم حیزبانە بوون و لە بواری ئاوەدانی و ئابووری و پێشکەوتنەوە هاوکاریی حکوومەتی هەرێمی کوردستانیان کردووە و وەها بەتەئکیدەوە باسی ئەو پیاوچاکییەی! خۆیانی دەکرد کە ئەننەهوو ئەوە کۆماری ئیسلامی نەبووە و نییە کە ماوەی نیزیک بە بیست ساڵە هەموو سنوورەکانی نێوان باشوور و ڕۆژهەڵاتی بە دانانی پایەگای گەورە و بچووک تەنیوە و بە جۆرێک هەرێمی کوردستانی ئابلۆقە داوە کە هەر دەڵێی سەردەمی شەڕی ئێران _ عێراقە، یان وەک بڵێی خەڵکی کوردستان هەڵوێستی دوژمنکارانەی کۆماری ئیسلامی لە شەڕی نێوخۆیی ڕا بگرە هەتا پرسی ڕێفراندۆمی سەربەخۆیی لە باشووریان بیر چووبێتەوە! یان ئەو کاتەی ڕێژیمەکەی جەنابیان بە تەراتێن لە باشووری کوردستان ئەو بەشە لە نیشتمانی کوردانیان کردبووە قەتڵگەی خەباتگێڕانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و لە نەوەدەکاندا (دەیەی ٧٠ی هەتاوی) سەدان چالاکیی سیاسیی کوردیان تێرۆر کرد و بەو کردەوە تێرۆریستییانە بە تەواوی ئەمنیەتی هەرێمی کوردستانیان خستبووە مەترسییەوە. هەروەها هەمووان و خەڵکی باشووری کوردستانیش پێچەوانەی ئیدیعاکانی جەنابی باڵوێز باش دەزانن کە هەر ئەو دەوڵەتە قانوونمەندەی جەنابیان چەندین جار سنووری نێودەوڵەتی خۆیان لەگەڵ ئەم وڵات و هەرێمە بەزاندووە و لە ڕێگەی ئاسمان و وشکاییەوە بە بۆمباران و مووشەکباران و هێنانی هێزی چەکدار بۆ سەر بنکە و بارەگاکانی حیزبی دێموکرات سەروەرییەکانی هەرێمی کوردستانیان پێشێل کردووە و زیانیان بە بەرژەوەندییەکانی دەسەڵات و خەڵکی ئەم هەرێمە گەیاندووە.

جەنابی باڵوێزی کۆماری ئیسلامی کە وا ڕووهەڵماڵاوانە باس لە دۆستایەتی دەوڵەتەکەی لەگەڵ حیزبەکان و حکوومەتی هەرێمی کوردستان دەکا، لە بیرخۆی بردووەتەوە کە چۆن دوای گشتپرسیی سەربەخۆیی لە هەرێمی کوردستان تەواوی سنوورە ئاسمانی و ویشکاییەکانی بە سەر هەرێمی کوردستاندا داخست و بە تەواوی ئابلۆقەی ئابووری و سیاسی خستە سەر ئەم هەرێمە و، تەنانەت ئامادەکاریی بۆ هێرشی نیزامی و بەزاندنی سنوورەکان و داگیرکردنی خاکی هەرێمی کوردستانیش کردبوو... ئەوانە و دەیان فەکتی دیکە بەڵگەن بۆ سەلماندنی ناڕاستیی قسەکانی جەنابی باڵوێز لەم دیمانەیە و لەم پێوەندییەدا.

بەڵام ئەوەی لێرەدا مەبەستی ئەو نووسینەیە، زیاتر ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتەیە کە جەنابی باڵوێز لە وەڵامی پرسیارێکدا لەبارەی ئۆپۆزیسیۆنی ڕێژیمەکەی، بەتایبەت حیزبی دێموکرات و مووشەکبارانی ئەم دواییانەی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان خستیە بەرباس. لە پێشدا جەنابی باڵوێز خۆی لە وەڵامی ئەسڵی پرسیارەکە لادا کە لە مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان لە شاری کۆیە لە باشووری کوردستان فڕۆکەی بێ فڕۆکەوان لە کەرکووکەوە هیدایەت کراوە بۆ کارئاسانی ئەم مووشەکبارانە؛ بەڵام باڵوێز لە وەڵامدا لە ڕوانگەی ڕێژیمەکەیەوە پێناسەی ئۆپۆزیسیۆن دەکا و دەڵێ ئەو لایەنانەی دەست بۆ چەک دەبەن و بە دژی دەوڵەت ڕادەوەستن ناتوانن ئۆپۆزیسیۆن بن، بەڵکوو ئەوانە دەچنە خانەی حیزبەکانی ڕووخێنەر و ئەو بە کۆماری ئیسلامی قبووڵ ناکرێ. لە حاڵێکدا ئەو باش دەزانێ کە هۆکاری ئەو هێرشانە تەنیا چەکهەڵگرتن و خەبات بۆ ڕووخانی کۆماری ئیسلامی نییە و ئەوان بە گرتن و ئێعدامی بەردەوامی چالاکانی مەدەنی کە لە بوارە جۆراوجۆرەکانی فەرهەنگی، هونەری، ژینگەپارێزی و... هەوڵی پاراستنی ڕەسەنایەتی کوردستان دەدەن، دڵڕەشی خۆیان لەگەڵ هەرکەس کە بۆ کورد کارێک بکا دەرخستوە. جگە لەوەش لێرەدا پێویست بوو ئەم پرسیارە لە جەنابی باڵوێز کرابا کە دەستبردنی حیزبی دێموکرات بۆ چەک لە بەرامبەر چیدا بووە؟ خۆ لە جێدا حیزبی دێموکراتی کوردستان دامەزران و تێکۆشانەکەی وەک حیزبێکی سیاسیی خەڵکی و مەدەنی بوو، بەڵام ئەوە ڕەوتی ڕووداوەکان بوو وایکرد بۆ پارێزگاری لە دەسکەوتەکانی لە بەرامبەر دوژمنکارییەکانی دەوڵەتی ناوەندیدا دەست بۆ چەک بەرێ. دوای ڕووخانی ڕێژیمی پاشایەتیش گەلی کورد و حیزبی دێموکراتی کوردستان چاوەڕوانی ڕۆژانی گەشیان دەکرد و ئومێدیان وابوو کە سەردەمی ئینکاری کورد تەواو بووە و، کوردیش دەتوانێ وەک هەموو گەلانی بەختەوەری سەر گۆی زەوی لە مافە سروشتی و سیاسییەکانی خۆی بەهرەمەند بێ، بەڵام جەنابی باڵوێز باش دەزانێ و خۆی لە گێلی دەدا کە هۆی ئەوەی حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەست بۆ چەک دەبەن چییە؟ کۆماری ئیسلامی لە تەواویەتی خۆیدا بوو و، لە نێو دامودەزگای کۆماری ئیسلامیشدا کەسانی وەک ئەم جەنابە کە ئێستا وەک دیپلۆماتکار خۆی دەر دەخا کاریگەری ڕاستەوخۆیان بووە لە سەر ئەوەی کە حیزبەکانی کوردستان بۆ بەرگری لە خۆیان و خەڵکەکەیان تاو بدەنە چەک. فەرمانی جیهادی خومەینی لە ٢٨ی گەلاوێژی ساڵی ١٣٥٨، باشترین بەڵگەیە بۆ دژایەتی و دوژمنایەتی دەسەڵاتی کۆماری ئیسلامی لەگەڵ سەرجەم داوا ڕەواکانی گەلی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان. دەبوا باڵوێزی کۆماری ئیسلامی لە خۆی پرسیبا کە ئاخۆ ئێستاش دوای چل ساڵ لە سەرکوتی گەلی کوردستان و شەڕفرۆشتن بە حیزبی دێموکرات و حیزبەکانی دیکەی کوردستان دەسکەوتی کۆماری ئیسلامی چ بووە و توانیویەتی پێگەی خۆی لە کوردستان قایم بکا و پێگەی حیزبەکان و جووڵانەوەی کوردستان کە بۆ وەدستهێنانی مافەکانی خەبات دەکەن لاواز بکا؟ و ئایا بە مووشەکباران کردنی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان توانیویەتی ورەی خەباتگێڕانی دێموکرات لاواز بکا؟ بۆ وەڵامی ئەو پرسیارە پێویست بە خۆ ماندوو کردن ناکا تەنیا ئەوەند بەس بوو، لە جەنابی باڵوێز پرسیار بکرێ ئەی چۆن دەڕوانێتە مانگرتنی سەرانسەریی خەڵکی کوردستان لە ٢١ی خەرمانان کە وەک کاردانەوە بە مووشەکبارانی بنکەی دەفتەری سیاسیی حیزبی دێموکراتی کوردستان و لە سێدارەدانی سێ چالاکی مەدەنی لە کوردستان وەڕێ خرا؟ ئەگەر لەگەڵ خۆمان بە ئینساف بین دەبینین دوای چل ساڵ داسەپاندنی شەڕ و سەرکوتی بێبەزەییانەی خەڵک و ئێعدامی لاوانی کوردستان، ئەو مانگرتنە وەک ڕێفراندۆمێک بوو لە نێوان پێگەی حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پێگەی کۆماری ئیسلامی لە کوردستان و؛ ئەوەی لێی ڕووسوور هاتە دەرێ حیزبەکانی گۆڕەپانی خەبات بە دژی کۆماری ئیسلامی بوون و دۆڕاوەکەش ڕێژیمەکەی جەنابیان بوو.

خاڵێکی دیکە کە لەو وتووێژەدا پێویستە سەرنجی پێ بدرێ خۆشحاڵیی جەنابی باڵوێزە لەوە کە دوای هەڵبژاردنی ئەو دواییانەی هەرێمی کوردستان پارلمانی ئەو هەرێمە هەمە ڕەنگ و هەمە دەنگە و هەموو حیزبەکانی کوردستانی عێراق و پێکهاتەکانی ئەو هەرێمە نوێنەریان هەیە و ئەوە دەتوانێ یارمەتیدەر بێ بۆ پێشکەوتنی هەرێمی کوردستان لە بواری سیاسیی و ئابووریدا. بەڵام ئاغای باڵوێز کە ئەوەندە ڕازی و خۆشحاڵە لەو شێوە هەڵبژاردنەی پارلمانی هەرێمی کوردستان، ئەدی بۆ ماوەی چل ساڵە ئیزن نادەن هەڵبژاردنێکی ئازاد لە ئێرانەکەی خۆیاندا بکرێ تا ئەم پێشکەوتنەش بە نەسیب وڵاتەکەی خۆیشیان بێ؟ لێ جەنابی باڵوێز ئەو ڕاستییە دەزانێ کە هۆکاری ئەمەی تەرکیبی پارلمانی هەرێمی کوردستان بەم شێوەیە ڕێک خراوە سیستمی دێموکراسییە کە بە هەموو کەموکورتییەکەی لە ماوەی دامەزرانی هەرێمی کوردستانەوە لەو هەرێمە پێڕەو کراوە، بەڵام ئەمە لە ئێرانی سەرتاپا نادێموکراتیک بە قانوونی بنەڕەتیی ئەم ڕێژیمە نایەتە دی؛ هەر بۆیە ئەم قسانەی جەنابی باڵوێز تەنیا ڕووکەشێکە و دەرخەری ڕووی ڕاستەقینەی ناوبراو و نیازی دەسەڵاتدارانی کۆماری ئیسلامی نین دەرحەق بە دەسەڵاتی هەرێم و خەڵکی کوردستان.

لە کۆتاییدا پێویستە پێ لەسەر ئەوە دابگرینەوە ئەوی بوو بە هۆکاری ئەوەی کە حیزبەکانی کوردستان بەگشتی و حیزبی دیموکرات بەتایبەتی دەست بۆ چەک بەرن، نیزامی سیاسی، قانوون و سیاسەتە دوژمنکارانەکەی کۆماری ئیسلامی بووە دەرحەق بە خەڵکی کوردستان و ئەو حیزبانە و، ئەوەی نەیهێشتووە نانێکی ئاسوودە لە گەرووی خەڵکی کوردستان بڕواتە خوارێ هەر کۆماری ئیسلامی بووە؛ بەڵام بە خاترجەمی دەتوانین بڵێین کە دواڕۆژی گەش و سەرکەوتوانە ئی جووڵانەوەی مافخوازانەی خەڵکی کوردستانە و شکان و نەمانیش ئی کۆماری ئیسلامییە.

***

# ڕۆڵی جۆراوجۆرییە نەتەوەییەکان لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا



شەفیع ئاراستە

ناکۆکیی نەتەوکان لەسەر پرسی جۆراوجۆر لە وڵاتێکی فرەنەتەوەدا هەموو کات لە ژیانی سیاسیی دەوڵەتانی حاکمدا ڕۆڵ و کاریگەریی زۆریان بووە. لە ڕابردوودا دەست بەسەرداگرتنی وڵاتێک لەلایەن نەتەوە یا دەوڵەتێکی ترەوە یەکێک لە هۆکارەکانی درووستکردنی ستاتۆ بۆ نەتەوەی براوە و سەرکەوتوو بووە. لە مێژووی بۆچوونە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکاندا، ڕەسەنبوونی نەتەوەیەک بە سەر نەتەوەکانی ترەوە یەکێک لە ئەندێشە کۆنەکان بووە. هەر وەک چۆن ئەرەستۆ لێکدانەوەی بۆ دەکا و دەڵێ: هێندێک نەتەوە ئاغا و کوێخای هێندێک نەتەوەی دیکەن، یا لە ئالمان نووسەرانی ئاڵمانی دەڵێن نەتەوەی سامی لە بەرامبەر نەتەوەی ژێرمەن نەتەوەی دۆڕاون. ئەمڕۆ ئەم بۆچوونە لەلایان نەتەوەی فارس و عەرەب و تورکەوە لە بەرانبەر نەتەوەی کورد لە چوار بەشی کوردستان کە خاوەن خەڵک، جوغرافیا و شوناسی خۆیەتی و ڕابردووی دوور و درێژ و داهێنانی باش و جوانتری لە هەمووی ئەم نەتەوانە زیاترە، پەیرەو دەکرێ. دیارە بێشک ئەم بۆچونی بیرمەندانی ئالمانی و فاشیستەکانی تورک و عەرەب و فارس هەڵەن و لایەنگیری لە نەتەوەی خۆیان تێدایە، بۆیە دەکرێ بڵێین ئەو وێژمان و بۆچوونە دوورن لە لێکدانەوەی درووست و عەقلانی. هەڵبەت گرتنەبەری ئەم بۆچوونە ڕاسیستییە لە بەرامبەر نەتەوەی کورددا و سیاسەت پێکردنی سەرچاوەی زۆر ڕووداوی سیاسی و مێژوویی بووە و هەروەها بەردەوامی و نهادینەبوونی زۆر کیشە و ناکۆکیی نێوان نەتەوەکانی لێ کەوتووەتەوە. لە وڵاتانی فرە کولتوور و شوناسدا، داواکردنی مافی سرووشی و یاسایی نەتەوەی ژێردەست لە پێناو دەستەبەری ژیانێکی شایستەدا کە ئەم مافانە لەلایەن نەتەوەی باڵادەست و دەوڵەتی ناوەندی زەوت کراوە، دەبێتە هۆی سەرهەڵدانی ناکۆکیی سیاسی و یاسایی و دواجار کەوتنەوەی توندوتیژی لە نێو ئەم وڵاتەدا. ئەم ناڕەزایەتییانە بێتوو ڕێگای دەربڕینی مەدەنییانەی پێ درابێ، ئەوا لە ڕێگای یاسا و پارلمانەوە بە شێوازێکی شارستانییانە هەوڵی دەستەبەرکردنی دراوە. بەڵام بە پێچەوانە ئەگەر نیزامە سیاسییەکە وەک ئێران نادێموکراتیک بووبێ، ئەوا نەتەوەکان هەموو شێوازی خەبات و تێکۆشانیان گرتووەتە بەر، وەک خەباتی سیاسی، مەدەنی و چەکداری و ... لە چاخی ئێستادا و دوای دروستبوونی دەوڵەت_نەتەوەکان، وەبەر یەککەوتنی نەتەوەکان زۆرتر بووە، هەروەها پێ بەپێی گەشەکردنی کۆمەڵگە مرۆییەکان وریایی سیاسی و نەتەوەیی گەلانیش گەشەی باشی کردووە؛ بۆیە نەتەوەی سەردەست لە ترسی لە دەستنەدانی جێگەوپێگەی خۆی، پتر سیاسەتی سەرکوت و تواندنەوەی نەتەوە بندەستەکان دەدا. لە ڕوانگەی کۆمەڵناسیی سیاسییەوە باس و شرۆڤەی کەمایەتییە نەتەوەییەکان و پەیوەندیی ئەوان لەگەڵ سیستم جێگای بایەخی زۆرە. لەو دەربیجەیەوە باس لەوە دەکرێ کە لە وڵاتانی فرەنەتەوەدا هەستی ناسیۆنالیستیی هەر کام لە نەتەوەکان لە بەرامبەر یەکتری دەبێتە هۆی یەکگرتوویی نەتەوەیی و نیشتمانپەروەری، وە ئەگەر دەسەڵاتی سیاسی نەیهەوێ یان نەتوانێ بە هاوبەشکردنی گشتیی نەتەوەکان ئەم هەستیارییە نەتەوەییە مودیرییەت بکا؛ هەم شوینیزم سەر هەڵ دەدا و هەم ڕێگە بۆ پێکدادان خۆش دەکا. بێشک بەپێی ئاستی دیمۆکراتبوون و نادێموکراتیکبوونی دەسەڵاتی سیاسی لە وڵاتێکی فرەنەتەوەی فرەشووناسدا، هەستی نەتەوەیی و شێوەی تەعامولی کەمایەتی و جۆراوجۆرییەکان لە بەرامبەر دەسەڵاتی ناوەندیدا جیاوازیی هەیە، بۆیە چەندی و چۆنی مەیل و ئینتیمای ئەم کەمایەتی و جۆراوجۆرییانە بۆ دەسەڵاتی ناوەندی بەندە بەوەی کە لەکوێی پێکهاتەی سیاسیی وڵاتدا جێ دەگرن؟ شوناسی نەتەوەیی و بایەخە نیشتمانییەکانیان لە وڵاتدا بە چ شێوەیەک ڕەنگی داوەتەوە و ئایا حوکمەتی ناوەندی جۆراوجۆرییەکانی پێکهاتەی وڵاتی لە پێناو بەهێزکردنی یەکگرتووانەی وڵات و دەسەڵات بەکار هێناوە؛ یان لەڕێگەی دەسەڵات و هێزەوە کەوتووەتە بەرامبەر ماف و شوناسی داوای جۆراوجۆرییەکان؟ بۆ هەموومان ڕوون و ئاشکرایە کە تا ئێستاش پرسی کورد لە هیچ کام لە بەشەکانی کوردستان بە ئاکام و دواوێستگەی خۆی نەگەیشتووە کە یەکێک لە هۆکارەکانی بۆ هەر هەمان عەقڵییەتی دەسەڵات لە ناوەند دەگەڕێتەوە کە لەسەر بنەمای سڕینەوەی جیاوازییەکان، حاشاکردن لە واقعەکان و تواندنەوەی جۆراوجۆرییەکان خۆی پێناسە دەکا. لە بەرامبەر ئەوەشدا نەتەوەی کوردە کە لە هەموو بەشەکانی کوردستان خەباتێکی شێلگیرانە و شوناسخوازانەی کردووە و لەسەری بەردەوامە. ئەوەی لەو نێوەدا بەرهەستە پێکدادانی دوو عەقڵییەتە بە دوو ئاراستەی لێک جیاوازدا. کورد لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان لەگەڵ ئەوەدا بەپێی هەموو فاکتەرێکی نێونەتەوەیی بۆ پێناسەی «نەتەوە»، وەک زمان و خاک و مێژووی هاوبەش و هەروەها ئیرادە و ویستی هاوبەش نەتەوەیەکی تەواو سەربەخۆیە و بەو سەربەخۆیی و جیاوازییەی خۆشیان دەزانن؛ بەڵام دیسان خوازیاری چارەسەری ئاشتییانە و دێموکراتیکی پرسەکەیان لەگەڵ دەوڵەتی ناوەندی لەهەر کام لە بەشەکانی کوردستانن. سیاسەتی ڕەسمیی هەموو حیزبە سەرەکییەکانی کوردستان لە هەر کام لە بەشەکانی کوردستان دابینبوونی مافە نەتەوەیی، سیاسی، مەدەنی و کۆمەڵایەتییەکانی کورد لە چوارچێوەی ئەم وڵاتانە دایە کە بەسەریاندا دابەش کراون و دەیانەوێ هاوبەشییان لە سیاسەت و بەڕێوەبردن و ئیدارەکردنی وڵاتدا هەبێ. لە بەرامبەر ئەوەدا عەقڵییەتی حوکمەتە ناوەندییەکانی کە مانەوەی دەسەڵاتی داسەپاوی خۆیان تەنیا و تەنیا لە حاشاکردن و سڕینەی مافەکانی ئەوانیدا دەبینن. وەبەر یەککەوتنێک کە دواجار هەر لە بەرژەوەندیی نەتەوەکان دەشکێتەوە، چونکی هەم سەردەمی حاشاکردن و ئاسیمیلاسیۆنی نەتەوەکان بەسەر چووە و، هەم «کورد» وەک یەک لەو نەتەوانە کە ڕووبارێک خوێنی داوە ئامادەیە کۆڵ بدا و بەچۆکدا بێ.

## دیرۆکی خۆڕاگری

(لە دێکۆمێنتەکانی ئەنجوومەنی زیندانییە سیاسییەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان)

# ئازادبوونم لە زیندان


عومەر شاداب

لە دوابەشی گێڕانەوەی بەسەرهاتی گیرانمدا جارێکی دیکە بۆ باس لەسەر بابەتێک دەگەڕێمەوە زیندانە شاراوەکەی پادگانی «ولی عصر»ی تاران.

شەهید کەماڵ دەباغی و من و کوڕە موجاهیدەکە بووین، ژوورەکەمان هێندە گەرم بوو تەنیا شۆرتمان دەبەر دەکرد، سللولەکەمان دەوروبەری ٢ لە ١ بوو. ڕۆژێک دەربیچەی دەرگاکەمان کرایەوە. دیتمان سەرۆککۆماری ئەوکات عەلی خامنەیی و مووسەوی تەبریزی، داواکاری گشتی و چەند دەرەجەدارێکی بەرزی پۆلیسیان دەگەڵ بوو، وەژوور کەوتن. سڵاوی کرد و ڕووی کردە بەرپرسی زیندان و گوتی ئەوانە تاوانیان چییە؟ گوتی: ئەو کوڕە موناففە و ئەو دوویەی دیکەش سەر بە حیزبی دێموکراتن.

خامنەیی ڕووی کردە کوڕەکە و لێی پرسی: ڕۆڵە بۆ بوویەتە موناڧق؟ کوڕەکە لە وڵامدا دەنگی هەڵبڕی: «بەنام خداو بەنام خلق قهرمان ایران، من مجاهدم تو منافقی». خامنەیی ڕووی کردە کاک کەماڵ دەباغی و گوتی ئێوە بۆ بوونەتە دێموکرات؟

شەهید کەماڵ ئەوای وڵام دایەوە: «لەوەی مەپرسە بۆ بووینەتە دێموکرات، بەڵام جەنابت کە ئیددیعات هەیە زەمانی شای زیندانی بووی، ویژدانەن سللولی ئینفرادیی سەردەمی شا ئەوا بوو؟ ئەم ژوورەی ئێمە هێندە گەرمە تۆ ناتوانی سەعاتێک لەم ژوورە بمێنیتەوە. دیوێکی چووک و کپ و بێ پەنجەرەیە. ئەگەر ئیسلام ئەوەیە، بۆ من جێگای شانازیە کە کافر بم.»

خامنەیی دوای ئەو قسانە نێوچاوانی تێکنا و ڕووی لە داواکاری گشتی و بەرپرسی زیندان کرد و پێی گوتن: «رسیدگی کنید».

ئەو «ڕەسیدەگییە» ئاکامەکەی ئەوە بوو سللوولەکەیان گۆڕین، سللوولە نوێیەکەش هەر بە قەد ئەوەی پێشێ بوو، لوولە ئاوەگەرمەکەشی هەر هەبوو، بەڵام پەنجەرەی هەبوو و هەوای ئازادتری تێ دەگەڕا...

با بێمەوە زیندانی دەریای ورمێ و باسی تەشکیلاتی ڕێکخراوەکان. ڕێکخراوەکان بە تایبەتی حیزبی دێموکرات، کۆمەڵە و موجاهیدین تەشکیلاتی باشیان بۆ خۆیان دروووست کردبوو، ڕێژیم چەند کەسی فارسی بە ناوی موجاهیدین و کۆمۆنیست خزاندبووە نێو زیندانێ بۆ ئەوەی نفووز بکەنە نێو ڕیزی تەشکیلاتەکان. تا ئەندازەیەکیش سەرکەوتن و تەشکیلاتی موجاهیدینیان هەڵتەکاند. بەرپرسەکەی موجاهیدین کوڕێک بوو بە ناوی «جەمشید نیک ئەخلاق» کە پێم وابێ خەڵکی سەڵماس بوو. ئەمن نەمدیتبوو، بەڵام بەداخەوە ئیعدام کرا و بەڕێوەبەرانی تەشکیلاتی کۆمەڵەش گیران کە من کەسێکیانم دەناسی. (واتە جیران سللولم بوو. ڕەنگیم نەدیتبوو و، ئەگەر پاسدارەکان دیار نەبان دیوار بە دیوار قسەمان دەکرد). ناوی جەعفەر عیسمەتی و خەڵکی مهاباد بوو کە بەداخەوە ئیعدامیان کرد.

تەشکیلاتی حیزبی دێموکراتیش لە بەندیخانەی ورمێ بەڕێوەبەرەکانی ئەحمەد سادقپوور (سۆفی ئەحمەد) و من بووین کە نەکەوتینە ئەم داوەی ڕێژیم. دیارە نرخیشمان دا بۆ ئەم پاراستنە. هێندێک کەسی ئێمە کە پووڵیان کۆ کردبۆوە بۆ یارمەتیدان بە کەسانی بێ ملاقات و بۆ کڕینی باتری بۆ هەر دووک ڕادیۆکانمان، گیران و بردیان بۆ ئەشکەنجەخانەی ئیتلاعات. هەموویان باش خۆڕاگرییان کرد و سڵامەتیش دەرچوون.

**چۆنیەتیی ئازادبوونم**

کەمێک دەگەڕێمەوە دوایە بۆ تێگەیاندنی باشتری بابەتەکە. زۆربەی هەرە زۆری زیندانییەکان لە دادگای ورمێ بە سەرۆکایەتیی «حجةالاسلام ئیمانی» کە (دەیانگوت لە فیرقەی حوجەتییەیە). ماوەی کاتی دادگایی کردنەکان نەدەگەیشتنە ١٠ خولەک. ڕۆژێک خەبەرمان زانی هەیئەتێکی شووڕای عالی قەزایی دێ، بە سەرۆکایەتیی ئایەتوڵڵا موقتەدایی. ئێمەش بە هەلمان زانی و کاری باشمان بۆ کرد و نیزیک ٨٠٠ کەس شکایەتیان نووسی و دایان بە هەیئەت و چی وای پێ نەچوو ئاغای ئیمانییان گۆڕی و کەسێکیان هێنا بە ناوی حوجەتولئیسلام جەواهیری.

ئەو فەرقی زۆر بوو دەگەڵ ئیمانی، دەستی کرد بە دادگاییکردنەوە زۆر کەس و پەروەندەکانی وەگەڕ خستنەوە. یەک لەوان من بووم کە شکایەتم کردبوو. ئیمانی ٣ جار دادگایی کردبووم و بە هەر سێ جاران ١١ خولەکی نەگرتبوو. دادگاییکردنەوەم لە لای جەواهێری ٢ سەعاتی کێشا. لە کۆتایی دادگاییدا دوو پرسیاری لێ کردم یەکێکیان قەزایی بوو ئەوی دیکەش مەزهەبی. گوتی تۆ لە بەشی قەزایی حیزب بووی. ئەگەر مێگەلێک بکەوێتە زەویی گەنم چۆنت قەزاوەت کردووە؟ منیش گوتم سێ شارەزای جووتیار دێنین و ئەوان تەشیخیس دەدەن چەندی زەرەر بووە. گوتی دروووستە. ئەدی پێت وایە ئیمامی زەمان هەیە؟ گوتم هەرچی دەکەم ناتوانم قەناعەتم بێت. گوتی ئەگەر وابێ برۆ لە زیندانێ کتێب وەرگرە و لەم بابەتەوە بخوێنەوە. ماوەیەک پێ چوو نامەیەک لە دادگا ڕا هات و پێیان ڕاگەیاندم کە پێویستە ٤ ساڵیتر لە زیندان بی. (ئەوکات ٢٧ مانگ بوو لە زیندان بووم.)

ڕۆژێکی هەینیی بەهاری ١٣٦٦بوو. لە حەوشەی زیندان دەگەڵ کاک سۆفی ئەحمەد سادقپوور دانیشتبووین. پرسیارم بۆ دەردێنا. سەر و بەندی ئیمتیحانی پۆلی ٩ی بوو. بڵیندگۆ هەرای کرد: «عومەر شاداب شتومەکەت کۆکەوە و وەرە ژووری فەرمان». گوتم کاک سۆفی من ئەوە دەڕۆم لەوانەیە بمبەنەوە بۆ ئیتلاعات بۆ ئەشکەنجە و شتی وا. بە شێوەیەک هاوڕێیان تێبگەیەنە کە ئارخەیان بن هیچ شتێک نادرکێنم و ئەگەر هاتن و گوتیان عومەر ئەوانەی گوتوون بە هیچ شێوەیەک باوەڕ مەکەن. چوومە دەرێ، پاسدارێک گوتی: «مزگێنیم دەیە ئازاد بووی». گوتیان ئێرە ئیمزا بکە دەڕۆی. هەتا ئێوارێ لە قەرەنتینەیان کردم و پاشان بردیانمە دەرگای دەرێ و مۆرێکیان لە باسکم دا و دەرکەوتم. بە شەقاماندا دەڕۆیشتم و پێم وابوو خەونە. ئەوە ماڵێشمان نەیانزانیوە. لە ترمیناڵ کاک محەممەدی حاجی مەلا یۆنس بەرەو پیلم هات شتەکانی لێ وەرگرتم و کرێکەشی بۆ دام. گەیشتینەوە شنۆیە مام حەمەدەمین گوتی نایەڵم بڕۆیەوە و میوانی من دەبی لە ماڵی زاواکەم (حاجی قادر پشتیوان). گوتم زۆر باشە. باوکی شەهیدێک دیتمی هەرچەند قەولی دا بە ماڵیمان نەڵێ بەڵام شەوێ هەر گەیشتبۆوە درکاندبووی. باوکم گوتبووی پێرێ ملاقاتم کردووە و باسی نەکردووە! بۆ بەیانی بە دوامدا هاتن و چووینەوە ماڵێ. خەڵکێکی یەکجار زۆر لە دۆست و ناسیاوان ماوەی زیاتر لە دوو حەوتوان هاتنە سەردان.

کاک ئەحمەد سادقپوور لە ملاقاتێ بە باوکمی گوتبوو بە عومەر بڵێ بە هیچ شێوەیەک نەیەتەوە ورمێ، چون بەرپرسی زیندانێ لە سەفەرێ گەڕاوەتەوە و لە ئازادکرانی ناڕازییە و ئیعترازی داوەتە دادگا. وابوو کە چەند مانگ دوای من کاک سۆفی ئەحمەدیش ئازاد بوو. لە سەر داوای د. شەڕەفکەندی لە نێوخۆ دەستمان بە کاری تەشکیلاتیی حیزب کردەوە. هەردووکمان دەگەڵ هاوڕێیەکی تر دانیشتین و کۆمیتەیەکی حیزبیمان دامەزراند و دەستمان بە تێکۆشان کردەوە و زۆر زووش جوابی دایەوە تا دواتر ناچار بووین ساڵی ١٣٧٣ی هەتاوی بێینەوە ڕیزی تەشکیلاتی ئاشکرای حیزبەکەمان. هیوادارم لە دواڕۆژدا بە تەواوی ئەم داستانە پڕ ئازار و پڕ سەربەرزییە بە دوور و درێژی بنووسمەوە.

# دێموکراسیی تەوافوقی


حەسەن شێخانی



دەستەواژەی دێموکراسیی تەوافوقی لە دوو بەشی دێموکراسی و تەوافوق پێک هاتووە. ئەم دوو بەشە چ پێوەندییەکیان لەگەڵ یەکتر هەیە؟ ئایا دێموکراسی هەڵگر و لەخۆگری تەوافوقە یان تەوافوق دەبێ وەک چەمکێکی دەرەکی پێوەی زیاد بکرێ؟ ئایا دێموکراسی دەتوانێ لە دەرەوەی تەوافوق هەر هەبێ؟ ئەگەر دێموکراسی لەخۆگری تەوافوقە، چ پێویست دەکا ئێمە باس لە ئیدیۆمی دێموکراسیی تەوافوقی بکەین و ئایا تەنیا بەکاربردنی چەمکی دێموکراسی بەس نییە بۆ گەیاندنی مەبەست و گەیشتن بە ئامانج؟ مەبەست لە دێموکراسیی تەوافوقی چیە و چ جیاوازییەکی لەگەڵ دێموکراسی هەیە؟ ئایا لە دنیای تێکەڵاوی ئەمڕۆدا و، بەتایبەت لە وڵاتانی فرەپێکهاتەدا، بە دێموکراسیی سادەی بەتاڵ لە میکانیزمی تەواوکەر، دەتوانین بڵێین دێموکراسی؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە پێوەندییان بە مژاری ئەم وتارەوە هەیە.

لەم وتارەدا ئەم گریمانانەی خوارەوە باس و تەتەڵە دەکەین و دەیانسەلمێنین:

یەکەم؛ چەمکی دێموکراسی لەسەر بنەمای تەوافوق بینا کراوە و لەخۆگری تەوافوقە.

دووهەم؛ بۆ ئەوەی کە دێموکراسی لە وڵاتانی تێکەڵاو و چەندپێکهاتەییدا نەبێتە دێموکراسیی ژاکوبنی، پێویستە بازنەی تەوافوقی دێموکراسی بەرینتر بکەین و خاڵەکانی جێی تەوافوق زیاد بکەین و بە دێموکراسیی سادە، میکانیزمی نیهادیی تەواوکەر، وەک فێدڕالیزم پەیوەست بکەین.

سێهەم؛ لە دێموکراسیی تەوافوقیدا (لێرەدا مەبەست لە تەوافوق میکانیزمی تەواوکەری دێموکراسیی سادەیە، ئەگینا خودی دێموکراسی لەسەر بنەمای تەوافوق ڕۆ دەنرێ)، دێموکراسی بەستێن و پشتیوانی تەوافوقە و تەوافوقیش تەواوکەری دێموکراسییە؛ واتا ئەم دوو بەشە پێویستیان بە یەکتر هەیە و بەبێ یەکتر کەمایەسییان دەبێ و کارایی خۆیان لە دەست دەدەن و دەبنە فۆڕمێکی بێ نێوەرۆک و مارژینال. بە دەربڕینێکی دیکە لە وڵاتانی چەند پێکهاتەییدا دێموکراسی بەستێن و بەتایبەت پشتیوانی فێدڕالیزمە و فێدڕالیزمیش تەواوکەری دێموکراسی(ی سادە.)

دێموکراسی وەکوو زۆرێک لە چەمکەکان یان باشترە بڵێین وەکوو هەموو چەمکەکانی دیکە لە سەرەتای سەرهەڵدانییەوە تائێستا لەگەڵ ئاڵوگۆڕ لە نێوەرۆک و ڕووبەردا ڕووبەڕوو بووە و پێناسە و بازنەی لەخۆگریی، گۆڕانی بەسەردا هاتووە و گووڕاوە. ئەم فاکتۆرە بۆتە هۆی ئەوەی کە، ئەوەی ئەمڕۆ پێی دەڵێن دێموکراسی و دیفاعی لێ دەکرێ، تا ڕادەیەک جیاواز بێ لە جۆر و چەشنی سەرەتای سەرهەڵدانی. دێموکراسی لە بنەڕەتدا یان لە جەوهەری خۆیدا بریتییە لە پەیمان (تەوافوق)ێکی کۆمەڵایەتی بۆ باشتر بەڕێوەبردنی وڵات و دابینکردنی مافەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە. لەڕاستیدا دێموکراسی، تەوافوقی سووژەگەلی ئاگا و بەهێزە، کە بۆ ژیانێکی باشتر و پارێزراوبوونی مافەکانیان، لەنێوان خۆیاندا ڕێک دەکەون و گرێبەستێک واژۆ دەکەن؛ گرێبەستێک کە چۆنیەتیی ئیدارەی وڵات دەستنیشان دەکا و سنوورەکانی ئازادی و مافەکانی تاکەکانی جڤاک دەکێشێتەوە؛ بەچەشنێک کە ڕەوایی حکوومەت گرێ دەدرێ بە پابەندبوون بە چوارچێوە و نێوەرۆکی گرێبەستی گۆڕینەوە. کەواتە نەتەنیا دێموکراسی بەبێ تەوافوق بوونی نییە و مانای نییە، بەڵکوو بنەما و خاڵی دەستپێکی دێموکراسییە. بەم شیکردنەوەیە دێموکراسی چەشنێک تەوافوق (پەیمان و گرێبەست)ە، بە واتایەکی دیکە تەوافوق سروشتی دێموکراسییە و وا نییە کە ئێمە چەمکی تەوافوق، وەک چەمکێکی "عرضی" و دەرەکی و سەربەخۆ، پێوەی زیاد بکەین. دروستتر ئەوەیە بڵێین کە ئەم تەوافوقە هەموو بوون و پێویستییەکانی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆ داناپۆشێ و پێویستە بازنەی تەوافوق بەرینتر بکرێتەوە بۆ ئەوەی هەموو بیاڤەکانی ژیان و داخوازیی گرووپی و بەکۆمەڵی تاکەکانی کۆمەڵگەش بگرێتەوە.

کۆمەڵگەکان دوو جۆرن: تاکنەتەوەیی و فرەنەتەوەیی، یان باشترە بڵێین تاکپێکهاتەیی و فرەپێکهاتەیی؛ بۆ ئەوەی بێجگە لە فرەیی لە ئەتنیکدا، فرەیی ئایینی و ئایینزاییش بگرێتەوە. لە دنیای ئەمڕۆدا بەهۆی دیاردەی کۆچ و تێکەڵاویی نێوان مرۆڤ و ئەتنیکەکان، دێموکراسییەکان بەبێ میکانیزمگەلی نیهادیی دابینکەری مافی کەمایەتییەکان، قابیلی دیفاع نین و تەنانەت ناتوانین ناوی دێموکراسیشیان لێ بنێین. کەواتە بەم حسێبە دێموکراسیی سادەی گونجاو لەگەڵ کۆمەڵگەکانی وەک یەک و تاک پێکهاتەیی پێشوو، لەگەڵ پێویستی و چیەتیی کۆمەڵگە تێکەڵاوەکانی ئەمڕۆیی نایەتەوە و وەڵامدەری پێچەڵپێچی کۆمەڵگەکانی ئەمڕۆیی نییە.

بۆچی کۆمەڵگە فرەپێکهاتە و فرەنەتەوەییەکان بە دێموکراسیی سادە قەناعەت ناکەن و ڕێک دەکەون میکانیزمی دیکەی وەک فێدڕالیزم، پەیوەستی دێموکراسیی سادە بکەن؟ لەبنەڕەتدا ڕاز و فەلسەفەی فێدڕالیزم وەک میکانیزمێکی نیهادیی پەیوەستکراو بە دێموکراسیی سادە چییە؟ بۆچی سیستمە فێدڕالییەکان خاوەنی دوو مەجلیسی نوێنەران و مەجلیسی پێکهاتە و یەکە فێدڕالییەکانن؟ لەبەر ئەوەی کە ڕێک دەکەون کە لە پرسە گرینگ و بنەڕەتییەکاندا بە ڕێسای زۆرینە و کەمینە، بڕیار نەدەن. لەڕاستیدا پێکهاتەی دووەمجلیسیی سیستمە فێدڕالییەکان هەر دوو ڕەهەندیی حەشیمەتی و فرەچەشنی نەتەوەیی کۆمەڵگاکان دەگرێتەوە و وەڵامیان دەداتەوە. دێموکراسی بەبێ لیبرالیزم دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی تاکەکان و لە کۆمەڵگە فرەپێکهاتەکانیشدا بەبێ میکانیزمی فێدڕالی دەبێتە هۆی پێشێلکردنی مافی گرووپی و بەکۆمەڵی پێکهاتەکان. لە دنیای ئەمڕۆدا دێموکراسی لەسەر بنەمای مافی مرۆڤ و ئازادییە لیبراڵەکان و مافی بەکۆمەڵی پێکهاتەکانی کۆمەڵگە دادەمەزرێ. لە دنیای ئەمڕۆدا دێموکراسیی ڕۆسۆیی یان ژاکوبنی کە لەسەر بنەمای زۆرینە بینا دەکرێ نەتەنیا جێی قبووڵکردن نییە بەڵکوو بە سەرنجدان بە کۆمەڵگە تێکەڵاوەکانی ئەمڕۆ، ناتوانین دێموکراسیشی پێ بڵێین؛ دێموکراسییەک کە بۆ کۆمەڵگەیەکی سادەی تاکپێکهاتەیی و تاک نەتەوەییش گونجاو نییە، چ بگا بۆ سروشتی کۆمەڵگە فرەپێهکاتە و تێکەڵاوەکانی ئەمڕۆ. چونکە لە دێموکراسیی ڕۆسۆییدا ئیرادەی تاک لە "ئیرادەی گشتی"دا دەتوێنرێتەوە و بە ناوی ئیرادەی زۆرینەوە، ماف و ئازادییەکانی تاکەکانی کۆمەڵگە پێشێل دەکا و ڕەت دەکاتەوە. لە کۆمەڵگە فرە پێکهاتەکاندا دێموکراسیی سادە و بەبێ میکانیزمگەلی لە جۆری فێدڕالیزم، تەنیا مافی هاووڵاتیبوون دابین دەکا و دەبێتە هۆی زاڵبوون و هێژمۆنی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەی لە ڕووی حەشیمەتەوە زۆرینەی کۆمەڵگە پێک دێنن. بۆ ئەوەی لە کۆمەڵگە فرەپێکهاتەکاندا بێجگە لە مافی هاووڵاتی، مافی بەکۆمەڵی هەموو پێکهاتەکان، بە زۆرینە و کەمینە لە ڕووی حەشیمەتەوە، دابین بکرێ، فیلسووف و زانایانی سیاسی بیریان لە میکانیزمی تەواوکەری دێموکراسی لە وڵاتانی فرەپێکهاتەدا کردووەتەوە و لەبەر ئەوەیە کە سیستمە حکوومەتییەکان لە یوونیتێریەوە کراون بە سیستمگەلی ناناوەندێتی، کە فێدڕالیزم لەم چوارچێوەدا جێ دەگرێ. واتا ڕاستە دێموکراسی لەسەر بنەمای تەوافوقە، بەڵام لە وڵاتە فرەپێکهاتەکاندا لە ڕێگای دانانی میکانیزمی نیهادیی دیکەوە، خاڵەکانی تەوافوق زیاد دەکرێن، بۆ ئەوەی نەتەنیا مافی تاکەکان بەڵکوو مافی بەکۆمەڵی پێکهاتەکانیش دابین بکرێ و بپارێزرێ. ئەوەی ئەمڕۆ بە دێموکراسیی تەوافوقی پێناسە دەکرێ، هەمان دێموکراسییە کە بە لەبەرچاو گرتنی تایبەتمەندی و جۆراوجۆریی کۆمەڵگەیەک، میکانیزمێکی دیکەی لە چەشنی فێدڕالیزم پێوە زیاد یان پەیوەست دەکرێ. واتا فێدڕالیزم لەسەر بینای دێموکراسی یان لەگەڵ وی، دادەنرێ بۆ ئەوەی ئەو مافانەی لە نوقتەی کوێری دێموکراسیی سادەدا جێ دەگرن، ئەو میکانیزمە تیشکیان تێ بگرێ و لەبەرچاویان بگرێ. ڕازی میکانیزمی زیادکراوی فێدڕالیزم ئەوەیە کە لەم سیستمەدا مافی ئەو پێکهاتە نەتەوەییانەی لە ڕووی حەشیمەتەوە لە کەمایەتی دان، بە ڕا و ڕەزایەتیی زۆرینەوە گرێ نادرێن. لەبنەڕەتدا ئەو کەس یان لایەنانەی کە مافی پێهکاتە نەتەوەییەکان لە کۆمەڵگەی فرەنەتەوەدا بە ڕێسای زۆرینە و کەمینەوە گرێ دەدەن، مەبەستیان داننەنان بە مافی ئەو پێکهاتانەیە کە حەشیمەتیان کەمترە. بۆ ڕاپرسی لەسەر مافی هەر پێکهاتەیەکی نەتەوەیی تەنیا دەبێ پرس بە تاکەکانی ئەو پێکهاتەیە بکەی و "لاغیر". تەنزی سیاسییە کە بۆ ڕەواییدان بە مافی بۆ نموونە کوردەکان لە ئێراندا، پرس بە فارسەکان بکرێ!

دێموکراسی و تەوافوق لەسەر میکانیزمگەلێکی وەک فێدڕالیزم لە کۆمەڵگە فرەپێکهاتەکاندا، دوو ڕووی دراوێکن و پێویستییان بە یەکتر هەیە. بەبێ دێموکراسی، تەوافوق بەدەست نایە، ئەگەر بەدەستیش بێ، هەمیشە لەژێر مەترسی دایە و هەڕەشەی لەسەرە. بەبێ تەوافوقیش ئەوپەڕەکەی مافی شارۆمەندی دابین دەبێ. ئەزموونگەلی مێژوویی دەسەلمێنن کە میکانیزمگەلی نیهادی لە چەشنی فێدڕالیزم، لە نەبوونی دێموکراسیدا لە نێوەرۆک بەتاڵ دەبن. یەکیەتیی سۆڤییەتی پێشوو و یوگوسلاڤیای پێشوو نموونەی هەرە بەرجەستەن کە نیشان دەدەن فێدڕالیزم لە نەبوونی دێموکراسیدا دەبێتە سیستمێکی فۆڕمالیتە؛ ئەو دوو وڵاتە هەرچەند بە ڕواڵەت فێدڕالی بوون بەڵام چونکە دێموکراتیک نەبوون، نەتەوەی زاڵ لە چەقی سیاسەت و ئابووریی ئەو وڵاتانەدا جێی دەگرت و نەتەوەکانی دیکەش دەچەوسانەوە و ژێردەست بوون، هەر بۆیە کە دەرفەتیان بۆ ڕێ کەوت، ئاڵای سەربەخۆییان هەڵ دا و جیابوونەوە. هەڵوەشانی یەکیەتیی سۆڤیەت و یوگوسلاڤیای پێشوو و، سەربەخۆ بوونی کۆمارەکانی پێشووی یەکیەتیی سۆڤییەت و نەتەوەکانی باڵکان، نیشانی دا کە لە نەبوونی دێموکراسیدا، فێدڕالیزم و خودموختاری هەمیشە هەڕەشەیان لەسەرە و سەرکەوتوو نابن.

دێموکراسی نێوەرۆک و ڕۆنی چەرخ دەندەکانی فێدڕالیزمە و لە بەستێنی دێموکراسی دایە کە فێدڕالیزم جێبەجێ دەبێ و دەپارێزرێ. لە ڕاستیدا دێموکراسی ڕۆڵی ڕێگرێک دەبینێ کە ناهێڵێ ئەو پێکهاتە نەتەوەییەی زۆرینەیە و بەهێزترە، پرەنسیپە تەوافوقییەکانی فێدڕالی پێشێل بکا؛ لە غەیری ئەوەدا و لە نەبوونی بەستێن و پێکهاتەیەکی دێموکراتیکدا، نەتەوەی زۆرینە هەرکات دەرفەتی بۆ ڕێکەوت لەسەر حیسابی نەتەوەکانی دیکە، بازنەی ماف و بەرژەوەندییەکانی خۆی پەرە پێ دەدا.

کورتەی قسە ئەوەیە لە کۆمەڵگە فرەچەشنەکاندا، نە دێموکراسی و نە فێدڕالیزم، هیچ کامیان بەتەنیایی بەس نین و کارساز نین. هەرکامیان بەشێک لە مافەکان دەپارێزن: دێموکراسی مافی شارۆمەندی و تاکەکان و، فێدڕالیزمیش مافی بەکۆمەڵی پێکهاتەکان. ئەمەیە دێموکراسیی تەوافوقی، دێموکراسییەک کە تێیدا بازنەی تەوافوقی جەوهەریی دێموکراسی فراوانتر کراوە بۆ ئەوەی هەموو پێویستی و مافەکانی مرۆڤ لە خۆی بگرێ.

کوردستان
• ژمارە: ٧٣٨
٣٠ی خەزەڵوەری ١٣٩٧ _ ٢١ی نوامبری ٢٠١٨

# سەفیری شەڕ



شارۆخ حەسەنزادە

ئیرەج مەسجدی هەر وەک بۆخۆی گوتی بە خۆشییەوە کورد نییە، بەڵام بە حوکمی هاموشۆی زۆری کوردان و شەڕ دەگەڵیان هەم کوردی باش دەزانێ هەمیش جوگرافیای کوردستان چاک دەناسێ. ناوبراو لە دایکبووی ساڵی ١٣٣٦ی هەتاوییە، خەڵکی ئابادانە و خاوەنی سێ منداڵە، هەر لە تەمەنی لاوەتییەوە هاتووەتە نێو ڕیزی سپای تێرۆریستی پاسداران و تا ئێستا چەندین پۆست و بەرپرسیارەتیی گرینگی پێ ئەسپێردراوە. لە شەڕی ئێران و عێراق وەک فەرماندەی تایبەت چەندین جار هاتووچۆی عێراقی کردووە و دواتر وەک فەرماندەی قەرارگای ڕەمەزان (یەکەم قەرارگای دەرەوەی سنوورەکانی ئێران و لکی تێرۆریستیی سپای قودس بۆ کاروباری سیخوڕی، تێرۆریستی و ڕاهێنانی میلیشیا شیعەکانی عێراق وەک حەشدی شەعبی) هاوکاریی زۆری ئەو هێزانەی کردووە و دەگەڵ هادی عامری و ئەبوو مەهدی موهەندیس دۆستایەتییەکی پتەوی هەیە، ناوبراو پێش پۆستی لە سفارەت (کولانەی فیتنە)، ڕاوێژکاری قاسمی سولەیمانی بووە لە سپای قودس، دوای ٢٠٠٣ لە سەیتەرەیەکدا لەلایەن هاوپەیمانان دەگەڵ سەحراڕوودیی تێرۆریست دەگیرێن و دواتر بە واستەی دۆستە کوردەکانیان بەردەدرێن، مەسجدی هاوەڵزاوای پاستاڕی ناسراو محەممەدباقری زولقەدرە کە ئەویش یەکێکە لە فەرماندەرانی باڵای سپا. ئەمانە دەستیان بە خوێنی سەدان و بگرە هەزاران کەس لە خەڵکی ئێران و عێراق و تەنانەت ئەمریکییەکان سوورە. ئیرەج مەسجدی بۆ یەکەم جارە لە وتووێژێکدا دەگەڵ میدیایەکی دەرەکی چاوپێکەوتن دەکا کە من ئەوە بە دەستکەوتی مانگرتنەکەی ٢١ی خەرمانان و هەڵوێستی جوامێرانەی خەڵکی کورد و جیهانی دەرەوە دەزانم. واش وێدەچوو ئەو چاوپێکەوتنە لەسەر داوای سفارەتی ئێران بووبێ و هەر لە شوێنی مانەوەی سەفیر لە بەغدا بەرنامەکە تۆمار کرابوو. دیکۆڕاسیۆنی ژوورەکە و جلی سەفیر و شەربەتی پرتەقاڵەکەش تایبەتی بوون! جیا لەو پرسیارە بەربڵاوانەی لێی کرا بە گشتی ئیرەجی مەسجدی دوو پەیامی بۆ دوو لایەنی سەرەکی پێ بوو، یەکەمیان ئەمریکا بوو کە ویستی ئەو پەیامەی پێ بدا کە ئێمە لە عێراق پنج و ڕیشەمان داکوتاوە و ئەو گەمارۆیانە ناتوانن بیرەدا تێپەرن و لە ماتەوزەی عێراق باشترین کەلک وەردەگرین، ئێوەش (ئەمریکا) لانیکەم لێرە پێمان ناوەستن. دیارە ئەمە وەک دەڵێن لە مەوزەعی هێزەوە لێدوانی دەدا وەک ئەوەیکە نە بای هاتووە نە بۆران! دووهەم؛ لایەنێکی تری سەرەکی چاوپێکەوتنەکە پرسی کورد بوو، جا کورد بەگشتی و بەتایبەت کوردی ڕۆژهەڵات. لەوەش حیزبی دێموکرات زۆر بە تایبەتیتر (هەرچەند تەنیا پێنج خولەک باسی ئەو مژارەی کرد، بەڵام بەقەرا ٥٢ خولەکەکەی تر بۆ ئێران گرینگ و پڕبایەخ بوو). دەکرێ بە زۆر بواراندا هەروەک هەستە "هیچ"ەکەی خومەینی بڕوانینە ئەو گوتوبێژە و شەن و کەوی بکەین! ئەوەی کە بۆ ئێمە وەک کوردی ڕۆژهەڵات و حیزبی دێموکرات زۆر جێ سرنج و تێڕوانین بوو، لە وڵام پرسیارەکەی پێشکێشکارەکە (هیوا جەمال) بوو، کە خۆی بۆ ماوەی چاردە مانگ لە ئێران ژیاوە و وەک ڕاگەیەندکارێکی بەتوانا دەرکەوتووە و ئاگای لە دۆخی ئۆپۆزسیۆنی کوردی ئێرانی هەیە)، ئەگەرچی بۆی نەبووە وەک میوانانی بەرنامەکەی خۆی (ڕووداوی ئەمڕۆ) تێی هەڵپێچێ و ئیزنی قسە کردنی پێ نەدا و بیهێنێ و بیبا! هیوا جەماڵ دندوکێک لە سەر ئیزنی پێشووی سەفیر لەو باسە دەدا و باسی ئۆپۆزیسیۆن و حیزبە دژبەرەکانی کوردی کۆماری ئیسلامی ئێران دەکا. مەسجدی کە خۆی بۆ ئەم پرسیارە ئامادە کردبوو قوونەجووڵەیەک لە سەر کورسییەکەی دەکا و سەرەتا پێناسەی چەمکی ئۆپۆزسیۆن دەکا و پێی وایە هەر ئەم لایەنانە ئۆپۆزیسیۆنن کە چەکدار نین و لە نێوخۆی ئێراندا چالاکن، بە باوەڕی ناوبراو بەم شێوەیە ئێمەش (حیزبی دێموکرات) دەتوانین بێ هیچ کێشەیەک چالاکیی ئازادانە بکەین (کەسێک نەیاناسێ ڕەنگبێ بڕوایان پێ بکا)! ئەو پێی وابوو ئێمە وەک حیزبی دێموکرات (سەیر ئەوەب وو دوو جاری ئەو ناوە پیرۆزەی هێنا، بێ نەریتی باوی خۆیان کە پێشگری "مونحەلەی" بۆ دێننەوە) چوونکە چالاکیی چەکداریش دەکەین و بۆ سەر تەناهی و ئاسایشی حکوومەتەکەیان مەترسین، ناکەوینە خانەی ئۆپۆزیسیۆن؛ هەربۆیە بە ڕوانینی ئەوان دەبێ بە هەر شێوەیەکی مومکین بۆیان بگونجێ لە ناومان بەرن. بەڵام بەڕاستی پرسیار ئەوەیە کە ئۆپۆزسیۆن کێن و چییە؟ ئەو نووسینە تەتەڵەی ئەم بابەتەی. بەشی هەرەزۆری ئەو هێزانەی دژبەری سیستەمێکی دەستەڵاتدار و حاکمن ئۆپۆزیسیۆن نین، ئەوانە تەنیا دژی هیندێ سیاسەتی نیزامن بۆ پشکداربوونی خۆیان لە دەستەڵات. بەم واتایە دووجۆر ئۆپۆزیسیۆن هەیە، یەکەمیان بە چاویلکەی نیزام ئەوەی تریش بە مانای ڕاستەقینەکەیەتی. بەشی زۆری ئەو لایەن و کەسایەتییانەی خۆیان وەک دژبەر (ئۆپۆزسیۆن، موخالف) پێناسە دەکەن درێژەدەری ئەو ڕەوتە کۆمەڵایەتییانەی خەڵکین کە لە ئاکامی قەیرانە ئابووری، سیاسی و کۆمەڵایەتییەکان یان لە خەبات بە دژی ناعەداڵەتی و زوڵم، سەر هەڵدەدەن. ئۆپۆزسیۆنی واقعی توانای ڕێکخستن یا وروژاندنی بیرۆکەی ئالتێرناتیڤی پێویست بۆ ئەم پێواژۆیانەی هەیە کە ئەندامەکانی پێکهاتوون لە گشت چین و توێژەکانی کۆمەڵگە، بە تایبەت چالاکانی بوارگەلی کۆمەڵایەتی، کلتووری، سیاسی، ئابووری و... بۆ گۆڕانکاری جدی ئەو دستەڵاتانەی مافی خەڵک نەک هەر پێشێل دەکەن بەڵکوو بە شێوازی جۆراوجۆر ئەو کەس و لایەنانەی داوای حەقی خەڵکی خۆیان دەکەن بە توندترین شێوە سەرکوت دەکەن، لەوەها دۆخێکدا ئۆپۆزیسیۆن کە بواری بەشداری پێکردن لە دەستەڵاتی پێ نەدرا و بە دڕندانەترین شێوەش بەرپەرچی داوا ڕەواکانی دەدرێتەوە و شاربەدەر دەکرێ بە ناچار بۆ بەرگری لە خۆی و چاوترسێنکردنی دەستەڵات پەنا بۆ چەک دەبا. ئەو دژبەرە نەرمانەی دەستەڵات بە ئۆپۆزیسیۆنیان دەناسێ ڕەوت یا کەسانێکن کە لە هەناوی ئەو نیزامەدا هەڵدەقوڵێن و کەسانێکی خودین و شەریک و برابەشی هەموو کارەساتەکانن کە بەسەر خەڵکیان هێناوە. نیزامیش بە هەموو تواناکانی کار دەکا بۆ مەبەستی تایبەتی خۆیان بەو خەتەی پێیان دراوە ئەوانە وەپێش کەون و، قوت ببنەوە و مەتاڵی پاراستنی هەنێ مافی سەرەتایی و دواکەوتوو بەرز دەکەنەوە کە دەکرێ ئەوانە بە "ئۆپۆزسیۆن نما" ناو بەرین! هەموو ئەو کەس و ئۆپۆزسیۆن نمایانەش کە لاقیان لە بەڕەی خۆیان درێژتر دەکەن بە ئەنگی جۆراوجۆر لە خۆشبینانەترین حاڵەتدا دەگیرێن دەنا لەنێو دەبرێن؛ بۆ میناک قەتڵە زنجیرەیەکانی دەیەی حەفتا کە تێدا ٨٠ کەس لە ڕەخنەگران و دژبەرانی نەرمی ئەو حکوومەتە تێرۆر کران، لەوانە کەسانی ناوبەدەرەو و نوخبەی کۆمەڵگەی تێدابوو وەک شاعیر، نووسەر، ڕەخنەگر، چالاکانی سیاسی و... کە بەناوبانگترینیان داریوش فروهەر و پەروانەی ئەسکەندەری بوون، یا لە جەریانی نارەزایەتییەکانی دەیەمین خولی هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری (١٣٨٨) ئێران کە دواتر بە "ڕەوتی سەوز" ناسرا، سەدان و هەزاران کەس لە خەڵکی ناسراو و سڤیل هەر بە هۆی ئەوەیکە دژی ئەو هەڵبژاردنە پڕ لە تەزویر و فێڵە بوون و داوای دەنگی دزراوی خۆیان دەکرد، گیران و ئەشکەنجە دران و کوژران، تەنانەت ڕوحمیان بە منداڵانی بەرپرسانی باڵای خۆشیان نەکرد و "محسن روح الامینی" ییەکان لە زیندانی کەهریزەک بە شێوەیەکی قیزەونانە لە ژێر ئەشکەنجەدا کوژتیانن. لیدەری ئەو بزووتنەوە نارەزایەتییە مەدەنییانە، کەڕووبی و مووسەوی بوون، ئەمانە کە خودی و لە ئۆپۆزسیۆنەکەی خۆیان بوون و پێشتر پۆست و پلەی بەرزی حکوومەتیان دەدەستدا بوو، چیان بەسەر هات؟ یا ئەو هەمووە خەڵکەی بە ناوی زیندانی سیاسی و بە تاوانی جیابیری و دژبەری بیروباوەڕ لە سێدارە دران، ئەوانە هەموویان بە جۆرێک دەکەونە خانەی ئەو ئۆپۆزسیۆنەی مەسجدی باسی دەکا، ئایا ئەمانە چەکدار بوون؟ ئەمانە هەر برابەش و لە خۆتان نەبوون؟ شەڕی چەکدارییان دەکرد؟ ئاغای ئیرەج مەسجیدی! حەتمەن لەسەرەتای شۆڕشی گەلانی ئێران کورد، بە تیمێکی هاوبەش پێکهاتوو لە چەندین کەسایەتی و ڕەوتی سیاسی لە چەپ و ڕاست و سەربەخۆ بەبێ چەک بەو پەڕی ئازادی و دەسەڵاتەوە هاتنە مەیدانی موزاکرە بۆ چارەسەرکردنی پرسی کورد. لە مهاباد و قوم دەگەڵ بەرپرسانی ئێوە دانیشتن تەنانەت بەرزترین کەسی نیزامەکەتان (خومەینی)شیان بینی، ئێوە دەگەڵ ئەو نییەتە پاکانە چتان کرد؟ هەر زۆر زوو ئەو ئۆپۆزیسیۆنە ئاشتیخوازانەیە بە فەرمانی جیهادی ڕێبەرەکەتان کەوتنە بەر دڕندانەترین هێرش و بە هەموو جۆر چەک و چۆڵ پەلامار دران، بە سەربازەکانتان گوت قەیتانی پۆتینەکان مەکەنەوە هەتا کوردێک مابێ!! ئاوا دەبێ وڵامی ئۆپۆزیسیۆنی دژی شەڕ و ئاشتیخواز؟ هەمیسان جارێکی تر لەبەر باوەڕی قوڵمان بە ئاشتی و مەدەنییەت، بۆ پێشگرتن بە کاولکاری و کوشتار و کارەسات، شەهیدی نەمر دکتۆر قاسملوو لەسەر میزی گوتوبێژ دەگەڵ سەحراڕوودیی هاوڕێت ویستی بە شێوازێکی ئاوەزمەندانە و بە دوور لە شەڕ و خەباتی چەکدارانە لە وڵاتیکی ئازادی ئەورووپی، ئێوە بێنیتە سەر ئەو قەناعەتەی کە بە شەڕ و گرتن و کوشتن ناتوانن ئێمە لەنێو بەرن، مادام وایە مافی ئێمە بدەن و واز لەو هەمووە تێرۆر و هەڕەشە و گرتنەش بێنن و با پێک بێین. بەڵام دیسان وەڵامەکەمان بینی کە چی بوو... ئیرەج مەسجدی دەڵێ با لێرە واتە لە هەرێمی کوردستان بە دڵی خۆمان کاری سیاسی و تەبلیغی بکەین جا ئێمە کارمان پێ نین، دەنا ئەوەتا مووشەکبارانتان دەکەین و دەتانکوژین. دیارە حیزبێکی سیاسیی سەربەخۆ بۆخۆی بڕیاری چۆنییەتی کاری سیاسی، تەشکیلاتیی خۆی دادەڕێژی، بەڵام بەو فاکتانەی هێنامەوە دێمەوە سەر ئەو بانگەشەیەی ناوبراو دەڵێم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی درۆ دەکا. لە ماوەی چل ساڵی ڕابردووی خۆیدا ئا بەم شێوازە سیاسەتی کردووە و ڕەوشت و ئەخلاق هیچ مانایەکی دە قامووسی سیاسەتیاندا نییە و ئەم فاکتەرانە جێگای خۆیان بۆ ئاژاوە، تێرۆر، چەواشە و درۆ لێژ کردووە. بەڵام ئێمە دەتوانین ئەم بانگەشەیە بە دوو جۆر هەڵیسەنگێنین، یا ئەوان بەم قسانە بە درۆ ترسی خۆیان لە خەباتی چەکداری دەردەبڕن و، دەیانهەوێ بەمەبەست تووشی ئیحساسات بین و هانمان بدەن و ڕامانکێشنە ناو کەمین و بۆسەمان بۆ دابنێنەوە و تێکمان بشکێنن و، بە سیاسەتی شەڕهەڵایسان ئاواتیانە دیواری کورتی کورد (بە نیسبەت ئیسڕاییل و ئەمریکا) بڕووخێنن و بڵێن شەڕمان کرد و سەرکەوتین. یا دەنا ئەگەر پێمان وابێ هەر بەڕاستی شەڕیان ناوێ و لەم شێوازە خەباتە تۆقیون (کە زۆر سەیر نییە بەو دۆخەی ئێستا تێیدان) بۆ کات کڕین و نەشڵەقانی دوورگەی پڕ لە گڕکانی ئێران هاتوونەتە سەر ئەو باوەڕە کە، ئێمە وەک هێزێکی ڕەسەن، خاوەن جەماوەر و بەبڕست مەترسی جیدین بۆ سەریان. شتێکی تر ئەوەیە هەتا پێش ئەو قسانە ئێرانییەکان هەمیشە داوایان لە بەرپرسانی باشوور کردووە ئێمە دەبێ خاکی هەرێمی کوردستان چۆل بکەین بەڵام ئەوجارە دەڵێن بەو مەرجانە دەتوانن بمێنەوە!! هیچ شک دەوەیدا نییە ڕێژیمی کۆماری ئیسلامیی ئێران بە دۆخێکی هەستیاردا تێ دەپەڕێ. ئەم قسەیە چوونکە زۆر گوتراوە سواویەتەوە، لێبەلێ بەقەولی خۆیان "این تو بمیری از آن تو بمیریها نیست!"، ئەو ڕێژیمە زۆری تەمەن کردووە و کەمی ماوە، خەباتی ڕزگاریخوازیی کورد بە هەموو ڕەخنە و سەر و لێژی و کەند و لەندەکانی توانیویەتی لانیکەم خۆڕاگر بێ، سیاسەتە چەوتەکانی ڕێژیم لە قاو بدا و، وەک شۆڕشگێڕێکی نەبەز مەیدانی بۆ چۆل نەکردووە و بوێرانە ئاڵای خەبات بە دژی ستەمکاری و زوڵمی ئەم دیکتاتۆرانەی بۆ گەشتن بە ئازادی و دێموکراسی هەڵ کردووە، قەیرانی ئابووری، کێشە لە پەیوەندییە نێودەوڵەتییەکان، گرفت و کووڕی کۆمەڵایەتی، کێشەی نێوخۆیی لایەنەکان هەروەها فەساد و گەندەڵی و ڕانتی نێو بەرپرسانی سەرووی ڕژیم، ڕابوون و نارەزایەتی ڕۆژانەی شەبەنگ و توێژەکانی کۆمەڵگە، زەختی ترامپ و تیمەکەی، هەموو ئەوانە هێمای دارمین و ڕووخانی حکوومەتێکە کە بە نەمانی، جیهان و بەتایبەت ڕۆژهەڵاتی ناڤین ئاسوودە دەبێ و دەحەسێتەوە. ئیدی مرۆڤایەتی زۆرکەمتر شەڕ، فیتنە، ئاژاوە، کوشتن و سێدارە بە خۆیەوە دەبینێ. لەم چاوپێکەوتنەدا مەسجدی وەک نوێنەر و دەستەڵاتداری پلە یەکەمی ڕێژیمی ئێران لە عێراق (وەک خاڵی ستراتژیکی ئەو نیزامە بە هۆی هەڵکەوتەی تایبەتی) کە پلانداڕێژ و سەرچاوەی هەموو نەهامەتییەکانی گەلی عێراقە، ویستی خۆیی و حکوومەتەکەی زۆر ئارام و ئاسایی نیشان بدا و بە دروشمگەلی ئابووری و نیزامی و... پڕوپاگەندا بۆ مانەوەی ڕێژیم دەکرد (یوزێف گوبڵز و سەعید سەحاف)یش زۆریان لەو ڕیکلامانە کردن کەچی بەخۆشییەوە ئێستا خۆیان و دەستەڵاتەکەیان فندوور بوونە و قۆناخێکی نوێ لە مێژووی دێموکراسی و ئازادی خوڵقاوە!

# کۆڵۆنیالنشینەکانی سەدەی١٧ و ویلایەت نشینەکانی ئێرانی سەدەی ٢١

ئازاد کوردستانی

ڕوانگە لیبرالیستیەکانی «جان لاک» بیرمەند و ژیربێژی بریتانیی سەدەی حەڤدەهەم، شەقێکی وەها کاریگەر بوو کە قۆناخی سەڵتەنەتی موتڵەقە و حوکمەتی دیکتاتۆریی دیاری کرد. جان لاک ڕەزامەندی دەسەڵاتداران و خونکارانی لە ئاسمانەوە بۆ سەر زەوی هێنایە خوار، کەڵکەڵەی بۆچوونی لاک لە کتێبی «دووناميلكە لەمەڕ حوکمەتی سڤیل» خۆیا دەبێ کە لە ساڵی ١٩٦٠ز چاپ و بڵاو کراوە. ئەو بیرمەندە جیابیرە لەو نووسینە مەند و قووڵەدا پێوەندیی نێوان حوکمەت و نەتەوە زۆر بە جوانی شی دەکاتەوە و باڵە کەوی پێ دەکا. ناوبراو پێی وابوو ئەرکی سەرەکی و گرینگی دەوڵەت پشتیوانی لە ژیان، ئازادی و پاراستنی خاوەندارێتیی خەڵکی وڵاتە. دەسەلاتدارەتیی سیاسی هی کۆمەڵانی خەڵکە کە داویانە بە دەوڵەت. ئەو دەوڵەتە کە جگە لە نوێنەر هیچ شتێکی تر نییە، ئەرکدارە لەو دەسەڵاتەی کە خەڵک پێی بەخشیوە لە بۆ بەرژەوەندییەکانی گەل کەڵکی لێ وەرگرێ. هەرکات دەوڵەت چاو لە مافی خەڵک داپۆشێ، ئەوسا خەڵک مافی خۆیەتی حەقی دەستەڵاتدارەتی لە دەوڵەت بستێنێتەوە. ئەمە کورتەیەک بوو لە تیۆریی جان لاک لەپێوەندی دەگەڵ دەستەڵاتداریی سیاسی. بە تۆزێک ڕامان دەبینین چۆن جان لاک توانی مافی دەستەڵاتدارەتیی لە خونکار و حاکمانی موتڵەقە کە پێیان وابوو ئەوە نێردراوێکی خوایی و ئاسمانییە بە سوخرە بگرێ و ئەوە بە پێوەندی و گرێبەستێکی سیاسی لە نێوان خەڵک و دەوڵەت بێنێتە ناسکرن و دایبەزێنێ. ئەو بۆچوونە توندئاژۆ و ڕادیکاڵانە لە ئەمریکای سەدەی هەژدەهەم بەهۆی کەسانی بیرتیژی وەک بێنیامین فرانکلین، ساموئێل ئادامز و جیمز ئۆتیس بەدواداچوونی بۆ کرا و بە پشتیوانیی کەسانی شارەزای وەک پاتریک هێنری لە ویرجینیا و کریستۆفێر گادسێن لە کارۆلینای باشوور کاری بۆ کرا و سەرنجی خەڵکانێکی زۆری بۆ لای خۆی ڕاکێشا. لە ئاکامدا بۆچوونی لاک بوو بە بناغەی پەیرەو و ئەساسنامەی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمەریکا لە چواری ژوئیەی(١٧٧٦ز) و، کۆنگرەی قاڕەیی کۆمیتەیەکی پێنج کەسیی بە سەرۆکایەتیی تۆماس جێفرسۆنی کردە بەرپرسی نووسینەوەی دەقی ڕاگەیاندنی سەربەخۆیی ئەمریکا. ئەو ڕاگەیاندنە سێ کەرتی لە خۆ گرتبوو: بەشی یەکەم کە سەرەکی بوو و هێڵە گشتییەکان و هێڵی حوکمەتی دیاری کردبوو بە ئاشکرا لە تیۆرییەکانی جان لاک کەڵک وەرگیرابوو: «ئێمە ئەو ڕاستیانەی ژێرەوە بە باش دەزانین: هەموو مرۆڤەکان ئازاد خوڵقێنراون و خوڵقێنەریش مافی بەرابەر و دیاریکراوی بۆ داناون لە وان مافی ژیان، ئازادی و گەران بەدوای بەختەوەرییە». هەر لەم پێوەندییە دایە کە مافی دیاریکراو لە نێوان خەڵک و دەوڵەت پێناسە کراوە و هێزی ڕاستەقینەی ناوەند لەسەر بناخەی ویست و داوای خەڵک هەڵ دەقوڵێ. هەرکاتێ دەوڵەتەکان جگە لەمانە بکەن، خەڵک مافی خۆیەتی گۆرانکاری پێک بێنی و دەوڵەتێکی تر هەڵبژێری بۆ وەدەستهێنانی بەختەوەری و ئاسایشی خۆیان. بەم جۆرە بوو کە دوای شۆڕشی ١٦٨٨ز بریتانیا کە بە شۆڕشی بەبێ خوێن و ئەهوەن ناسراوە و بەرەو سیستەمی پاشایەتیی مەرجدار و هێزی پەرلەمانی هەنگاوی نا، یەکەم ئاسەواری ئازادیی تاک، مافی مەدەنی، حوکمەتی یاسایی بەپێی گرێبەستی کۆمەڵایەتی لە سەدەی هەژدە لە وڵاتێکدا جێگیر بوو کە تا ئەوکات خۆی موستەعمیرە بووە. لە ئاسەواری تری جان لاک کە چەوساوەکان کەڵکیان لێ وەرگرت «نامەگەلێک لەسەر ئازادیی ئایین» بوو. لە زۆربەی ویلایەتەکانی ئەمەریکادا کلیسەی ئەنگلیکەن دەسەڵاتدار بوو کە خۆی لەژێر سێبەری بریتانیا بوو، ئەوە لە حاڵێکدا بوو کە شەبەنگێک لە کاتالۆتیکەکان و پرۆتستان و هۆگنۆییەکان و پیۆریتێن و ژێزۆئیتەکان و باپتیست و کویکەرەکان و باقی لایەنە ئۆلییەکان باوەڕیان بە کلیسەی ئەنگلیکەن نەبووە. جان لاک لەم نامیلکەیەدا دووپاتی دەکاتەوە کە کلیسا و دەوڵەت هەرکام دەسەڵاتی تایبەتیی خۆیان هەیە و دەبێ جیا لە یەکتر ئەرکەکانیان ڕاپەڕێنن. کلیسای واقعی ئەو شوێنەیە خەڵکی باوەرمەند تێیدا سەرقاڵی کاروباری ئایینیی خۆیان بن و ڕێرەوانیشی ئازادانە پشتیوانیی لێ بکەن، نەک دەوڵەت کە بەرپرسیارەتیی ئیداری و سیاسی هەیە. باب و کالانی شۆڕشی ئەمریکا بۆ پەرەدان بەو بیرۆکەیە دۆخێکی تایبەتیان خوڵقاند کە لەوێدا هەرکام لە کلیسا و دەوڵەت کاری تایبەت بە خۆیان بکەن. لێ ئەمرۆ دەبینین لە سەدەی بیست و یەک و لە وڵاتێکدا کە داوای شارستانییەتی چەند هەزار ساڵە دەکا، دیسان بە حوکمەتی ئیمامی زەمان قایلن کە دەسەڵاتەکەی زۆر لەو گرێبەست و یاسایانەی سیاسی و کۆمەڵایەتی بەرزترە، هیوای ئەمە دەدەن کە وڵات دەکەنە شاری خەونەکان و یۆتۆپیایەک ساز دەکەن بێ خەبەر لەوەی ڕێگای مەدینەی فازلە بە ئاسماندا نییە، بەڵکوو بە یاسای زەوینی و ئینسانییە. لە ئێرانی ژێر سەیتەرەی کۆماری ئیسلامیدا نەک هەر هیچ مافێکیان بۆ ئەتنیکە جۆراوجۆرەکان دیاری نەکردووە، بەڵکوو مافی کەمینە ئایینیەکانیش پێشێل دەکرێ. جیا لە مەزەبی شیعە کە ئایینی فەرمیی وڵاتە و گشت جومگەکانی نیشتمانی لە دەست دایە بەشێکی زۆر لە کۆمەڵگەش سەر بە مەزەبی سوننین کە بە پلە دوو دێنە ئەژمار و ئایین گەلی وەک زەردەشتی بەهایی و مەسیحیەت و یاریش لە هیچ کوێ ناخوێندرێنەوە. لەم بەینەدا باسی جیابیرانیش هەر ناکەین کە مەحکومن بە مەرگ و نەمان، بەڵێ ئەمەیە ئەو نێردراوە ئاسمانییە پیرۆزە. لەم وڵاتەدا بەرپرسان هیچ جۆرە مافێک بۆ خەڵک بە ڕەوا نابینن چ لە بواری ئایینی چ نەتەوەیی. ئەوانە خۆیان بە نوێنەری ڕاستەقینەی ئیمامی زەمان و ئیسلامی ڕاستەقینەی محەمەدی دەزانن کە هەرچی پێیان خۆش بێ دەتوانن بیکەن و، بۆیان هەیە لەبەرامبەر هەر جۆرە وڵام دانەوەیەکدا دەست لە هیچ شتێک نەبزیون. ئەمرۆکە نەتەوەکانی ئێران هیچ جیاوازییەکیان لەگەڵ موستەعمەرەنشینانی ئەمریکای سەدەی هەژدە نییە کە لەژێر باڵی بریتانیادا دەیناڵاند، جا بۆیە هەروەک چۆن ئەوان ڕاپەڕین و شۆڕشیان کرد ئێمەش دەتوانین و بۆمان هەیە بە دژی ئەو حوکمەتە فاشیست و دیکتاتۆرە بە شێوازی جۆراوجۆری سیاسی فەرهەنگی و چەکداری ڕابپەڕین.

***

# ڕێژیمی تاران لە نێوان شاتوشووت و شکستدا

سامرەند عەتری

ڕێبەرانی باڵای ڕێژیمی تاران بەردەوام ئەو قسەیە چەند پاتە دەکەنەوە، کە گەمارۆ ئابوورییەکانی ئەمریکا کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ئێران نابێ و ئەوەی ئەمریکا دەیەوێ بەو گەمارۆیانە بیکات، پێشتر کردوویەتی. ڕێژیمی ئیسلامیی تاران لەوەتای هەیە بۆ ڕووبەڕووبوونەوەی قەیرانەکانی خۆی لەمەڕ تواناییەکانییەوە شاتوشووت دەکا و بەتایبەتیش تایبەتمەندیی شۆڕشگێڕانەی خۆی (کە بە ناوی هەناردەکردنی شۆڕشی ئیسلامییەوە هەردەم بانگەشەی بۆ دەکا) دێنێتە گۆڕێ؛ بۆ ئەوەی زیانی چالاکییەکانی لە وڵاتانی ناوچەدا پەردەپۆش بکا. ئامانجی ڕێژیم لە بەکارهێنانی ئەو شێوازە ئەوەیە کە لە لایەکەوە کات بکوژێ و دەرفەتی دەربازبوون بدۆزێتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە ئامانجی گەمارۆ ئابوورییەکان بەلاڕێدا ببا و مل بۆ ڕێکخستنی هەڵسوکەوتە نێودەوڵەتی و ناوچەییەکانی لەگەڵ داوای کۆمەڵگەی جیهانی کەچ نەکا، چونکە سەرباری ئەو گوشارەی کە گەمارۆ ئابوورییەکان خستوویانەتە سەرشانی خەڵکی ئێران، کاربەدەستانی ڕێژیم هەرگیز بەو ئەنجامە نەگەیشتوون کە بچووکترین گۆڕان لە ڕەفتاری خۆیاندا پێک بێنن. دیارە ڕەفتاری ئەو ڕێژیمە پێوندییەکی نەپساوەی لەگەڵ چییەتی و ناسنامەکەی هەیە کە لەسەر بنەمای پێکهێنانی ئیمپراتۆریی شیعە و سڕینەوەی هەموو ئایین و ئایینزا و نەتەوە و پێکهاتە جیاوازەکان بنیات نراوە و ئەگەر کاریگەریی گەمارۆکانی ئەمجارەش نەگاتە تینی خەڵکی ئێران و ئەو ڕێژیمە لەنێو نەبەن، ئەوە ڕێژیم گوێی بە گەمارۆکان نابزوێ و هیچ گۆڕانێک لە ڕەفتاریدا پێک ناهێنێ. ڕێژیمی تاران بۆ ئەوەی کات بکوژێ و پارێزگاری لە ئامانج و ڕەفتارەکانی خۆی بکات، ئێستا «ستراتیژیی ئارامگرتن»ی گرتووە پێش و بە تاکتیکی جۆربەجۆر دەیەوێ ئەو ستراتیژییە بەرەوپێش ببا، بۆیە لەم دواییانەدا جووڵەکانی سپای قودسی نهێنی کردووە، لە کاتێکدا کە ساڵێک لەمەوبەر قاسم سلێمانی وەک داشەهارەی دامە لە وڵاتانی ناوچەکەدا بەئاشکرا هاتوچۆی دەکرد. ئامانجی ڕێژیم لەم تاکتیکە لە چەند مانگی ڕابردوودا ئەوە بوو کە چاوەڕێی ئەنجامی هەڵبژاردنەکانی ئەنجوومەنی نوێنەران و سێنای ئەمریکا بوو، کە ئەگەر لە هەردوو پارلمانەکەی ئەمریکادا دێموکراتەکان سەرکەوتوو بوونایە، مومکین بوو ڕۆچنەی هیوایەک بۆ کەمبوونەوەی گەمارۆکانی سەر ڕێژیمی تاران بۆ ئەو ڕێژیمە بەدی بهاتایە، بەڵام ئەو ئاواتەی ڕێژیم بەدی نەهات و زۆرینەی سێنا، کە کاریگەریی لەسەر سیاسەتی دەرەکیی ئەمریکا هەیە دیسان کەوتەوە دەست حیزبەکەی دۆناڵد ترامپ، کە بێگومان دەبێتە هۆی دژوارتربوونی گەمارۆکان و لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە ئاخۆ دیسان ڕێژیم دەتوانێ ددان بە خۆیدا بگرێ و بیر لە تاکتیکی دیکە بۆ تێپەڕاندنی کات بکاتەوە، یان گەمارۆکان بڕستی لێ دەبڕن. ئەویش لە کاتێکدا کە وەک نەخۆشێکی لەپێکەوتوو دەست بۆ هەر جێیەکی دەبا هاواری لێ هەڵدەستێ. چەند ڕۆژ لەوە پێش بوو کە لە کۆبوونەوەی ناساندنی حەسەن شەریعەتمەداری، وەک وەزیری نوێی کاری ئێراندا، وەزیری پێشوو، عەلی ڕەبیعی بە ئاماژە ڕایگەیاند کە سندووقەکانی خانەنشینیی ئێران مایەپووچ بوون و ڕێژیمی ئیسلامییان خستووەتە مەترسییەوە. ڕەبیعی هۆشداریی دا کە گرینگترین شۆڕشەکانی سەدەی ڕابردوو، لەوانە شۆڕشی ئۆکتۆبەری ١٩١٧ لە ئەنجامی گۆڕانی جەماوەریدا ڕوویان داوە و ئێرانی ئێستاش «لەگەڵ هەمان گۆڕان بەرەوڕوو بووەتەوە»، سەرباری ئەوەی کە ئێرانی ئێستا کۆمەڵێک کێشە و قەیرانی گەورەی وەکو هەژاری، بێکاری و مایەپووچیی سندووقەکانی خانەنشینیشی هاتووەتە سەرشان. هەر لە کۆبوونەوەکەی ڕۆژی دووشەممەدا جێگری یەکەمی سەرۆککۆمار، ئیسحاق جیهانگیریش هۆشداریی داوە کە دوو هۆکاری بێکاری و دابەزینی توانای کڕینی خەڵک، کە لە سۆنگەی گەمارۆکانەوە بەدی هاتوون، هەڕەشە لە ڕێژیمی ئیسلامی دەکەن. ئێستا ڕێژیمی تاران سەرگەردانە لە نێوان ئەو شتەدا کە دەیەوێ و ئەو شتەی کە بۆی دەلوێ. هەرچەند کاربەدەستانی ڕێژیم بە شاتوشووتە باوەکەی خۆیان ئیدیعا دەکەن کە گەمارۆکان کاریگەرییان لەسەر ئابووریی ئێران نابێ، بەڵام هەرکەسێک بەخێرایی چاوێک بە دۆخی ئابووریی ئێران لە ساڵانی ١٣٩١ و ١٣٩٢ی هەتاویدا بگێڕێت، کە گەمارۆکانی ئەوکات خەریکبوون گەرووی ئابووریی ئێرانیان ڕێک دەگوشی و گەیاندبوویانە ئاویلکە، کۆمەڵێک ئامار و ژمارەی دێتە بەرچاو، کە نەک سەرسووڕهێنەرن، بگرە بە شێوەی هێزەکی دەتوانن ئەمجارە زۆر گورچووبڕتر کاریگەری لەسەر ئابووریی ئێران دابنێن. ساڵانی ١٣٩١ و ٩٢ی هەتاوی گەشەی ئابووریی ئێران لە نێزیکەی سەرووی لەسەدا پێنجەوە (+٥٪) دابەزی بۆ ژێر لەسەدا حەوت (-٧٪). ئامارەکانی ئەوکات نیشان دەدەن کە سفرەی ئابووریی ئێران لە ماوەی دوو ساڵدا، کە گەمارۆکان لە لووتکەدا بوون، نێزیکەی لە سەدا نۆ (٩٪) بچووک بووەوە. دیارە کە ئەوکاتیش ڕێبەرانی ڕێژیم حاشایان لە کاریگەریی گەمارۆکان دەکرد. هەر بەو ئاوڕدانەوە خێرایە بۆ سەر کاریگەریی گەمارۆکان لە ساڵانی ١٣٩١ و ٩٢ی هەتاویدا ڕەنگە بتوانین پێشبینی بکەین کە گەمارۆ تازەکان چی بەسەر ئابووریی ئێران دێنن. ئەمجارە دەبێ ئەوەش لەبەرچاو بگیرێ کە ئەو دەوڵەتەی ئێستا لە کۆشکی سپیدا فەرمانڕەوایی دەکا بۆ جێبەجێکردنی گەمارۆکان زۆر زۆر لە دەوڵەتی ئەمریکا لە ساڵانی ١٣٩١ و ٩٢ی هەتاویدا ڕژدتر و شێلگیرترە.




# ڕیفۆرمخوازی

## شۆڕشی نەرم یان دەسەڵاتخوازیی فریوکارانە



ڕەحمان سەلیمی



بزووتنەوە کۆمەڵایەتییەکان ئەخلاق تەوەرن و لە ئەنجامی وەدینەهاتنی ویستە کەڵەکەبووەکان سەر هەڵدەدەن و بۆ دەستەبەرکردنی ئەو ویستانە بەرەوڕووی دەسەڵاتی سیاسی دەبنەوە و هەر بۆیە ناتوانن ببنە بەشێک لە دەسەڵات. کەواتە ناتوانین بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی لە چوارچێوەی حیزبی سیاسی یان ڕێکخراوی پیشەییدا پێناسە بکەین. لەڕاستیدا بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی زیاتر لەگەڵ کەمپەینێکی سیاسی و مەدەنی وێکچوونی هەیە تا ڕەوتێکی سیاسی کە ئامانجی گەیشتن بێ بە دەسەڵات. ڕیفۆرمخوازی لە سەرەتادا گوتارێکە کە بەرهەمی تەقەللای فکری و تیئۆریکی نوخبەیەکە لە دەرەوەی بازنەی دەسەڵات، واتە بەرژەوەندیی ڕیفۆرمخواز، خۆی لە ئامانجی گەشەی کۆمەڵگە و پەروەردەی تاکی بەرپرسیاردا دەبینێتەوە. ڕیفۆرمخوازی لەو قۆناغەدا هیچ دەرکەوتەیەکی دەرهەستی کۆمەڵایەتی نییە و تەنیا چەمکێکی ئۆبژێکتیڤە و کاریگەریی عەینی لێ ناکەوێتەوە. ئەوە لە قۆناغی دواتر دایە کە ڕیفۆرم خۆی لە قالبی تیئۆری ڕزگار دەکا و دەبێتە شاکەلەی ویژدانێکی جەمعی. لەو کاتە دایە دەگوترێ بزووتنەوەیەکی ڕیفۆرمیستی بیچمی گرتوە. کەواتە ڕیفۆرم پڕۆسەیەکی گەشەی هزری و دەروەستیی کۆمەڵایەتییە کە لە خوارەوە (واتە لە کۆمەڵگەوە) دەست پێدەکا و لە ئاکامدا لە سەرەوەدا (واتە لە دەسەڵاتی سیاسی)دا دەگیرسێتەوە و دەبێتە هۆی گۆڕان لە نۆڕم و بەهاکانی کۆمەڵگە و دەسەڵاتدارێتیدا. کە باس لە گوتاری ڕیفۆرمخوازی دەکرێ دەخرێتە جەمسەری پێچەوانەی شۆڕش، بەو واتایە کە ڕیفۆرم وەک شێوازێکی نەرم و کاتبەر بۆ دەستەبەرکردنی کۆمەڵێک گۆڕانکاری لە نێو کۆمەڵگە و سیستەمی حوکمڕانی دێتە ئەژمار، لە کاتێکدا شۆڕش بە گۆڕانکاری بنچینەیی لە سیستەمی سیاسی و حوکمڕانی و هەروەها لە نۆڕم و بایەخەکانی کۆمەڵگە دادەنرێ کە لە ڕێگای بەکارهێنانی توندوتیژی و لە کاتێکی کەمتردا ڕوو دەدا. ئەو سنووربەندییەی لە نێوان دوو دەستەواژەی ڕیفۆرم و شۆڕشدا دەکرێ تێنەگەیشتنێکی باوی تێدایە کە لە ئەدەبیاتی سیاسیدا جێ کەوتووە، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا نموونە عەینییەکانی ڕیفۆرم و شۆڕش تا ڕادەیەک پێچەوانەی ئەوە دەسەلمێنن یان لانیکەم بەو ڕاشکاوییە ناتوانین ئەو دوو جەمسەرییە قبووڵ بکەین و پێویستیمان بە وردبوونەوەی زیاتر هەیە. بۆ تێگەیشتنی باشتر لە پەیوەندیی نێوان ڕیفۆرم و شۆڕش وێنەیەک دەخەینە بەرچاو. لە سەردەمی شەڕی سارددا جیهان بە سەر دوو بەرەی سۆسیالیستی و ئیمپریالیستی دابەش ببوو کە هیچ کام لەم دوو بەرەیە ئامادە نەبوون تخوون بەهاکانی یەکتر بکەون و هەموو ئەو سیاسەت و ڕوانین و تەنانەت سەرمایە کەلەپووری و ژیارییانەی لە بەرەیەکدا وەک ئەرزش و هەندێک جار تا ڕادەی پیرۆز سەیر دەکران، لە بەرەی بەرامبەردا وەک دژە ئەرزش و شیاوی تەکفیر دەناسێندران، بەڵام بەرەبەرە هەر دووک جەمسەر بەشێک لە ئەرزشەکانی جەمسەری بەرامبەریان ڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ قبووڵ کرد و سنوورەکانیان کاڵ و کەمڕەنگ کردنەوە. ئێستا بە کردەوە لە نێوان ئەو دوو جەمسەرەدا پرێسپێکتیڤێک لە ڕێژەی باوەڕمەندی و خاوەنداریێتی بەو دوو ئیدئۆلۆژییە دەبیندرێ، بە شێوەیەک سۆسیال دێموکراسی و دەوڵەتی خۆشگوزەران سەریان هەڵداوە و کۆتاییان بەو دوو جەمسەرییە هێناوە کە کۆمۆنیزمی سۆڤییەتی و ئیمپریالیزمی ئەمریکایی نوێنەرایەتییان دەکرد. شوبهاندنی دوو چەمکی شۆڕش و ڕیفۆرم بەو جەمسەربەندییە ئیدئۆلۆژیکەی ئاماژەمان پێکرد یارمەتیمان دەدا لەو هەڵە تێگەیشتنە ڕزگار بین کە شۆڕش لە کۆتایی هێڵێکدا دابنێین کە جەمسەرەکەی دیکەی ڕیفۆرم بێ. ئەو وێنایەی لە شۆڕش درووست کراوە کورتکردنەوەی شۆڕشە بەو سەردەمەی خەباتی گەلانی کۆلۆنی دژی داگیرکەرانی کۆلۆنیالیست لە بەشێکی بەرچاو لە جوغرافیای جیهان بە تایبەت لە ئەمریکای لاتین، ئەفریقا و... سەریان هەڵدا و لە ئاکامدا شۆڕش ڕێک واتای ڕاپەڕینی چەکداری دژی دەسەڵاتی سەرمایەداری بە خۆوە گرت. دوای دارمانی یەکیەتیی سۆڤییەت و سەرهەڵدانی شۆڕشە مەخمەلییەکان لە وڵاتانی ئاسیای نێوەڕاست، گۆڕانکاریی بنەڕەتی بە سەر چەمکی شۆڕشدا هات و تەنیا ڕێگای گۆڕانکاریی بنەڕەتی لە سیستمە سیاسییەکان چیتر بریتی نەبوو لە بەکارهێنانی خەباتی چەکدارانە و توندوتیژ. لێرەدا سنووری ڕیفۆرم و شۆڕش بە تەواوی کەمڕەنگ بۆوە. کاتێک جین شارپ و هانتینگتۆن باس لە شەپۆلی سێهەمی دێموکراسی دەکەن و شۆڕشی ناتوندوتیژ تیئۆریزە دەکەن بە ئاشکرا ڕیفۆرمخوازی وەک سەرەتا یان ماکی سەرەکی و تەنانەت خاڵی دەسپێکی گۆڕانکاریی بنەڕەتی یان هەمان شۆڕش دەستنیشان دەکەن. بە سەرنجدان بەو پێشەکییەی باس کرا، ئەو پرسیارە زەق دەبێتەوە کە ئایا ئەوەی بە ناوی لایەنی ڕیفۆرمخواز لە ئێراندا پێناسە دەکرێ خاوەنی ئەو تایبەتمەندییانەیە کە گۆڕانکاریی ڕاستەقینە لە چوارچێوەی کۆماری ئیسلامیدا یان بە تێپەڕین لە کۆماری ئیسلامی بەرهەم بێنێ. دوابەدوای مردنی خومەینی زۆربەی نێزیکەکانی خومەینی لە لایەن باندی بەدەسەڵاتی خامەنەیی_ ڕەفسەنجانی لە پۆستەکانیان دوور خرانەوە و بە تەواوی پەراوێز خران. پەراوێزخراوان کە خۆیان بە لایەنگرانی هێڵی ئیمام (خومەینی) ناوزەد دەکرد لە سەردەمی ناودێرکراو بە دەورانی سازەندەگییەوە بەرەبەرە خۆیان ڕێک خستەوە و بە کۆمەڵێک دروشمی وەک ئازادیی ڕادەربڕین و کرانەوەی کۆمەڵایەتی و لایەنگری میدیای ئازاد و کۆمەڵگەی مەدەنی، توانییان لە هەڵبژاردنەکانی سەرۆک کۆماری و مەجلیسی شەشەمدا سەرکەوتوو بن و ڕای بەشێکی بەرچاو لە کۆمەڵگەی ئێران بەرەو لای خۆیان ڕابکێشن. لە ڕاستیدا ڕیفۆرمخوازان بەو شێوەیە هاتنەوە بازنەی دەسەڵات. واتە کەڵکەڵەی سەرەکیی ئەوان نەک ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکوو بەدەستهێنانەوەی پێگەی لە دەستچوویان بوو. پاراستنی کۆماری ئیسلامی ئەولەویەتی سەرەکیی ڕیفۆرمخوازان بوو، هەر بۆیە نەیانتوانی ڕای گشتی و میدیای تا ڕادەیەک کراوە و ئازاد بکەنە دەستمایەی پاراستنی ئەو فەزا کراوەیەی (بە شێوەیەکی ڕێژەیی بەستێنی ڕادەربڕین و جیابیری ڕەخسابوو) لە ماوەی حوکمڕانییان بەدی هاتبوو. هەر چەند بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕیفۆرمخوازی شۆڕ ببۆوە نێو جەماوەر، بەڵام ترسی ڕیفۆرمخوازان لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیای ئازاد و درووستبوونی ڕەوتێک کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵیان دابێ، وایکرد زۆری پێ نەچێ دروشمی تێپەڕین لە ڕیفۆرمخوازان لە لایەن ڕیفۆرمخوازانی ڕاستەقینە لە خوارەوە سەری هەڵدا. سەرنەکەوتنی پڕۆژەی ڕیفۆرم لە ئێران لە کۆنەوە کۆمەڵێک هۆکاری هەبووە کە گرینگترینیان بریتین لە:

- ڕیفۆرم پڕۆسەیەکە کە دەبێ لە خوارەوە بۆ سەرەوە سەرهەڵدا و گەشە بکا، واتە لە خەڵکەوە دەست پێ بکا و لە کۆتاییدا گۆڕانکاری پێک بێنێ. لە کاتێکدا لە مێژووی هاوچەرخی ئێراندا هەوڵەکانی ڕیفۆرمخوازی بەردەوام لە سەرەوە بۆ خوارەوە بوون و نەیانتوانیوە بەستێنە فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکانی بۆ فەراهەم بکەن.
- پاژنە ئاشیلی ڕیفۆرمخوازی لە ئێراندا بێمتمانەیی خەڵک بووە بە هەڵگرانی بیرۆکە و پڕۆژەی ڕیفۆرم. ئەوەش بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە لە سیستمە دیکتاتۆرەکانی ئێراندا هەموو دەرفەتەکان بۆ پیاوانی دەسەڵات بووە و تەنیا ئەوان توانای پێکهێنانی گۆڕانکارییان هەبووە.
- ڕێکخراو نەبوونی کۆمەڵگە و نەبوونی ڕێکخراو و یەکیەتی و سەندیکا پیشەییەکان وای کردووە ئەگەر تەنانەت هەوڵی ڕیفۆرمخوازییش چەکەرەی کردبێ، هەر زوو کەوتۆتە بەر تیغی سانسۆڕ و پێشی پێ گیراوە.
- بێ ئاکامبوونی ئەو هەوڵانەی لە مێژووی نیزیک سەد ساڵەی دوایی لە ئێراندا دراوە بە مەبەستی پێکهێنانی هیندێک ڕیفۆرم لە حوکمڕانیدا، وەک هەوڵەکانی ئەمیرکەبیر، قائیم مەقام و... بۆتە هۆی بێهیوایی خەڵک لە ڕیفۆرم.

لە دەرەنجامی ئەو باسەدا دەتوانین بڵێین سەرەڕای هەموو ئەو بەربەستانەی دەسەڵاتدارانی ئێران گرتوویانەتە بەر بۆ نەزۆککردنی هەر چەشنە هەوڵێکی ڕیفۆرمخوازی، لە هەمان کاتدا ڕیفۆرمخوازی لە هەر دەرفەتێکی مومکیندا ئەگەری سەرهەڵدان و گەشەکردنی هەیە.

> «کەڵکەڵەی سەرەکیی ڕیفۆرمخوازانی حکومەتی لە ئێران نەک ڕیفۆرمی سیاسی و کۆمەڵایەتی، بەڵکوو بەدەستهێنانەوەی پێگەی لە دەستچوویان بووە. پاراستنی کۆماری ئیسلامی ئەولەویەتی سەرەکیی ڕیفۆرمخوازان بووە، هەر بۆیە نەیانتوانی ڕای گشتی و میدیای تا ڕادەیەک کراوە و ئازاد بکەنە دەستمایەی پاراستنی ئەو فەزا کراوەیە ڕێژەییەی لە ماوەی حوکمڕانییان بەدی هاتبوو»

> «ئەگەرچی بەشێوەیەکی ڕێژەیی ڕیفۆرمخوازی شۆڕ ببۆوە نێو جەماوەر، بەڵام ترسی ڕیفۆرمخوازان لە گەشەکردنی کۆمەڵگەی مەدەنی و میدیای ئازاد و درووستبوونی ڕەوتێک کە لە دەرەوەی کۆنترۆڵیان دابێ، وایکرد زۆری پێ نەچوو دروشمی تێپەڕین لە ڕیفۆرمخوازان لە لایەن ڕیفۆرمخوازانی ڕاستەقینە لە خوارەوە سەری هەڵدا»



# هێرشی بی جی پی و بەبارمتەگرتنی ترافیکی تێلێگرام لە ئێران

زیرۆ دەی نێت – چارلیی ئۆزبۆرن
و: کەماڵ حەسەنپوور

توێژەران ڕێژنەیەک کەمپەینیان دژی کاربەرانی تێلێگرام و ئینستاگرام ئاشکرا کردووە، لە ناویاندا بە بارمتەگرتنی ترافیک لە ڕێگای پرۆتۆکۆلی بی جی پی.

ئەکتەرەکانی پشت ئەو هێرشانە، سەر بە دەوڵەت بن یا نا، تەنیا جەخت لەسەر هاووڵاتیانی ئێران دەکەنەوە کە یا کەلک لە پرۆگرامی خاوەن ئێنکرپشن [وەک تێلێگرام] یا خزمەتگوزاریی بەشینەوەی وێنە [وەک ئینستاگرام] وەردەگرن.

بە گوێرەی تیمی ئاسایشی سایبێری سیسکۆ تەیلۆس، ئەو هێرشانە لانیکەم لە ٢٠١٧ وە دەستیان پێ کردووە و دژی نیزیکەی ٤٠ میلیۆن کاربەری تێلێگرام لە ئێران بەڕێوە چووە، سەرەڕای ئەوەی کە پرۆگرامەکە لە ئێران یاساغ کراوە.

ڕۆژی دووشەممە، توێژەرەکان لە پۆستێکی بلۆگدا گوتیان کە کاربەرانی ئێرانی بوونە ئامانجی لاپەڕەی هاتنە ژوورەوەی ساختە، پرۆگرامی سیخوڕیی کە بە شێوەیەک درووست کراون کە وەک نموونە ڕاستەقینەکان بچن [وەک بۆ وێنە تلگرام طلایی، ئەیسگرام، بیتگرام، هتد] و لە ڕێگای بە بارمتەگرتنی بی جی پی، دەستیان بەسەر پرۆتۆکۆلی ترافیکی نێوان ڕاوتێرەکان داگرتووە تا ترافیکی ئینتێرنێت بە شوێنی دیکەدا ببەن [بۆ وێنە بۆ تۆمار کردنی ترافیک و سیخوڕی کردن لەسەر کاربەران].

یەکەم شێواز کە تەیلۆس ئاشکرای کردووە کۆپییە جیاجیاکانی تێلێگرامە کە لە دەرەوەی شوێنی دابەزاندنی جێی متمانەی پرۆگرام وەک گوگڵ پلەی دەست دەکەون.

دوای دامەزراندن، ئەو پرۆگرامانە دەستیان بە لیستەی پەیوەندیی [ژمارە تەلەفۆنەکانی پاشەکەوتکراو لە تێلێفۆنەکەدا] ڕادەگا. پرۆگرامە ساختەکانی ئینستاگرام، کە بە هەمان شێوە تەبلیغاتیان بۆ دەکرێ، دەتوانن هەرچی داتای نێردراو و وەرگیراوە بنێرن بۆ سەرڤەرەکانی فەرماندەیی و کۆنترۆڵ، کە بە گوتەی توێژەران، «هێرشبەرەکان دەتوانن کۆنترۆڵی ئەکاونتەکە بەتەواوی بەدەستەوە بگرن.»

بەڵام تەیلۆس پێی وایە کە ئەم بەرنامانە دەبێ وەک بەرنامەی نیوەخراپ سەیر بکرێن نەوەک بەرنامەی مەترسیدار. ئەم بەرنامانە دەستدرێژیی دەکەنە سەر زانیاریی تاکیی کاربەران بەڵام ئاکاری بەدخوازانەی دیکە بەڕێوە نابەن و بە شێوەی گشتیی بەو شێوە کار دەکەن کە کاربەر چاوەڕوانیی دەکا.

شێوازێکی دیکە کە تەیلۆس دیتوویەتی، ماڵپەڕی ساختەی چوونە ژوورە تا خەڵکانێک فریو بدا کە زانیاریی سنوورداریان لە بارەی ئاسایشی سایبێریدا هەیە. هێرشی دیکە جەخت لەسەر مەترسیی خستنە سەر پرۆتۆکۆلی بی جی پی دەکەنەوە.

تەیلۆس هەناردەکردنی ترافیکی ئینتێرنێتی سەیر و چالاکیی بەڕۆژ کردنەوەی ئاشکرا کردن کە دەریان دەخست کە بی جی پی بە بارمتە گیراوە، بە وتەی تیمەکە زۆر وێدەچێ «هەوڵێکی بە ئانقەست بێ دژی خزمەتگوزارییەکانی تێلێگرام لە ناوچە.»

تەیلۆس دەڵێ، «ئەو تەکنیکە ترافیکی سەرجەم ڕاوتێرەکان بە ئاراستەیەکی دیکەدا بەڕێ دەکا، بێ ئەوەی کە ئامێرەکان [بۆ وێنە مۆبایل] سەرچاوەی ئەو شوێنانە بزانن. بۆ بە بارمتە گرتنی بی جی پی، پێویستە شێوەیەک لە هاوکاریی لە نێوان هێرشبەران و ئای ئێس پی (ئەو کۆمپانیایانەی خزمەتگوزاریی ئینتێرنێت پێشکێش دەکەن) هەبێ و بە ئاسانی دەکرێ ئاشکرا بکرێ بۆیە ماوەی بە بارمتە گیرانەکە زۆر دوورودرێژ نابێ.»

ئەو پرۆتۆکۆلە وەک بڕبڕەی پشتی ترافیکی ئینتێرنێت بە ناو ئای ئێس پی و خزمەتگوزاریی کڵاود وایە و لە ڕابردووشدا بۆ هێرش دژی تێلێگرام کەلکی لێ وەرگیراوە، کە لە ڕێگای ئای ئێس پی شیرکەتی دەوڵەتیی موخابەراتی ئێران هەلی بۆ ڕەخساوە.

ئەو کاتی ئەوەش باس کرا کە کۆمپانیاکانی پەیوەندیی بێتەل (ئۆپەراتۆرەکانی تێلێفۆن) کورتەنامەی کۆدی دووهەمی چوونە نێو حیسابی تێلێگرامی کاربەرەکانیان داوە بە دەوڵەت تا بتوانێ دەستی بە ئەکاونتی کاربەرەکان ڕابگا.

کاربەدەستانی ئێران بەڵێنیان دا کە لەبارەی ئەو مەوزووعە لێکۆڵینەوە بکەن بەڵام لە بارەی بەڵگەکانی بە بارمتەگرتنی بی جی پی لەو دواییانەدا بێدەنگییان هەڵبژاردووە.

هێرشی بی جی پی شتێکی نامۆ نییە، لەو ساڵانەی دواییدا بەشی خزمەتگوزاری وێبی ئامازۆن، فەیسبووک، ئەپڵ، مایکرۆسافت و یووتیووب گشتیان قوربانیی ئەو جۆرە هێرشانە بوون.

کاربەری ئاسایی ناتوانێ لە بەرامبەر هێرشی بی جی پی دا خۆی بپارێزێ، بەڵام بەرنامەی ساختە شتێکی دیکەیە. تەکنیکێک کە بکەرانی ساختەکاریی بۆ فریودانی کاربەران بۆ دابەزاندن و دامەزراندنی بەرنامەی مەترسیدار کەلکی لێ وەردەگرن ئەوەیە کە ئەوان زۆرجار بانگەشەی ئەوە دەکەن کە بەرنامەکە «کارایی باشتری هەیە.» بۆ خۆپاراستن لەو هەوڵانە دابەزاندنی پرۆگرامەکان دەبێ تەنیا لە شوێنی یاسایی دابەزاندنی ئەوانەوە بێ [وەک گوگڵ پلەی و ئەپستۆر] کە سازوکاری ئەمنیەتییان هەیە.

توێژەرەکان گوتیان ئەو لێکۆڵینەوە بە هۆی قەدەغەکرانی تێلێگرام لەو دوایيانەدا تەنیا جەختی لەسەر ئێران کردبوو. «بەڵام ئەو تەکنیکانە دەتوانێ لەلایەن هەر لایەنێکی ساختەچی کەلکی لێوەرگیرێ، جا بە پشتیوانیی دەوڵەت بێ یا نا.»

هەڕەشەی بە بارمتەگرتنی بی جی پی تەنیا تایبەت بە ئێران نییە. توێژەرەکان مانگی ڕابردوو گوتیان کە کۆمپانیایەکی پەیوەندیی بێتەلی چینی هێرشی بە بارمتە گرتنی بی جی پی بۆ سیخوڕیکردنی سایبێری لە ڕۆژئاوا بەڕێوە بردووە.

تێبینی: بی جی پی ئەو پرۆتۆکۆلەیە کە بۆ پەیوەندیی نێوان سیستەمی سەربەخۆ لە ئینتێرنێت کەلکی لێ وەردەگیرێت.






# حاشاکردنی ڕێژیم لە قەیرانەکان و هەناسەسواریی خەڵک

ئا: عەلی بداغی

دوو حەوتوویە ئەمریکا گەڕی دووهەمی سزاکانی خۆی سەپاندووەتە سەر ئێران، زنجیرە گەمارۆیەک کە بە مەبەستی بەچۆکداهێنانی یەکجارەکیی کۆماری ئیسلامی گرتوویەتە بەر؛ بەڵام تا ئێستاش کۆماری ئیسلامی بە ڕەسمی حاشا لەوە دەکا ئەم گەمارۆیانە کار بکەنە سەر ئابووریی ئەم وڵاتە. ڕەنگبێ بۆ زۆر کەسیش پرسیار بێ کە گەمارۆ نوێیەکان چۆن شوێن لەسەر ئابووریی ئێران و ئاستی بەرگەگرتنی ڕێژیم دادەنێن؟ هەموو دەزانین ئابووریی ئێران پشت بە فرۆشتنی نەوت دەبەستێ و وڵات هەتا ئێستاش بەستراوەیە بە داهاتی نەوتەوە. کەمبوونەوە لە داهاتی نەوت، ئاڵۆزی لە بازاڕی دراو، کێشە دروستبوون بۆ مامەڵەی بازرگانیی ئێران لە ئاستی جیهانیدا دەبنە هۆی کێشەخوڵقێنی بۆ ئابووریی ئێران، ئەویش ئابوورییەک کە بەهۆی گەندەڵیی سیستماتیک و ڕانتخۆری لە چوار دەیەی ڕابردوودا خۆی لە خۆیدا تێک تەپیوە و کەوتووەتە ئاویلکەدانەوە. لە گەڕی یەکەمی گەمارۆکاندا کە لە نێوان ساڵانی ١٣٩١_١٣٩٢دا گەیشتە چڵەپۆپەی خۆی و هەتا ساڵی ١٣٩٤ و بە بەرجام ڕاگیرا، نرخی گەشە و هەڵدانی وڵات بۆ خوار (٩-) دابەزی. فرۆشی نەوتی ئێران وەک تاکەسەرچاوەی سەرەکیی داهاتی وڵات گەیشتە لانیکەمی خۆی و، لەبەشی پەرەپێدانی کەرتی وزە و هەموو بوارەکانی دیکەدا وەبەرهێنەرانی بیانی ڕوویان لە ئێران وەرگێڕا. لەو سۆنگەیەوە بەشی پیشەسازیی وڵاتیش لە قوڕ چەقی و دەرگە لە بەشی بازرگانی گاڵە درا و کەرتی بیناسازی، خزمەتگوزارییەکان و کشتوکاڵیش بەرەوڕووی هەرەسهێنان بۆوە. دوای هەموو ئەو هەناسەسوارییە «بەرجام» بووە هۆی ئەوەی ئابووریی ئێران پشوویەکی بێتەوە بەر، بەڵام بەهۆی بەردەوامیی ئێران لە سیاسەتی قەیرانخوڵقێنی لە ئەمنیەتی ناوچەیی و جیهانیدا و تەرخانکردنی دراوە ئازادکراوەکانی ئێران لە سۆنگەی بەرجامەوە بۆ ناسەقامگیریی سیاسیی وڵاتانی ناوچە و هەوڵدان بۆ پەرەپێدانی بە چەکی کۆمەڵکوژ و مووشەکە بالستیکەکان کە دژایەتییان لەگەڵ ڕووحی بەرجام هەبوو؛ ئەمریکا لەو ڕێککەوتنە هاتە دەر و لە ئێستاشدا هەموو گەمارۆکانی پێشووی بە زیادەوە خستووەتەوە سەر ئێران. ڕاستە ئێران ئەزموونی باشی لە گەمارۆکانی پێشوو هەڵچنیوە و کەم و زۆر بە ڕێگاکانی دەورلێدانی سزاکانی زانیوە، بەڵام لەو لاش ئەمریکا هێندە دەستەوەستان دانەنیشتووە و مشووری لە هەموو ئەوانە خواردووە؛ بۆیە ئەمجارەیان بەرەوڕووبوونەوەیەکی سەخت لە نێوان ئەم دوو لایەنەدا ڕوو دەدا. ئەوەی لەو نێوەدا ئێران قەڵای هیوای لەسەر هەڵچنیوە بەندە بە چەندی و چۆنیی هاوڕێیەتی و هاوکارییەکانی ئۆرووپا و شەریکە ئابوورییەکانی دیکەی ئێران وەک چین و ڕووسیە لەگەڵ کۆماری ئیسلامی. بەڵام بێتوو ئەمریکا بتوانێ لە درێژەی گوشار و هەڵمەتە دیپلۆماسی و ئابوورییەکانیدا ئۆرووپا ڕەگەڵ خۆی بخا، ئەوە هەمان ئەم ڕۆژڕەشییەی ڕێژیمە کە بەپێی ئەزموونەکانی پێشووی هەڤرکێی نێوان ئەمریکا و ئۆرووپا ناکرێ دوورەدەست بێ. لەوەها بارودۆخێکدا گەشەی ئابووریی وڵات نەک هەر دەوەستێ، بەڵکوو بە تەواوی دادەڕمێ؛ هەناردەی نەوتی ئێران بۆ کەمتر لە یەک میلیۆن بۆشکە لە کەمی دەدا؛ بەشی پیشەسازیی وڵات بە تەواوی ئیفلیج دەبێ و لەو سۆنگەیەوە بێکاری و گرانی سەر لە کێوان دەدا. پێشبینییەکان بۆ بارودۆخی ئابووریی ئێران لە بەردەوامیی گەمارۆکان لە حاڵێکدایە کە «بانکی جیهانی» ڕایگەیاندووە کۆماری ئیسلامی پتر لە ٦ میلیارد دۆلاری پێ قەرزدارە. لە نوێترین ڕاپۆرتی بانکی جیهانیدا هاتووە کە ئێران لە ماوەی یەک داڵی ڕابردوودا ٥٣٣ میلیۆن دۆلاری لە بنیاتە ماڵییەکانی سەر بەو بانکە قەرز کردووە کە لەچاو ساڵی ٢٠١٦ پێنج هێندە زیادی کردووە. بەپێی دوا ڕاپۆرتی ئەو ناوەندە جیهانییە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ئێستادا ٦ میلیارد و ٢٧٦ میلیۆن دۆلار قەرزدارە و بە لەبەرچاوگرتنی گەڕی نوێی گەمارۆکان زەحمەتە کۆماری ئیسلامی بتوانێ لەمساڵ و ساڵانی داهاتووشدا لەو ناوەندە ماڵییە قەرز بکا و دراوێک بۆ نێوخۆ ڕاکێشێ. کەوتنە تەنگانەی کۆماری ئیسلامی لە بارودۆخی ئێستا لە سۆنگەی پشتیوانیی لە تێرۆریسمی جیهانی لە حاڵێکدایە کە باری قورسی گوشاری ئەم گەمارۆیانە هەتا ئێستاش هەر لەسەر شانی خەڵکە، کەچی لەولا و سەرەڕای ئەو هەلومەرجە نالەبار و کارەساتە سیاسەتی ڕێژیم لە پێوەندی لەگەڵ پشتیوانییەکانی لە تێرۆریسم نەگۆڕاوە. ڕۆژی ١٣ی نۆڤامبر، نیتێن ئەی سیلز، ڕێکخەری بەشی دژەتێرۆر لە وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا ئاشکرای کرد کە کۆماری ئیسلامیی ئێران لە ساڵدا لانیکەم یەک میلیارد دۆلار لە داهاتی ئەم وڵاتە بۆ پشتیوانی لە تێرۆریزم خەرج دەکا و لە سفرەی خەڵک دەدزێ و گیرفانی حیزبوڵڵا، حەماس و حوسییەکانی پێ پڕ دەکا. ئەو کاربەدەستەی ئەمریکا لە کۆبوونەوەیەکی «بنیاتی سیاسەتی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست»دا ڕایگەیاند: «ڕێژیمی ئێران گەورەترین نیزامی سیاسیی پاڵنەر و پشتیوانی تێرۆریزمە لە جیهاندا، ئەویش لە کاتێکدا خەڵکی ئەم وڵاتە نوقمی هەژاری و بێدەرەتانییە و تێچووی هەموو ئەم دەستدرێژی و بەرنامە تێرۆریستییانە لە گیرفانی خەڵک دێننە دەرێ.» ماڵپەڕی «باڵوێزخانەی مەجازیی ئەمریکا لە ئێران»یش لە ڕاپۆرتێکدا ئامارێکی لەو حاتەمبەخشییەی کۆماری ئیسلامی بڵاو کردووەتەوە. بەپێی ئەو داتایە کۆماری ئیسلامی هەموو ساڵێ ٧٠٠ میلیۆن دۆلار دەداتە حیزبوڵڵا و بە پێدانی سەدان میلیون دۆلاری دیکەش بە گرووپە تێرۆریستییەکان لە وڵاتانی یەمەن، عێراق، سووریە و بەحرەین وەک پشتیوانی سەرەکیی تێرۆریسمی دەوڵەتی لە جیهاندا خۆی دەرخستووە. ڕێژیم هەروەها بێ ئەوەی گوێ بداتە بارودۆخی ئابووریی وڵات و لە خەمی کێشەکانی خەڵک و کۆمەڵگەدا بێ، ئەولەوییەتەکانی هەروا پڕچەککردنی خۆی و پەرەپێدان بە توانا مووشەکی و هێرشبەرییەکانیەتی.

# بەردەوامبوون لە بەئەمنیەتیکردنی داخوازییەکانی خەڵک

حەمدی شاوەیس

هاوکات لەگەڵ پەرەسەندنی ناڕەزایەتییەکان دژ بە نیزامی دیکتاتۆریی کۆماری ئیسلامی ئێران و گوێنەدانی بەرپرسانی دەوڵەتی و حکوومەتی بە داواکاریی چین و توێژە جۆراوجۆرەکانی خەڵکی وڵات، دەزگا ئەمنیەتییەکانی ئەم ڕێژیمە دەستیان داوەتە گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکان و جیابیران. لە ماوەی تەنیا ١٥ ڕۆژی ڕابردوودا کە شەپۆلێکی دی لە ناڕەزایەتییەکان لە نێو چین و توێژە جیاوازەکاندا لە ئێران دەستی پێکردۆتەوە و ئەگەری زیاتر پەرەسەندنیشی هەیە، لایەنی دەسەڵات هەمدیسان بەجێی گوێگرتن لە ویست و داواکارییەکانی خەڵک و هەوڵدان بۆ چارەسەریی کێشەکان لە ڕێگای وەدیهێنانی ویستی خەڵک، بە دەخاڵەتی هێزە سەرکوتکەرەکان و دەزگا ئەمنیەتییەکان، لە شەپۆلێکی نوێی سەرکوتدا بە دەیان کەس لە چالاکان، نوێنەرانی خەڵکی ناڕازی و جیابیرانیان دەستبەسەر کردووە و، ڕاپێچی بەندیخانەکانیان کردوون. ناڕەزایەتییە بەرینەکانی کرێکارانی حەوتتەپەی نەیشەکەری خوزستان و مانگرتنی بەربڵاوی مامۆستایانی قوتابخانەکان لە زۆرێک لە شارەکانی ئێران و کوردستان، کە ویستەکانیان ڕەوا و بەرحەقن، تا ئێستا جیا لە هاشاول بۆ بردنیان، بریندارکردن و دەستبەسەرکردنیان هیچ وڵامێکی شیاوی لە لایەن دەسەڵاتەوە وەرنەگرتووەتەوە. کرێکارانی نەیشەکەری حەوتتەپە کە بە شێوەیەکی تەواو مەدەنی و ئاشتیخوازانە و لە خۆنیشاندانێکی هێمنانەدا و بە دیاریکردنی نوێنەرانی خۆیان بۆ تەرحی داواکارییەکانیان، دژ بە دەستحەقی وەدواکەوتوویان و نیزامی بەڕێوەبەریی ئەم شیرکەتە کە وەک خۆیان باسی دەکەن بە شێوەیەکی زۆر لاواز و ناشارەزایانە بەڕێوە دەچێت، هەڵوێستیان گرتووە. کەچی نەتەنیا بەرپرسێکی دەوڵەتی و ئیداری گوێی لێ ڕانەگرتوون، هێزی دژە شۆڕشیان کردوونە سەر و بە باتۆم و گازی فرمێسکڕێژ هێرشیان کراوەتە سەر و نوێنەرانیان قۆڵبەست و بۆ لێپێچینەوە ڕەوانەی گرتووخانەکان کراون. مامۆستایانی ناڕازیی بە مووچەی دواکەوتووی چەند مانگەیان و نیزامی ئامووزشیی سەقەت و پێڕانەگەیشتن بە بارودۆخی قوتابخانەکان، کە لە حەرەکەتێکی مەدەنی و شارستانیانەدا مانیان گرت و بۆ ماوەی تەنیا دوو ڕۆژ خۆیان لە چوونەسەر کلاس بوارد، بە توندی بەرخورد لە گەڵ نوێنەرانیان کرا و چەند کەسێکیان لێ دەستبەسەر کراوە. لەم پێوەندییاندا دەوڵەت وەک هەمیشە دەریخست کە چەندە بێدەسەڵات و نامەسئولە و لە وەخی و ساتی ئاوادا ئەوەی لە بیری نامێنێ ئەرک و دەروەستی و بەڵێنەکانیەتی. لە بۆشایی وڵامدەربوونی دەوڵەت و وەزارەتە پێوەندیدارەکانی کار و پەروەردەدا، ناوەندە سەرکوتکەر و ئەمنیەتییەکانی ڕێژیم هاتوونە دەنگ و بە توندترین شێوە بەرانبەر بەم ناڕەزایەتییانە وەک هەمیشە ڕێکاری سەرکوتکارانەیان گرتۆتە بەر. لێدان و بێڕێزیکردن بە کرێکارانی حەوتتەپەی خۆزستان، هەڕەشە و گوڕەشە لە کرێکارانی ناڕازی، گرتن و بێ سەروشوێنکردنی نوێنەرانی شووڕا کرێکارییەکان تا ئێستا تەنیا جوابگەلێک بوون کە بەرانبەر بە ویستە ڕەواکانی ئەم توێژە زەحمەتکێشەی کۆمەڵگا گیراوەتە بەر. ئێستا کە ناوەندە ئەمنییەتییەکان ئەرکی دامرکانەوەی ئەم ناڕەزایەتییانەیان گرتووتە دەست، هەوڵ دەدەن نێوەرۆکی حەرەکەتە ناڕەزایەتییەکان و فۆرمی ئەم ناڕەزایەتیانە بەلاڕێدا بەرن. ئەوان بە پێچەوانەی مەدەنیبوونی فۆرمی ناڕەزایەتییەکان، بە خزاندنی کەسانی سەر بە خۆیان لەو چەند ڕۆژەدا بۆ نێو ڕیزی خۆپیشاندەران، هەوڵیان داوە شکڵی ئەم ناڕەزایەتییانە بگۆڕن بۆ هەڵوێستی توندوتیژ بۆ ئەوەی بیانووی سەرکوتی زیاتری کرێکارانیان دەست بکەوێ. تەنانەت وەک کرێکارانی ناڕازی خۆیان باسی دەکەن لەو چەند ڕۆژەدا دەستوپێوەندەکانی دەزگای ئەمنیەتیی ڕێژیم کە بۆ ئەوان ناسراون، هەوڵیان داوە بە مەترەحکردنی داواکاری و دانی درووشمی جێی گومان کە لە ویست و داخوازیی کرێکارانەوە دوورە، نێوەرۆکی داواکارییەکانی ئەوان بەلاڕێدا بەرن. هەر بۆ ئەم مەبەستە پیلانگێڕییە، وەک بەشێک لە گیراوانی کرێکاری باسیان کردوە، ناوەندە ئەمنییەتییەکان ویستوویانە لە ژێر هەڕەشە و گوڕەشە و ئەشکەنجەدا، ناچاریان بکەن کە بەپێچەوانەی ئیرادەی خۆیان دان بە هێندێک شتدا بنێن کە پێی تۆمەتبار بە دەستێوەردانی دەستوپێوەندی دەرەکی بکرێن. هەر لە پێوەندی لەگەڵ گرتن و ڕاوەدوونانی چالاکان و جیابیراندا، لە ماوەی چەند حەوتووی ڕابردوودا لە کوردستان شەپۆلێکی دیکە لە گرتنی چالاکانی سیاسی، مەدەنی و فەرهەنگی دەستی پێکردوە کە دەری دەخا دەسەڵات لە دۆخی ئێستای خۆی ترسی ڕێ نیشتووە و بەم جۆرە دەیهەوێ وەک سیاسەتی کۆنی هەمیشەیی خۆی خەڵک چاوترسێن بکا. بەڵام بەخۆشییەوە ئاستی وشیاریی خەڵک و بەرینبوونەوەی ناڕەزایەتییەکان و بێئاکامبوونی سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی ڕێژیم، چیدیکە ناتوانێ پێش بە ڕەوتی خێرای گۆڕانکارییەکان لەم وڵاتەدا بگرێ و داهاتوویەکی گەش چاوەڕوانی خەڵکی ئێران بە هەموو پێکهاتە و چین و توێژەکانییەوە دەکا. ئامارە ڕەسمییەکان دەڵێن یەک لە سێی خەڵکی ئێران لەژێر هێڵی هەژاریی موتڵەقدا دەژین و نیزیک سەتا دەی خەڵکی وڵات لەژێر "هێڵی برسێتی"دا جێ دەگرن، کاربەدەستانیش نایشارنەوە کە نیزیک بە دوو میلیون کەس لە ئێران توانای دابینکردنی ژەمە خواردنەکانی ڕۆژانەیشیان نییە و حکومەتیش تەنیا بە توندوتیژی وەڵامی ئەم داخوازانەو دەداتەوە. لەو نێوەدا زۆربەی کۆمەڵناسان ڕایان وایە خەڵک چەندی هەژارتر بن ئەوەندە زیاتر لە جیاتی ئەوەی لە ڕێگای دیموکراتیکەوە بەدوای ماف و داواکانیانەوە بچن، مەیلی سەربزێوی و سەرهەڵدان پاڵیان پێوە دەنێ و بەرەو ڕووخاندنی حوکمەت هەنگاو دەنێن.

***



برایم چووکەڵی

## چیرۆکی حەماسەخوڵقێنیی پێشمەرگەکانی دەڤەری شیمالی کوردستان

له هەموو شۆڕشێک و به تایبەتی شۆڕشی کورد و به تایبەتیتر خەبات و بەرخودانی پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکراتی کوردستان دژی کۆنەپەرستی و زۆلم و زۆرداران، دەیان و سەدان حەماسەی گەورە و چووکە و لەخۆبوردووییان له ئاسمانی خەباتی ڕەوای گەلی کورددا وەک ئەستێرەیەکی پرشنگدار ماوەتەوە و مێژووی خەباتی گەلەکەمان بەو حەماسانەوە دەناسرێتەوە. لەو پێوەندییەدا حیزبی دێموکرات ڕێگایەکی دوورودرێژی بڕیوە. ئەگەر باسی خەبات و بەرگرییە چەکدارییەکەی بکەین ڕێگایەک بووە که دوژمن بەسەریدا سەپاندوە و که پڕ له تەنگ و چەڵەمەش بووە، له هەوراز و نشێو، له شکست و سەرکەوتن، بەڵام لەو هەمووە کەند و لەندەدا هیچ هەلومەرجێکی سەخت و دژوار، تەنانەت هیچ سەردەمێکی ڕەش نەیتوانیوە بەر به درێژەدانی خەباتی تێکۆشەرانی بگرێ و ئەوان له هەموو هەلومەرجێکی ناسکدا توانییان ئاڵای خەبات هەر شەکاوە ڕابگرن. خۆی ئەو خەباتە نیشانەی بەرحەقبوونی ئامانجەکانی و ئازایەتیی ڕۆڵەکانیەتی. به هاتنی هەر وەرزێک لاپەڕەیەکی زێڕین له خەبات و تێکۆشانی هێزی پێشمەرگە دەنووسرایەوە. لاپەڕەیەک که به پانتایی و درێژایی کوردستان جێگای هیوا و هومێدی هەموو گەلانی ئێرانیش بوو. خەڵک و پێشمەرگە له کوردستان وزە و توانای خۆیان یەک دەخست و به گژ دوژمنی کورددا دەچوونەوە. سەرماوەزساڵی ١٣٦٤ بوو، سەرماوەزێکی زۆر سارد و تووش نا، بەڵام له ناوچەی شیمالی کوردستان بەهۆی کوێستانی بوونی ناوچە بارودۆخەکە جیاواز بوو. مانگ مانگی پێشمەرگە بوو، مانگێک که پێشمەرگەی پێ ناودێر کرابوو. ڕۆژی ٥ی سەرماوەز بەفر زۆر جێگای کوردستانی سپی کردبوو. هێزەکانی کۆماری ئیسلامی که له دەرفەتێک دەگەڕان بتوانن زەبرێک له هێزی پێشمەرگەی کوردستان بدەن، لەم ڕۆژەدا پەلاماریان بردە سەر گوندی «مسکێنی» له ناوچەی شیمالی کوردستان بۆوەی خەڵکی ئەو گوندەش وەک زۆر له گوندەکانی دیکەی کوردستان قەتڵوعام بکەن. هەواڵی هێرشی هێزی داگیرکەر به پێشمەرگەکانی حیزبی دێموکرات لەو ناوچەیە گەیشت. هێزی پێشمەرگە لێ بڕان دەرسێکی باش به هێزەکانی دوژمن بدەن و وەهایان بتاسێنن چیرۆکەکەی زاربەزار بڕوا و سینگ به سینگ بگوازرێتەوە. هێزی پێشمەرگەی بەجەرگ و خاوەن ئەمەگی نیشتمان لەو مەڵبەندە، مەچەکی پیاوەتی وئازایەتییان لێ هەڵ کرد و چەکی دیفاع و مان و مەوجوودیەتی گەلەکەیان تاو داو بڕیاریان دا ڕێگای شەڕەف ببڕن و سەرکەوتنیان به خوێن بکڕن. ئەوانە ڕۆڵەی تۆڵە و دەریای خرۆشانی ڕقوقین له دوژمنان و خوێنمژان و دەستە بەری ئازادی نیشتمان بوون که له ماوەیەکی کەمدا له شەڕێکی حەماسە خوڵقێندا توانیان گورهانی زەربەتی تیپی «جندالله» له دەوروبەری ئاوایی له داو بخەن و زەبرێکی کاریگەر له دوژمن بدەن. تێکۆشەرانی دێموکرات بەجۆرێک له دوژمن ڕاسان که مەجالی دەستکردنەوەیان لێ بڕین و هێزە کۆک و پۆشتەکەی جەماران لەبەرامبەر هێزی ئاوا قارەماندا جگە له کونجی چارەڕەشی هیچ ڕێگایەکی دیکەیان بۆ خۆیان نەهێشتەوە. لەو حەماسەیەی هێزەکانی پێشمەرگەدا هەر هەموو گورهانەکە لەبەر یەک هەڵتەکا و ئاداری بەسەر پاداریەوە نەما. ئەوەی لای فەرماندەرانی پێشمەرگە گرینگ بوو ئەمە بوو که له مەیدانی شەڕدا بیر له زۆر لایەنی ئەو شەڕە کرابۆوە که یەکێک لەوانە کەمین نانەوە له سەر ڕێگای هێزی یارمەتیدەری دوژمن بوو، هەر بۆیەش دوژمن که بۆ پاکسازیی ئەو گوندە هاتبوو، هێزێکی تازە نەفەسی بەڕێی شوێنی لەداوکەوتووەکان کرد، که ئەوانیش له شوێنێکی دیکە کەوتنە کەمینی پێشمەرگەوە و ژمارەیەکی زۆریان لێ کوژران و بریندار بوون و ناچار به شکان و پاشەکشە کران. ئەوەی لەو عەمەلیاتەدا جێگای باسە مەسەلەی غافڵگیری دوژمنە که یەکێک له ئەسڵەکانی شەڕی پارتیزانییە و بەهۆی گۆڕینی گۆڕەپانەکانی شەڕ له کوردستان له شەڕی جیبهەییەوە بۆ شەڕی پارتیزانی، هێزی پێشمەرگەی حیزبی دێموکرات به وردی هەنگاوی بەرەو ئەو تاکتیکە هەڵ دێناوە. دیارە ئەگەرچی هێزی پێشمەرگە ماوەیەکی دوورودرێژ بوو بەشەڕی جبهەیی ڕاهاتبوون، بەڵام ئەو ساڵە به گۆڕینی ئەو تاکتیکە ئەزموونی باشیش دەست کەوت، لایەنێکی دیکەی ئەو عەمەلیاتە گرینگییەکەی لەوەدا بوو که هەموو کارەکان وەک دارشتنی گەڵاڵەی شەڕ و دابەشکردنی ئەرک و بەرپرسایەتییەکان و جێگیربوونیان له شوێنەکان له ماوەی نیو سەعاتدا جێبەجێ کرابوون و کاتێک دوژمن دەنگی تەقەی تفەنگی پێشمەرگەی بیست سەری سووڕ ما و بەتەواوی سەری لێ شێوا. خاڵی موسبەتی دیکەی ئەو عەمەلیاتە لەوەدا بوو که هەموو بەشەکانی عەمەلیاتەکە، واتە تیمی کەمین، تیمی هێرش، تیمی کێشانەوەی بریندار، تیمی پشتیوانی، تیمی ئاوری توند، تیمی کۆکردنەوەی دەسکەوت و تیمی ڕاگواستنی دیل بەباشترین شێوە کارەکانیان بەوەخت ڕاپەڕاند. ئەویش لەحاڵێکدا که تازە هێزی پێشمەرگە قۆناغێکی نوێی لەو جۆرە تاکتیکانەی شەڕدا دەست پێکردبوو، و ئەمە ئەزموونێکی زۆر باش و سەرکەوتوو بوو. بەرگی براوەی ئەو عەمەلیاتە بێجگە لەوانەی ئاماژەیان پێکرا، دوو مەسەلەی زۆر گرینگ بوون. یەکیان نەزم و دیسیپلین که سەرکەوتنی بۆ هێزی پێشمەرگە مسۆگەر کرد. دووهەم نهێنی کاری و ئەسڵی غافڵگیریی دوژمن بوو، بۆیەش هێزەکانی ڕێژیم وەها تاسابوون که توانای دەستکردنەوەیان نەبوو. هەر ئەوەش بووە هۆی ئەوە که قارەمانەکانی دێموکرات لاپەڕەیەکی دیکە لەسەرکەوتنەکانی خۆیان بۆ نەتەوەکەیان له مێژوودا تۆمار کرد. لەم شەڕەدا که ڕۆژی ٥ی سەرماوەز کرا و ماوەی ١٠ سەعاتی خایاند، زیاتر له٨٠ کەس له هێزەکانی ڕێژیم کوژران و بریندار بوون و چەندین کەسیشیان لێ به دیل گیرا. هەروەها دەیان قەبزە چەکوچۆڵی جۆراوجۆری دوژمن به دەسکەوت گیران، ئەوەش که تاڵیی ئەو شکستەی بۆ دوژمن چەند قات کردبوو ئەوە بوو که تاقە یەک پێشمەرگەش لەو شەڕەدا لووتی له خوێن نەهاتبوو و هێزی پێشمەرگە لەنێو خۆشحاڵیی خەڵکدا، ساغ و سلامەت و به سرووودی هێزی پێشمەرگە نابەزن له مەیدانی شەڕ دوور کەوتبوونەوە.



خالید حەسەنپوور

# خەرمانان و دوو ڕووداوی لەبیرنەکراو






ڕۆژی ١٧ی خەرمانان به هەموو تاڵی و سوێرییەکانی چووە نێو مێژووی حیزبی دێموکرات و گەلی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان. لەو ڕۆژەدا کۆماری ئیسلامی هەم هێرشی کردە سەر قەڵا وەک مەکۆی پارێزگاری له تێکۆشەرانی دێموکرات و هەم به ئێعدامی چەند ڕۆڵەیەکی تێکۆشەری سیاسیی کورد ویستی گەلی کورد له ڕۆژهەڵات چاوترسێن بکا. نەفسی ئەم کارە بێجگە لەوەی نیشانەی لێکگرێدراویی ئەو دوو بەستێنەیە، هەڵگری دوو پەیامیشە لەو پێوەندییەدا. یەکەم؛ ویستی به حیزبی دێموکراتی کوردستان بڵێ که چیدی تەحەمولی گوتاری سیاسی و تێکۆشانی ڕێکخراوەیی ناکا، و پێویستە سنوورێک بۆ هەڵسوکەوتی سیاسی و ڕێکخراوەیی ڕوو به ڕۆژهەڵاتی کوردستان دابنێ. دوهەم؛ ویستی به خەڵکی کوردستان و لاوانی کورد بڵێ که ئەگەر وەدوای حیزبی دێموکراتی کوردستان کەون بەرەوڕووی ئەو مەترسییانەش دەبنەوە. ڕێژیم له خۆڕا قەڵای دێموکراتی به ئامانج نەگرت. ئەم قەڵایە ئەگەر له لایەک بنکەی سەرەکی حیزبی دێموکراتی کوردستانە و حیزبی دێموکراتیش یەکێک لەو هێزانەیە که گوتار و سیاسەت و پراکتیکەکەی له نێو خەڵکدا زۆرترین پێشوازیی لێ دەکرێ، لەلایەکی دیکەوە ئەو قەڵایە سەمبولی خۆڕاگریی پارێزەرانی ڕۆژهەڵاتە. بۆیە ئەگەرچی ڕووی پەیامی کۆماری ئیسلامی دە قەڵایە، بەڵام له ڕێگای قەڵاشەوە پەیامێکە بۆ هەموو لایەنەکانی نێو بزووتنەوەی کورد و گەلی کورد له ڕۆژهەڵاتی کوردستان. شەهیدبوونی ژمارەیەکی زۆر له ڕۆڵە هەڵکەوتووەکانی حیزب لەو هێرشەدا، بێجگە لەوەی کەلێنێکی ڕێبەری و مودیریەتییە بۆ حیزب، کەلێنێکی گەورەشە بۆ بنەماڵە سەربەرزەکانیان. هەرکام لەو شەهیدانە بەرهەمی سێ تا چوار دەیە تێکۆشانی هەمەلایەنە له بەستێنی جۆراوجۆری خەباتی چەکداری، کاری مەیدانی و سیاسی و دیپلۆماسی و هەروەها ڕێکخستن بوون. ئەو شەهیدانە له ڕیزی ئەو تێکۆشەرانەدا بوون، که بۆماوەی زیاتر له دوو دەیە و نیو، ئەو کاتە که بزووتنەوەی کورد له ڕۆژهەڵات له نێو ڕکوودێکی سیاسیدا بوو، به پشوودرێژی لەو بەستەڵەک و بنبەستەدا، به هیواداری به داهاتوو بەرگەیان گرت و ئاڵای بەربەرەکانییان شەکاوە ڕاگرت. هەر ئەوانە بوون که بەرگەی تیری لۆمەی یار و نەیاریان گرت، که تەوس و توانجیان تێ دەگرتن و پێیان دەگوتن که له ‹‹دەشتی کۆیە زەمینگیر بوون››بەڵام تەوس و توانجی هیچ لایەک کاری لەسەر ورەی پۆڵایین و پشوودرێژیان نەکرد، چونکە دەیانزانی که له کوێ ڕاوەستاون و چ ئاڵایەکیان بەدەستەوەیە. ئەوان و هاوڕێیەکانیان به ئێسک و پێستەوە ئەوەیان دەرک کردبوو کە، بۆ ئەوەی دڵی حیزبی دێموکرات وەک هێزێکی کاریگەر له جووڵانەوەی کورد، له لێدان نەکەوێ و به گەشاوەیی بمێنێتەوە، پێویستە ئەوان ژیانی خۆیان بکەنە قۆچی قوربانی. بۆیە هەرچەند خۆڕاگری و فیداکاری هەرکام لەو شەهیدانە و هاوڕێ زیندووەکانیان له گۆڕەپانەکانی شەڕ دژی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی له کوردستاندا، لاپەڕەیەکی زێڕینە له ژیانی ئەوان و حیزبەکەیاندا، بەڵام لەوەش گرینگتر مانەوە و خۆڕاگرییە له نێو قەڵای دێموکرات له بیست و پێنج ساڵی ڕابردوودا. ئەو خۆڕاگری و پشوو درێژییە به سەرنجدان به باندۆری سیاسی، ئیتلاعاتی و سەربازی ڕێژیم له نێوخۆ و دەرەوەدا، دەچێتە خانەی خۆڕاگرییەکی کەموێنە له چەشنی خۆڕاگری قەڵای دمدمەوە. یەکێک لەو لاپەڕە زێڕینانەی دیکە که بەدوای ئێعدامی لاوانی کورد و مووشەکبارانی قەڵای دێموکراتدا ڕووی دا، مانگرتنە گشتییەکەی ڕۆژی ٢١ی خەرمانانی گەلی کورد بوو له ڕۆژهەڵاتی کوردستان. ئەو مانگرتنە ئەگەرچی لەلایەن ناوەندی هێزەکانی کوردستانی ئێران به ڕاوێژ دەگەڵ چالاکانی بوارە جۆراوجۆرەکان لەنێوخۆ بانگەشەی بۆ کرابوو، بەڵام قووڵایی سیاسەتی درووست و ئوسوولی حیزبی دێموکراتی له مەڕ خەباتی مەدەنی و جەماوەری دەرخست، که نیزیکەی یەک دەیەیە بانگەشەی بۆ دەکا. حیزبی دێموکراتی کوردستان لەسەر بنەڕەتی خوێندنەوەیەکی درووست له بارودۆخی جووڵانەوەی کورد له ڕۆژهەڵات و، هەڵسەنگاندنی وەزعی نیزامی ڕێژیم، خەڵکی کوردستان و هێزەکانی ڕۆژهەڵات، بەو ئاکامە گەیشت که دەگەڵ ئەوەی خەباتی پێشمەرگانە و لەوەش بەربڵاوتر خەباتی چەکداری بەرامبەر بەو ڕێژیمە که له هەموو شێوازەکانی سەرکوت کەلک وەردەگرێ ڕەوایە، بەڵام بەسەرنجدان به گۆڕانی پارسەنگی هێزی سەربازی به سوودی ڕێژیم، پێویستە له پتانسێلەکانی دیکەی خەبات و تێکۆشان دژی ڕێژیم و بۆ بەدیهێنانی مافەکانی گەلی کورد له ڕۆژهەڵات کەلک وەرگیرێ. گرتنەبەری سیاسەتێکی ئەوتۆ پەیوەندی به دوو فاکتۆری دیکەوە هەبوو، که یەکیان سیاسەتی ڕۆژهەڵات تەوەری و ئەوی دیکەش وێژمانێکی نوێ لەبارەی شێوازی خەباتی سیاسی_مەدەنی بوو. دەگەڵ ئەوی ئەو دوو تەوەرە پێوەندییەکی سروشتی و دەکرێ بڵێین مەنتیقییان پێکەوە هەیە، بەڵام له عەینی حاڵدا یەکیان بەستراوەتەوە بەوی دیکەوە. لەو هەلومەرجەدا بەتەنێ گوفتمانی خەباتی سیاسی_مەدەنی به بێ دیاریکردنی چوارچێوەیەکی وەک ڕۆژهەڵات تەوەری زەحمەت بوو. چوونکە دەگەڵ ئەوەی ئەوشێوازە خەباتە پێش گوفتمانی حیزبی دێموکراتی کوردستان له ڕۆژهەڵاتی کوردستان کەم و زۆر دەگۆڕێدا بوو. بەڵام هەم ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی و هەم هێندێک لایەن خەریک بوون بەملاولادا به لاڕێیدا ببەن. بۆیە وێژمانی ڕۆژهەڵات تەوەری لەلایەک خۆی کردە ساحەبی جووڵانەوەی مەدەنی_سیاسی که له حاڵی پەرەگرتندا بوو و، لەلایەکی دیکەوە نووکە ڕمبی ئەو شێوە خەباتەی له نێوەخۆی ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە بۆ دەرەوەی کوردستان گۆڕی و ڕووی پێ له حاکمییەتی کۆماری ئیسلامی کرد. ڕەنگبێ ئەوە یەکێک لەو هۆکارانە بێ که حیزبی دێموکراتی کوردستان لەو چەند ساڵەدا بۆتە نووکی هێرشی کۆماری ئیسلامی. حیزبی دێموکراتی کوردستان به دەرککردنی ئەو ڕاستیە که ڕێژیم لەو چەند دەیەی ڕابردوودا، هەم له نێوخۆی ئێران و هەم له ئاستی ناوچەدا پەرەی ئەستاندبوو، و به کردەوە هێزەکانی کوردی ڕۆژهەڵاتی له بەستێنی خۆیان دوور خستۆتەوە، یان دەبوو تەسلیمی ئەو چارەنووسە بێ که ڕێژیم بۆی هەڵبژاردووە و له چوارچێوەی بازنەیەکی داخراودا بسووڕێتەوە، یان دەبوو ئەوچارەنووسە بگۆڕێ و به سەر ئەو ئۆردووگایانەدا له ڕووی فکرییەوە باز بدا و، سیاسەت بەرێتەوە نێو کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان و دەور و نەقش بداتەوە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان. ئەوە بوو که تاکتیکی کەلکوەرگرتن له دەرفەتەکانی وەک تەوەری سەرەکی خەبات و تێکۆشان بۆ خەڵک دەستنیشان کرد، که ئەو شێوازە بەکردەوە دەگەڵ هەلومەرجی خەباتەکە و ژیانی خەڵکەکە دەگونجا. بەو کارەش حیزبی دێموکرات هەنگاوێکی درووستی له ڕێگایەکی درووست هەڵێناوە. ئەگەرچی بانگەشەی مانگرتنی گشتی له لایەن ناوەندی هێزەکانی ڕۆژهەڵاتەوە هاتە کایەوە، بەڵام بێگومان ئەو مانگرتنە بەبێ ژێرساختێک که له سەر شانی چالاکانی مەدەنی پێکهاتووە و هەروەها ئینتیمایەکی که ئەو ژێرساختە له ڕووی سیاسییەوە دژی ڕێژیم هەیبوو، نەدەهاتە دی. ئەوە هەمان جووڵانەوەیە که له چەند ساڵی ڕابردوودا حیزبی دێموکراتی کوردستاندا له تەشویق و هاندانیدا دەوری هەبووە و زۆرجاریش لەسەری پیاوخراپ بووە. له ڕاستیدا ڕۆژی ٢١ی خەرمانان دۆست و دوژمن چاوی به هەستانەوەی گەلێک کەوت که کوشتاری بەکۆمەڵ، ئێعدام و ئەشکەنجەی ڕۆڵەکانی و لێدانی سەری بزووتنەوەکەی، هێشتا له پێی نەخستووە و به بەژنی بریندار و شەڵاڵی خوێنەوە، خەریکە به گژی ڕکەبەرەکەیدا که کۆماری ئیسلامییە دەچێتەوە. ئەوە وەک داستانی ئەو قارەمانەی مشتەکۆڵە دەچێ، که دوای ئەوەی ١٢ ڕاند له ژێر زەبری ڕکەبەرەکەی دایە، له ڕاندی سێزدە له حاڵێکدا ئارەقە و خوێن له هەموو لەشی دەتکێ، به هێزی بیروباوەڕ خۆ دەگرێتەوە و ڕووبەڕووی حەریفەکەی دەبێتەوە و به سەریدا زاڵ دەبێ و شکستی دەدا.

## کوژران و برینداربوونی ١٥١ کۆڵبەر و گیرانی ٤١٥ کەس

له سەرەتای پاییزی ئەمساڵەوە تا ئێستا لانیکەم ٤٦ کۆڵبەر و کاسبکاری ناوچە سنوورییەکانی کوردستان بە تەقەی هێزە چەکدارەکانی کۆماری ئیسلامی و لە ئاکامی ڕاوەدوونانی هێزەکانی ڕێژیمدا کوژراون و بریندار بوون. لە ماوەی ئەم دوو مانگەدا لە کوردستان زیاتر لە ١٥ کەس بە تەقینەوەی مینە لەکارنەخراوەکان کوژراون و بریندار بوون کە شوناسی ١١ کەس لەوان بۆ ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان ئاشکرا بووە. هەر لەو ماوەی ئەم دوو مانگەدا ١٤٨ کەس لە چالاکان و هەڵسووڕاوانی کورد بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی دژی کۆماری ئیسلامی گیراون و ژمارەیەک لەوان دادگایی و سزای قورسی هەتا ١٥ ساڵ بەندکرانیان بەسەردا سەپاوە. هەروەها ٨ بەندکراوی کوردیش بە بڕیاری دەزگای دادی کۆماری ئیسلامی لە دار دراون. ناوەندی مافی مرۆڤی ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەڵێ لە سەرەتای ئەمساڵەوە تا ئێستا ١٥١ کۆڵبەر و کاسبکاری کورد بە تەوەی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی کوژراون و بریندار بوون. ٤١٥ کەس بە تۆمەتی چالاکیی ئەمنیەتی گیراون و ٤٣ بەندکراوی کوردیش لەدار دراون.

## بڕیارنامەی نوێی نەتەوە یەکگرتووەکان دژ بە ئێران

کۆمیتەی سێهەمی کۆڕی گشتیی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، ڕۆژی پێنجشەممە ٢٤ی خەزەڵوەر، بە پەسندکردنی بڕیارنامەیەک نیگەرانیی خۆی سەبارەت بە پێشێلکرانیی بەردەوامی مافی مرۆڤ لە ئێران دەربڕی. لەم بڕیارنامەیەدا بەتوندی سەبارەت بە «بەربەستی بەربڵاو، زەوتکردنی ماف و ئازادیی بیروڕا و هەڵاواردنی ئایینی» و هەروەها ئەم فەرق و جیاوازییانەی دژ بە ژنان لە قانوونەکانی ئێراندا هەن، ڕەخنە لە کۆماری ئیسلامی گیراوە و داوای لێکراوە کۆتایی بەو بارودۆخە بێنێ. ئەم بڕیارنامەیە کە لە لایەن کاناداوە پێشنیار کرابوو، بە هێنانەوەی ٨٥ دەنگی بەڵێ، ٣٠ دەنگی نەخێر و ٦٨ دەنگی بێلایەن، پەسند کرا. چاوەڕوان دەکرێ ئەو بڕیارنامەیە لە مانگی داهاتوودا و لە کۆبوونەوەی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکاندا لەلایەن سەرجەم ئەندامانی ئەم ڕێکخراوەیەوە پەسند بکرێ.
کۆماری ئیسلامیی ئێران یەک لەو ڕێژیمە سیاسییانەیە کە لە چوار دەیەی ڕابردوودا لە ئاستی نێونەتەوەییدا بەردەوام سەبارەت بە پێشێلکردنی مافی مرۆڤ لەلایەن کەمەڵگەی جیهانییەوە مەحکووم کراوە.

# تراژێدییەک
# کە بووە سەرچاوەی ئیلهامی ئافراندنی هونەری



هایپەر ئالێرجیک
دەیڤید شووک، بریار باجەلان

حەوتوویەک دوای هێرشە مووشەکییە مەرگەساتەکەی ئێران بۆ سەر هێزێکی کوردی ئێران، هونەرمەند شۆڕش ئاهی و بنەماڵەکەی لە نێو وێرانەکاندا خەوتن و کارە هونەرییەکەیان پەرە پێدا.

**کۆیە_کوردستانی عێراق**

لە لای ڕۆژهەڵاتی شاری کۆیە، جادەیەکی جووتساید بە نێو دۆڵێک پڕ لە قەراغەڕێی گڵێنە و سوور و بیکۆتایی کە دەوەنی سەرسەخت و داربەڕووی درێژی لێ ڕواون، شۆڕ دەبێتەوە. لە قەراغ شارەکە قەڵایەکی سەرنجراکێش لە خشتی قاوەیی کاڵ کە وەک پێگەیەکی سەربازی یا زیندان دەچێ دەبینرێ. قەڵاکە کە یەکیەتیی سۆڤییەت لە ١٩٧٧ بۆ سەددام حوسێنی درووست کردووە، شوێنی نائاسایی بەرهەمێکی هونەرییە. بەڵام دوایین بەرهەمەکەی شۆڕش ئاهی ئاکامی هەڵومەرجی نائاسایی و کارەساتێکی دەگمەن بوو.

لە کاتی دامەزرانی حکوومەتی نیوە سەربەخۆی هەرێمی کوردستان لە ١٩٩١، ئەو قەڵایە درا بە حیزبی سەرەکیی ناوچەکە. دوو ساڵ دواتر وەک دیاری درا بە قەوارەیەکی سیاسیی کوردی سەرکوتکراوی ڕۆژهەڵات لە باکووری ڕۆژئاوای ئێران. ٢٥ ساڵە سەدان بنەماڵەی ئاوارە یەک کیلۆمیتر ئەولای قەڵا لە کەمپی ئازادیدا دەژین. قەڵاکە بنکەی کۆمەڵایەتی و ئیداریی دانیشتوانی کەمپەکەیە، کە شوێنی حاوانەوەی حیزبە سیاسییەکەیە لەگەڵ شوێنی کتێبخانەکەی و ژووری کۆبوونەوە کە لەلایەن یەکیەتیی لاوان و یەکیەتیی ژنان کەلکی لێ وەرگیراوە. بەرەبەیانی ڕۆژی ١٧ی خەرمانان، سوپای پاسدارانی کۆماری ئیسلامی حەوت مووشەکی مەودا مامناوەندی، زەوی بۆ زەویی بە قەڵای کۆیەوە نا. ئامانجی ئەوان کۆبوونەوەیەکی سیاسی بوو بەڵام لە ئاکامدا زۆربەی بینا ناسیاسییەکان تێک ڕووخان، لە ناویاندا کتێبخانەکە. لەو پەلامارەدا شازدە کەس گیانیان بەخت کرد و زیاتر لە ٤٠ کەس بریندار بوون، کە ژن و منداڵیشیان تێدان. کەمتر لە ٢٤ کاتژمێر، لە کاتێکدا کە هێشتا کەلاوەکانی دەستی مووشەکبارانەکە دووکەڵیان لێ بەرز دەبۆوە، ئاهی دەستی بە نوێترین پێشانگاکەی کرد.

ئاهی زانستی هونەرەجوانەکانی لە زانکۆی تاران خوێندووە. ئەگەرچی ئەو پسپۆڕی بواری پەیکەرسازییە، چەندین تابلۆی سەر دیواری کێشاونەوە کە ئیلهامی لە تابلۆکانی سەر دیواری دەیڤد ئالڤارۆ سیکێریۆس وەرگرتووە. ئێستا، زۆربەی داهاتەکەی لە حەقدەستی بەرهەمی پەیکەرە دارییەکانە کە بۆ جوانکاریی کەلکیان لێ وەردەگیرێ، بەڵام ئەو حەز دەکا لە پێش هەموو شتێکدا لە پلاستیک بۆ وێنا کردنی ڕوخساری ڕاونراو و ئازار چێشتووی کوردان بۆ ڕووداوی وەک کەمپەینی کۆمەڵکوژیی ئەنفال کەلک وەرگرێ کە لە ژێر فەرماندەیی ئامۆزای سەددام "عەلی کیمیاوی" بەڕێوە چوو. کاتێک لێی دەپرسین کە ئاخۆ هونەرمەند لەبارەی ڕووداوەکانی دەوروبەری هەست بە بەرپرسایەتی دەکا، لە وڵامدا دەڵێ: "من هێندە بەرامبەر بە توندوتیژی هەستیارم کە تەنانەت ناتوانم سەربڕینی مریشکێک چاو لێ بکەم، بۆیە بەرهەمەکانم باس لە کۆمەڵکوژی دەکەن".

پەیکەرە پلاستیکییەکانی ئاهی لە سەر بنەمای بیرۆکەی گۆڕینی کارایی و بەکارهاتنی ماددەکانە، لەم بارەوە دەڵێ: "من بۆیە کەلکم لە پلاستیک وەرگرت چونکە یەکێک لە بەرهەمە لاوەکییەکانی نەوتە، هەر وەک ئەو چەکە شیمیاییانەی کە سەددام بەمەبەستی کوردکوژی پەرەی پێ دەدا. ئەمن دەمهەویست لە ماددەیەک کە بۆ توندوتیژی کەلکی لێ وەرگیرابوو، ئامێرێک درووست بکەم بۆ هونەر".

شێوازی پەروەردەی ئاهی بووەتە هۆی ئاشنابوونی لەگەڵ ڕێژەیەکی بەرچاو لە هونەرمەندانی دەروەست، وا هەست دەکا لەگەڵیان لە گفتوگۆدایە، لە بانسکی را بگرە تا جۆزێف بۆیس. باوکی کە پەیکەرساز و پێشمەرگە بوو، لە ١٩٨٢ کەوتە دەست سپای ئێران و پاش ئەشکەنجەدران، کوژرا. شۆڕش وەبیری دێ کە باوکی "زۆر حەزی لە کاندینسکی" بوو. دەوڵەت وەک تۆڵە ئەستاندنەوەیەک بە هۆی بەشداریکردنی ئاهی لە نارەزایەتیی دژی تیرۆری دەوڵەتیی چەندین هونەرمەند، کە لە ٢٠٠٦ دەستی پێکرد، سزای "قەدەغە کردن بە ماوەی سێ ساڵ پێشاندانی بەرهەمەکانی لە پێشانگاکاندا" بەسەر داسەپاند. ئەو دەڵێ: "سیستەمی ئەوێ، ڕێگا بە ئازادیی ڕادەربڕین نادا".

ئەو لە ساڵی ٢٠٠٩، کاتێک کە وەک هونەرمەندێکی دەروەستی ڕۆژهەڵات هەستی بە مەترسی گەورەتر کرد ئێرانی جێ هێشت و ئاوارە بوو. ئاهی و هاوسەرەکەی، بەیان سۆهرابی، شاعیر و ئەکتەری ڕۆژهەڵاتی کوردستان کە لە ١٩٨٢ لە دایک بووە، لەگەڵ کوڕە سێ ساڵانەکەیان بە ئۆتۆمبێل بەرەو کەمپی ئازادی بۆ سەردانی هاوڕێیانیان دەچوون کاتێک کە مووشەکەکان لێ دران. "من لەسەر گردەکە بووم کاتی تەقینەوەکە. من مووشەکەکانم نەدیتن بەڵام گوێم لە دەنگیان بوو." لەجیاتی ئەوەی شوێنەکە بەجێ بێڵێ، بەرەو قەڵا لێی خوڕی کە دووکەڵی ڕەشی لێ هەڵدەستا. لە دوای تێپەڕکردنی زۆربەی کاتەکەی لەو ڕۆژەدا بەمەبەستی ڕاگواستنی کوژراو و بریندارەکان بۆ نەخۆشخانە، پرسیاری لە ڕێبەریی ئەو حیزبە کرد بۆ ئەوەی بزانێ کە ڕێگای پێ دەدرێ کە لە شوێنی تەقینەوەی مووشەکەکان بەرهەمی هونەریی بخوڵقێنێ، ئەو بیری لە کوژرانی باوکی دەکردەوە و پێویستیی خێرای خۆی بۆ یارمەتیکردن بە سارێژ کردنەوەی کۆمەڵگەکەی دەردەبڕی، بە کەلکوەرگرتن لە وەرەقەیەکی پاشماوەی مووشەکێک وەک شابلۆن، بە ڕەنگی تاقمێک پەپوولەی لە سەر دیوارێک کە دوای هێرشەکە بە ساغیی مابۆوە کێشانەوە. ئەو دەڵێ: "لێرە دارێکی لێ بوو، کە زۆر خۆشەویست بوو، من دەمهەویست سێبەری تارمایی ئەو دارە بە پەپوولەکان بکێشمەوە." ماوەی حەوتوویەک بنەماڵەکە لەنێو وێرانەکاندا خەوت هەتا تابلۆکانی پەرە پێدان. سۆهرابی دارە زیاندیتووەکانی سنووری پانتایی تەقینەوەکانی بانداژ کردن، وەکوو ئەوەی کە مرۆڤی بریندار بووبن، بەو شێوەیە برینەکانیانی وەک برینی مرۆڤ وێنا کردن. دواتر، ئەو و ئاهی هەمان کاریان لەگەڵ دیوارە ڕووخاوەکان کرد، شوێنی پڕیشکی مووشەکیان بە ڕەنگی سوور پڕ کردەوە تا وەک برینێک بچن کە خوێنیان لێ دەچۆڕێ. هێندەی پێ نەچوو کە خەڵکەکە یارمەتی سۆهرابییان کرد. لە نهومە تێکڕووخاوەکەی دووهەمی بیناکە کە شوێنی کتێبخانە بوو، ئەو و پێشمەرگەیەکی بەتەمەن بە لاپەڕەی کتێبەکان کەلێنی دەرکەوتووی ئارماتۆڕ کە سەردەمێک ئەستوونی بیناکەیان پێک دێنا، پڕ کردەوە. ئاهی بەتەمایە لە پاشماوەی شتومەکەکانی دوای هێرشەکە بۆ بڕگەکانی دواتری بەرهەمەکەی کەلک وەرگرێ. لە سەر ئەمە دەڵێ: "من ناهێڵم ئەوانە بە فیرۆ بچن، من سەرجەم ئەو پاشماوەیە وەک ئامرازێک بۆ جوانکاری بەکار دێنم".

ڕۆژی دواتر ئاهی پۆرترەیەکی سوهەیلا قادری و نەسرین حەددادی لەسەر دیوار کێشاوە، دوو سەرۆکی یەکیەتیی ژنان کە بە یەکەم مووشەکەکە کوژرابوون. ئەو بە ئاماژەکردن بە پشتێندی گوتی، "هەردووکیان بە دیوارێکی کە تەقیبۆوە دوو لەت ببوون، بۆیە من بەشی سەرووی لەشیانم کێشاوەتەوە". ئەو ئاماژە بە قەڵشتێکی درێژی دیوارەکە دەکا، شوێنێک کە پۆرترەکەیان لەناکاو کۆتایی پێدێ: "دیوارەکەش بریندارە".

کاتێک کە ئاکامی کارەکانیان وردە وردە دەرکەوت، سۆهرابی پێشنیاری کرد کە ناوی بەرهەمەکەیان بنێن، "چیرۆکی ژیانەوەیەک بە گێڕانەوەی من". هونەری دەربڕینی ئەم هونەرمەندە بۆ درووستکردنی پەیوەندییەک لە نێوان هونەرمەند و کۆمەڵگەکەی گرینگ بووە. لە یەکێک لە بەرهەمەکانیدا، ئەو لە کن ئەستوونێک ڕاوەستا بوو کە بیناکەی ڕاگرتبوو، باوەشی بە ئارماتۆرەکەیدا کردبوو وەک ئەوەی بڵێی ئەمە کە بیناکەی لەسەر پێ ڕاگرتووە، وەک ئەتڵەسی ڕۆژهەڵات [ئەو پیاوەی کە بە گوێرەی میتۆلۆژی یوونان بەوە سزا درا کە دونیا لە سەر شانان دانێ. و.]. لە یەکی دیکەدا ئەو لە پەنای کۆلکەدارێک وێستاوە و لەسەرخۆ لقەدارێکی لە نێوان پاشماوەی قەڵا ڕووخاوەکەدا هەڵگرتووەتەوە و بە بانداژ جێگا برینی دارەکە دەبەستێتەوە. ئاهی دەڵێ: "ئەوە بووە بە بەشێک لە دارێکی مەزنتر، بەشێک لە ڕیشەکانی ئێمە، خەباتی ئێمە."

درەنگانی شەو، ئاهی پاشماوەی ڕەنگە سوورەکەی لە دیوارێکی ژوورێک هەڵسوو کە پڕیشکە خوێنی پێوەبوون، شوێنێک کە سێ پیاو لە تەقینەوەکەدا کوژرابوون، لە کاتی گواستنەوەی تەرمەکانیان یارمەتیی کردبوو و لە تووڕەییان ڕەنگەکەی بە دیوارەکان هەڵپرژاندبوو. دوای هەڵواسینی مۆبایلێک کە لە سیم و شتی دیکە لە میچەکەوە بەربوونەوە درووست کرابوو، ئەو جووتە دەرزەنێک شوێن پەنجەی لەسەر دیوارەکە نەخشاند. ئەوان لە کاتێکدا کە لە بەرزایی دوو میترەوە دادەگەڕێن، وردە وردە کەم ڕەنگ دەبنەوە، بە شێوەیەکی ترسناک وێنای ڕاکردنێکی شکست خواردوو دەکەن. سێ حەوتوو دواتر، نیوەی ڕەنگە پرژاوەکان مەیلەو ئەرخەوانییەکی کاڵ دەکشێن. ئاهی دەڵێ: "کاڵترەکان پەڵەخوێنن، بە تێپەڕینی کات هێدی هێدی کاڵ دەبنەوە". مەبەست لێرەدا ئەوەیە دەبێ زۆربەی بەرهەمەکانی چیرۆکی ژیانەوەیەک بە گێڕانەوەی من کاتی بن. قووڵکەکانی شوێنی تەقینەوەی مووشەکەکان خێرا پڕ کرانەوە و ئەو ژوورەی کە پرینچکە خوێنی پێوە بوو بەم زوانە سەرلەنوێ ڕەنگ دەکرێتەوە. زۆربەی دیوارەکانی کە بەرهەمەکانی ئاهییان لەسەر کێشراوەتەوە دووبارە سواغ دەکرێنەوە چونکە خەڵکەکە ناوەندەکەیان نۆژەن دەکەنەوە. بۆ هونەرمەندەکان، ئەو وەرسووڕانە شتێکی باشە، دووبارە درووستکردنەوەی کۆمەڵگەکەیان هاندەری سەرەکیی گشت پرۆژەکە بووە. ئاهی گوتی: "وەک هونەرمەندێک، کەلک لەو ئامرازانە وەردەگرم کە لەبەر دەستم دان تا هاندەری بەرخۆدانی کۆمەڵگەکەم بم. فەرماندە حاجی گوڵاوی، کەسێکی دەم بە پێکەنین کە چل ساڵە پێشمەرگەیە و ناوەکەی بە مانای گوڵە، بە لەسەرەخۆیی قسەکانی دەبڕێ... "شۆڕش لەخۆبووردووییەکی مەزنی لە خۆی نیشان داوە. ئەو یەک کاتژمێریش جێی نەهێشتین، ئەو هێندە سەرقاڵی کارەکەی بوو. ئەو ورەی بە ئێمە بەخشی. ئەو ئێرەی کردە شوێنێک کە لە بیر نەکرێ، شوێنی شانازی دووبارە." پێشمەرگەیەکی تازە ئەوەی زیاد کرد، "هاوسەر و منداڵەکەشی بە هەمان شێوە." ئاهی پلانی درووستکردنی هێمایەکی بیرەوەریی هەتاهەتایی هەیە، پەیکەرێک کە هیوادارە لە حەوشەی قەڵا درووستی بکا. ئەو بە شانازییەوە دەڵێ: "من هێشتا هەموو ئەو شتانەی دوای تەقینەوەکە کۆم کردنەوە ماومن". بەڵام ئەو جارێ لە بارەی ئەو بیرۆکانەی کە لە گەشە کردندان بێدەنگە. یەکێک لە ساکارترین بەرهەمەکانی، دروشمێکە بۆ بەرخۆدانی ڕۆژهەڵات کە بە ڕەنگی سوور و سەوز بە کوردی نووسراوە لە ژێر تاقی دەروازەی چوونە ناو قەڵا. نووسراوە؛ "بەرخۆدان دێژەی هەیە. ژیان درێژەی هەیە". ئاهی بە بزەیەکی باوەڕبەخۆیانەوە دەڵێ: "ئەوان هەوڵ دەدەن بوونی ئێمە بسڕنەوە، بەڵام ئێمە هێشتا جوانی و هونەر دەبینین".

**سەرچاوە:**

https://hyperallergic.com/467551/a-tragedy-inspires-an-impromptu-art-intervention-in-iraqi-kurdistan/

## ئاوابوونی هەر وەرگێڕێ داخرانی پەنجەرەیەکە ڕوو بە دنیایەکی دی



عەلی لەیلاخ

شەوی ٢٧ی خەزەڵوەری ٩٧ی هەتاوی یەکێکی دیکە لە قەڵەمبەدەستانی کورد و هەڵسووڕ و خاوەن بەرهەم لە بواری ئەدەب و وەرگێڕانی کوردی، ماڵاوایی لە کێبخانەی کوردی و دنیای ئەدەب کرد.

حەکیم کاکەوەیس کە چەند شاکاری مەزنی ئەدەبی گەلانی جیهانی وەرگێراوەتەوە سەرزمانی کوردی لە تەمەنی ٦٢ ساڵیدا چاوەکانی بۆهەمیشە وێکناو بەم جۆرە ئاوابوونی وەرگێڕێک داخرانی پەنجەرەیەک ڕوو بە دنیایەکی دیکە بوو.

بەم بیانوویە جێگای خۆیەتی کە بە پێی توانای ئەم چەند دێڕە ئاورێکی کورد بدرێتەوە لە گرینگی ئەدەبی وەرگێران و بەتایبەتی کاریگەریی بەسەر ڕەوتی ئەدەبی کورد باسی لێوەبکرێ و وەفایەک بێت بۆ سەرجەم قەڵەمبەدەستانی ماندوویی‌نەناسی ژانری وەرگێڕان.

ڕەنگە زۆر کەس لە ئۆگرانی ئەدەب، سەرقاڵی وەرگێڕان بن بەڵام ئەوەی کە جێگای پەنجەی هێندێک کەس بەرچاوتر دیارە جیا لە خاوەن ئەزموونی و بۆ لێهاتوویی خۆدی وەرگێڕ دەگەڕێتەوە کە لە چەند ڕەهەندەوە بە توانایی خۆی خزمەتێکی بەر درێژ بە زمان و ئەبیاتی نەتەوەکەی دەکا.

سەرەتا پێویستە بە باس کردن لە تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی چاک وسەرکەوتوو و ئاستی وەرگێڕانی کوردی تا ڕادەیەک بخرێتە ڕوو.

لە بارەی «وەرگێڕ»ی باش و سەرکەوتوو بیروڕای زۆر هەیە، بە ڕواڵەت «وەرگێڕ» بە کەسێک دەگوترێ کە دوو زمان بە باشی تێبگات و، بتوانێ بابەتەکانی زمانێک بۆ سەر زمانێکی‌تر بگوازێتەوە. بەڵام ئەمە بە تەنیایی بەس نیە، بەڵکوو هێندیک لێهاتوویی و تایبەتمەندیی دیکەیان بۆ «وەرگێڕ» داناوە. بۆ نموونە پسپۆری زمانەوانی «یوجین نایدا» دەڵێ: کەسێک کە خاوەنی بەرهەمێکی بەرچاو نەبێت ناتوانێ بەرهەمێکی بەرچاو وەرگێران بکات. وەرگێر دەبێ وەکوو کاراکتەرێک بە لێهاتوویی لە نێوان گەمە زمانوانی ودەستە واژەکانی دوو زمان ڕۆل بگیرێ.

لەسەر تایبەتمەندییەکانی وەرگێڕانی سەرکەوتوو بە پێی چوارچێوە زانستییەکان کۆمەڵێک خاڵ ئاماژەی پێدراوەو کە هەر بەو پێوەرانە دەتوانین بڵێین بەخۆشییەوە ئاستی وەرگێڕانی کوردی بەهەموو گرفت و گیرەکانی بەردەم قەڵەمبەدەستانی کورد، شان لەشانی بەرهەمە هەرمان و سەرکەوتووەکان دەدا.

بەپێی سادەترین پێناسە بۆ وەرگێڕان ، دەبێ وەرگێڕ هەوڵ بدات بۆ دۆزینەوەی نیزیکترین هاوتا بۆ گەیاندنی ناوەڕۆک و ناخی بابەت و دەقی وەرگێڕادراو بە بێ ئەوەی تایبەتمەندیی زمانی خەسار بە دەق و تێکستی وەرگیراو بگەیەنێ.

ئەرەکی سەرەکیی وەرگێڕ گەیاندنی پەیامی دەقەی وەرگیراوە بە مەرجی پاراستنی تایبەتمەندییە زمانەوانییەکان و هەروەها هەوڵدان بۆ ڕۆنانی دەستەواژەو وشەی تازەو بە گوێری پێویست بۆ تێگەیاندنی بەردەنگ لە بابەتەکە.

ئامەنتداری و وەفاداری بە دەقی زمانی «مبدا» و گواستنەوەی بۆ سەر زمانی «مەبەست» یەکێکی دیکە لە تایبەتمەندییە هەر گرینگەکانی وەرگێڕانەو قەڵەمی کوردی ئەگەرچی زۆرجار لە زمانی دووهەمەوە بەرهەمەکانی کردووتە کوردی بەڵام لە ماوەی ئەزموونی وەرگێڕانی کوردی، هەوڵیان داوە شاکارە بەناوبانگەکان بە زمانی کوردی بە گەلی کوردی بناسێنن.

کردنەوەی ڕچەو ڕێگایەک بۆ ناساندنی فیکرو هزرە جیاجیاکان و خزمەتکردن بە دەوڵەمەند کردنی زمانی کوردی و پەرەپێدان بە گەمەی زمانەوانی لە دەسکەوتەکانی وەرگێڕان و وەرگێڕی کوردە.

زۆرجا بیستوومانە کە دەڵێن ئەگەر بەرهەمێک لە ئەدەبی جیهان بە شاکار لە قەڵەم دەرێ، بێگومان بەشێکی هەرزۆر ئەو گلۆبالێزمە مەنەتباری هەوڵ وماندوو بوونی وەرگێڕانەو هەر بۆیە لە شاکاربوونی هەربەرهەمێک، پشکی قەڵەم وهونەری وەرگێڕایشی پێوە دیارە.

سەیر نیە ئەگەر بڵێن ئەگەر کەسانێک قەڵەم و توانایی خۆیانیان بۆ تەرجومەو وەگەڕ نەخستابا، زۆرێک لە کەلتوورەکان و بەهرە فیکریی و هزرییەکان تادەگاتە خەون و خولیا جیهانییە لەکپی و نامۆیی دادەمایەوە.

ئەمە پردی ئاشنایەتی و گواستنەوەی وەرگێڕانە کە سنوورەکانی بەزاند و هەست ونەستی مرۆڤەکانی بەیەکتر دەناسێنن.

هەربۆیە بە ڕەچاوکردنی ئەو گرینگییە، قەڵەمبەدەستانی کوردیش بەرەو ڕووی «تاک»ی کورد ڕۆچنەیەکیان کردووتەوە کە نیازمەندی گرینگی پێدانی زۆرترە.

ئەو ئەزموونە سەرکەوتووانەی کە لە وەرگێراندا بەتایبەت «وەرگێرانی» کوردیدا دەبینین بە تەواوی بۆچوونی «ئادین دوله« و توێژەرانی دیکە پشتڕاست دەکاتەوە کە تا هەر ڕادەیەک نووسەری وەرگێر بە زانیاری و وردبینیەوە بابەتێک وەربگێرێتەوە بە ڕاستی خزمەتێکی بە پیت و بە بەهرە دەکات بە بەرزکردنی ئاستی وشیاری و ئاگایی گەلەکەی لە بوارە جیاجیاکاندا وەکوو»ئەدەبیات، مێژوو، فەلسەفە، زانست. هەروەها کاتێک بەرهەمەکانی گەلی خۆی دەگوازێتەوە بۆ سەر زمانەکانی دیکە، واتا دەبێتە ئەوە کە ئەدەب و کلتووری گەلی خۆی بە جوانی بۆ گەلانی دیکە نواندوە و ئاکامی ئەم نواندە دەبێتە هۆی ناسیاری وتێگەیشتنی گەلان. ئەمە لە کاتێک دایە کە زۆر جار کەتمانی مێژووی و ململانێی نەتەوەکان دەگەرێتەوە بۆ یەکتر نەناسینی فیکریی و فەرهەنگی. کەواتە «وەرگێر»ی بە توانا دەتوانێ نوێنەری گەلەکەی خۆی بێ بۆ هاوردەکردنی بەهرەی فیکری و هزری گەلانی دنیاو، هەروەها هەناردنی دەنگ و ڕەنگی جڤاکو نیشتمانی خۆی.

وەرگێڕانی کورد هەم هەوڵیان داوە بەرهەمە ئەدەبییەکانی «شێعر و جیرۆک و زانستە مرۆییەکان و بیرۆکەکان...» لە گەلانی دیکە بکوردێنن، هەم بەوەی کە بەرهەمی نووسەرانی فارسینووس بکەن بە کوردی ئەو کەمایسییە پڕ بکەنەوە ماندوو بوون.

گەشەی فیکرو هزری هەر تاکێک گرێدراوە بەوەی کە بە نیسبەت بەرهەمە نوێیە فیکری و هزرییەکان خەمسارد و لێی غافڵ نەبێ، کەواتە وەرگێڕەکان لە گەشاندنی هزر و گەیاندنی بیرۆکەی نوێ و ناساندنی جیهانە جیاجیاکان، دنیاییەکی بەرفراوان بنیات دەنن.

KURDISTAN
The Organ of Kurdistan Democratic Party-Iran
NO: 738 21 november 2018

ماڵپەڕی ناوەندیی حیزبی دێموکراتی کوردستان، ڕۆژنامەی «کوردستان» لە تۆڕی جیهانیی ئینتێرنێت دا:
www.kurdistanukurd.com
info@kurdistanukurd.org info@kurdistanukurd.com
www.kurdch.tv: Yahsat 1A @ 52.5° East MHz 11958
polarization: Vertical -27500 FEc : 7/8
Radiodk59@gmail.com

ئیمەیل و تەلەفوونی تەشکیلاتی نهێنی:
+9647507548621
Tashkilat.kdp92@gmail.com

# چالاکانی مەدەنیی یارسان: ڕێژیم بەرپرسە لە تێرۆری سەید خەلیل



کۆڕی ڕاوێژی چالاکانی مەدەنیی یارسان لە حەڤدەهەمین ساڵیادی کوشتنی بێبەزییانەی هونەرمەند و موریدی ناوداری ئایینی یارسان، سەید خەلیل عالینژاد، ئەو کردەوە تیرۆریستییەیان وەبیر هێنایەوە و سەبارەت بەوە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامیی ئێرانیان بە بەرپرسیار زانی.
کۆڕی ڕاوێژی چالاکانی مەدەنیی یارسان لە بەیاننامەیەکدا ڕەخنەیان لە بەرپرسانی کۆماری ئیسلامی گرتووە، کە بۆچی ڕاستییەکانی ئەو ڕووداوە دەشارنەوە و ئایا بێدەنگەکردن لەو بارەوە نیشانە ڕەزامەندیی کۆماری ئیسلامی نییە لە تیرۆری سەید خەلیل عالینژاد؟
سەید خەلیل عالینژاد ڕۆژی ٢٧ی خەزەڵوەری ساڵی ١٣٨٠ی هەتاوی لە شاری گوتنبێرگی سوید بە زەبری چەقۆ کوژرا و، تەرمەکەی و تەموورەکەی سووتێندرا. کۆڕی ڕاوێژی چالاکانی مەدەنیی یارسان لە بەیاننامەکەدا دەڵێ مەگەر سەید خەلیل هاووڵاتیی ئێرانی نەبوو؟ کەواتە دەوڵەتی ئێران لەو بارەوە بەرپرسیارە و، دەبێ بە پێی یاسای هاووڵاتیبوون لە کوژرانی گوماناویی سەید خەلیل بکۆڵێتەوە، بەڵام بێدەنگی و خەمساردیی کۆماری ئیسلامی دوای ١٧ ساڵ گومانەکان زیاد دەکا کە ئەم کوشتنە هەر بە ویست و لەسەر خواستی خۆیان بووە.

# کۆڕی زانستیی «ناسنامە» لە پیرانشار






کافە کتێبی ئەندێشە ئەندیشە لە پیرانشار ڕۆژی هەینی ٢٥ ی خەزەڵوەر کۆڕێکی زانستیی بە ئامادەبوونی هۆگرانی زانستە فیکرییەکان و چالاکانی فەرهەنگیی شارەکانی سەردەشت، شنۆ، نەغەدە و مەهاباد بەڕێوە برد.
لەو کۆڕە زانستییەدا کە سێ وتار و پانێلێکی لەخۆگرتبوو، دوای کۆتاییهاتنی باسەکان لە گفتوگۆیەکی کراوەدا ئامادەبووان پرسیار و تێبینی خۆیانیان خستە بەرباس.
«هزر و ناسنامە» ناونیشانی باسێک بوو کە لەو کۆڕەدا دوکتور جەلال حاجی زادە، توێژەری بواری فەلسەفە و ئەندێشەی سیاسی کردی کە بەرهەمی خوێندنەوەیەکی فەلسەفی بوو لەسەر پڕۆژەی «قەیرانی زەینی کوردی» لە بەستێنی ئەندێشەی سیاسیی کورددا. باسی دووهەم لەلایەن دوکتۆر ئازاد حاجیئاقایی، توێژەری بواری ئەندێشەی سیاسی، لەژێرناوی «بیرەوەری و داهاتوو، سیاسەتەکانی بیرەوەری لەسەر دروستکردنی ناسنامە» پێشکەش کرا. سیروان ساڵحزادە، کارناسی باڵای زانستی سیاسی کۆڕگێرێکی دیکەی ئەم کۆڕیادە بوو کە باسەکەی لەژێر سەردێڕی»»پرسی دێموکراسی و ناسنامە»دا پێشکێش کرد و مۆدێلی دێموکراسیی زۆرینەی خستە بەر نەشتەری ڕەخنە و بە وردیی خەسارناسیی کرد.

# چاندنی ۴ هەزار بەڕوو بۆ ڕێزگرتن لە یادی قوربانیانی بوومەلەرزەکەی کرماشان



ڕۆژی سێشەممە ٢٢ی خەزەڵوەر، بە هیمەتی ئەنجومەنی سەوزی ماپرێس لە شاری جوانرۆ و بە بەشداریی لایەنگەرانی ژینگە، نزیکەی ٤ هەزار بەڕوو لە بەرزاییەکانی پارکی جەنگەلی ماپرێس چێندران. ئەو چالاکییە لە هاتنەوەی یەکەم ساڵیادی بوومەلەرزەکەی پارێزگای کرماشان و بۆ ڕیزگرتن لە یاد و بیرەوەریی قوربانیانی ئەم ڕووداوە کرا و بەشداربووانی ڕێوڕەسمەکە بە چاندنی بەڕوو، بەڕوویان وەکوو سیمبولی خۆڕاگری لە بەرانبەر کێشە و دژوارییەکان ناو برد.
چالاکیی ئەم ژینگەپارێزانە لە کاتێکدایە کە ناوەندە حکومەتی و دەوڵەتییەکان هیچ خۆیان لە بەرامبەر بە سروشتی کوردستاندا بە بەرپرس نازانن و تەنانەت زۆربەی سووتمانەکان لە دارستانەکانی کوردستان دەستی دەزگا ئەمنیەتییەکانی لە پشتە و ئەوە تەنیا خەڵکی کوردستان و چالاکانی ئەم بوارەن کە لە خەمی ژینگەی کوردستانن.
جێی بیرهێنانەوەیە کە ڕۆژی شەممە ٣ی خەرمانان، چوار چالاکی ژینگەپارێزی خەڵکی مەریوان بە ناوەکانی «شەریف باجوەر، ئومید کۆنەپۆشی، ڕەحمەت حەکیمی نیا و محەممەد پژوهی» لە کاتی کوژاندنەوەی ئاگری دارستانەکانی دەوروبەری ئەم شارە گیانیان لەدەست دا.

# سمیناری ناوچەیی مامۆستا هەژار لە مەهاباد

سمیناری ناوچەیی و دوو ڕۆژەی «مامۆستا هەژار» بە مەبەستی باس لە کەسایەتیی سیاسی و ئەدەبیی مامۆستا هەژار و هەڵسەنگاندنی بەرهەمەکانی ئەم نووسەر و وەرگێڕە بلیمەتەی کورد لە شاری مەهاباد بەڕێوە چوو.
ئەم سمینارە لەژێر ناوی «ئەندێشەکانی هەژار دەتوانن ئازادی، ئاشتی و دادپەروەریمان بۆ بەدیاری بێنن» دەستی بە کارەکانی کرد و چالاکییەکانی ڕۆژی یەکەم پێشکێش کران کە بریتی بوون لە: وتاری ئیبراهیم مرادی لەژێر ناوی «وشەناسیی زمانی شێعریی هەژار لە چوارێنەکانی خەییام»؛ پەنێلی زانستیی سمینارەکە لەسەر تەوەری زمان و فەرهەنگ بەشداریی ئەحمەد ئەحمەدیان، عادڵ محەممەدی و ڕەزا شەجیعی؛ مەقامی «پیرەهەڵۆ»ی هەژار بە دەنگی مامۆستا عەزیز شاڕوخ؛ وتاری ئەحمەد غولامی لە ژێرناوی «فەرهەنگی وشە وەک نەستی سیاسیی نەتەوەیەک»؛ وتاری یونس ڕەزایی لەژێر ناوی «نۆستالێژیی سیاسی و کۆمەڵایەتیی هەژار لە بەرەو موکریاندا» و «پەردەلادان لە تەمبری مامۆستا هەژار».
لە ڕۆژی دووهەمی سمینارەکەشدا وتاری مەنیژە میرموکری لەژێر ناوی «هەڵدانەوەی زماناسانە لەگەڵ هاودەنگی لە چێشتی مجێوردا»، وتاری جەلال پوورحەسەن لەژێر ناوی «لێکدانەوەی پێشەکیی بۆ کوردستان؛ پەنێلی خوێندنەوەیەک بۆ بەرهەمەکانی مامۆستا هەژار لە بواری وەرگێڕاندا بەبەشداریی دوکتور محەممەد ڕەحیمیان، دوکتور شەهباز موحسێنی و عەزیز ئاڵی؛ وتاری ئەمجەد غولامی لەژێر ناوی «چێشتی مجێور و پێکهاتەی ئۆتوریتەی نووسین»، وتاری حەسەن محەممەدی لەژێر ناوی «گێڕانەوەناسی لە چێشتی مجێووردا»، وتاری سەلاحەدین خزرنێژاد لەژێر ناوی «تاوتوێی کۆمەڵناسانەی بەیتی سەرەمەڕی هەژار»، وتاری عومەر محەممەدی لەژێر ناوی «لایەنەکانی کارکردی زمان لە بەرهەمەکانی هەژاردا» پێشکێش کران.
لە درێژەی بەرنامەکانی ئەم سمینارەدا چەند بڕگەیەکی موسیقی پێشکێش کران و دواتر پەنێلی داوەرانی سمینارەکە بەبەشداریی دوکتور یادگار کەریمی، دوکتور مەسعود بینەندە و دوکتور خالیق جەلیل نیژاد گیرا و ئاکامەکەی لەلایەن دوکتور بەیان کەریمی ڕاگەیەندرا.







## بەر لە ماڵاوایی

# بۆ میسینجێرەکەی شەهید هاوڕێ شێخانی


مام کوردنژاد ئیبڕاهیمی

«چەن ڕۆژێکە کوڵی گریانێکی خەستم هەڵگرتووە و هیچ دڵپڕێک
چەند مانگێکە گەرووم پڕە لە ئاواز و هیچ بیسەرێک
چەن ساڵێکە دەفتەرم پڕە لە شێعر و هیچ خوێنەرێک، نادۆزمەوە
کە فرمێسک و ئاواز و شێعرێکی لا جێ بهێڵم...»

**بۆ میسینجێرەکەی شەهید هاوڕێ کارساز، ناسراو بە هاوڕێ شێخانی**

هاوڕێ گیان سڵاو!
ئەوکاتەی من شنۆ خنجیلانەکەم بەجێ هێشت تۆ هەروا مێرمنداڵ بووی و بە هەڵکەوتیش بێ نەمناسیبووی، بەڵام تۆ لە من دڵئاوەڵاتر بووی و ئێستاش نازانم لە کوێڕا دەتناسیم و چۆنت دەناسیم.
زۆری پێنەچوو تۆش وەک من تێرت لە بەفراوەکانی کێلەشین و ڕەندۆڵە نەخواردەوە و لە کاتێکدا هەروا تامەزرۆی گێلاسی شنۆیە بووی و تێر بە دڵی خۆت لە کووچە باخەکاندا جحێڵایەتیت نەکردبوو، هەمووانت بە ئومێدی گەڕانەوەیەکی بەزوویی و یەکجاری بەجێ هێشت و ڕووت لە دەڤەری کوڕەکانی خۆمان کرد. دوایە لە فەیسبووک وەک دوو دێموکرات و دوو هاوشاری یەکترمان دیتەوە و بووین بە دۆستی فەیسبووکی و حیزبی و لە دووریی هەزاران کیلۆمیترەوە بە دڵ بووین بە برا و هاوسەنگەر و باوەڕپێکراوی یەکتر.
وەبیرتە دامانابوو کە هاتمەوە تێر باسی ئەو دواییانەی شنۆیەم بۆ بکەی، باسی منداڵیی خۆت و کۆڵانەکانی سەلیم ئاباد و تەنانەت باسی شێتەکانی شارم بۆ بکەی، باسی حەوڵا شێت و لاڵەی ئیسکۆرتی کاک نەبی قادریم بۆ بکەی، پێم بڵێی ئاخیرەکەی چی بەسەر پردی پووشاوێ و تاریکە بازاریدا هات. چیرۆکی سەفەرەکانی ئەو دوایانەم بۆ بگێڕییەوە کە لەگەڵ کوڕەکان دەگەڕایەوە. وەبیرتە پێم گوتی ئەگەر لەگەڵتان دەرچم پێمخۆشە سەفەرێک پێکەوە بگەڕێینەوە، بەڵام دەبێ قادر محەممەدگوڵیشمان لەگەڵ بێ. گوتت بەچاوان هەتا شنۆیە لە سەر شانت دادەنێم تۆ هەر وێنە و فیلمی چاکمان بۆ هەڵگرەوە با کە شەهید بووین وێنەی تایبەتیمان هەبێ.
هاوڕێ گیان! تۆ لە سەر بەڵێنی خۆت مای و بە ئاوات گەیشتی و بووی بە شەهیدی سەربەرزی نیشتمان و ئەوە من بووم کە بەدقەولیم لەگەڵ کردی، بەڵام قسەی خۆمان بێ وێنەی زۆر جوان و شێرانەت هەبوو بۆ ڕۆژی ئاوا مێژوویی و ئەوە ئێمەین هەتا هەتایە یاد و ناوی تۆ لەسەر سەرمان دادەنێین.
هاوڕێ گیان! بەڵێن بێ لەوەی واوە من هەموو هەواڵەکانی ئێرەت بۆ دەنووسم و تۆش قەولم پێ بدە لەو سەفەرەتدا هێندێک تینوێتیی من بشکێنی. لە جیاتی من بچۆ خزمەت شەهید محەممەدی عەلی پیرێژنێ و دەستەکانی ماچ کە و بڵێ گەردنم ئازاد کا، چونکە زۆر لە سەر سفرەی ناو و ناوبانگی ئەو، ئاوم خواردۆتەوە..
تۆخداکەی جوان سەرنج بدە کاتێک کاک دوکتۆر پاش ئەو هەمووە ساڵە حەسەنپوور دەبێنێتەوە چ ڕوو دەدا، بزانە وێنەیەکم بەدزی بۆ ناگری و هەر بەو میسنجێرەی جاران بۆم بنێری! سەری خۆت بزانە حەسەنپوور ئەو هەمووە نهێنییەی حیزبی لەکوێ داناوە...
بەڵام هاوڕێ گیان، تۆ گیانی وەنەوشەی کچت نەکەی باسی ئەم دواییانەی کوردستان بۆ کاک دوکتۆری بکەی، لە باسەکەی کەرکووک و سەربەخۆیی و ئەوانەش گەڕێ. باسی دوو لەتبوونی خۆمان و کۆمەڵەکانیش هەر بە لایدا مەچۆ، چونکی لەوانەیە لەمەودوا ئەو شۆڕشگێڕانەی دژی یەکبوونن یان لە شەرمی ماڵ و منداڵی ئێوە بڕۆن و یانیش تەکانی ئاخر مووشەک مێشکیانی لەقاندبێ. دەکرێ تەنیا هەر ئەو ڕاستییەی پێی بڵێی کە ئەندامان و لایەنگرانی حیزب لە جاران یەکجار زۆر یەکگرتووترن.

هاوڕێ گیان!
دامنابوو پێکەوە جارێکی تر بچینەوە شنۆ و چوار سووچی شار بە پیاسە بگەڕێین و حەسرەتی کووچە باخەکانی گێلاس نەبێتە خەونی هەتاهەتایی و جارێکیتر لە قەنادییەکەی خۆتان پاڵوودەیەکی سارد بخۆین، بەڵام ئێستا کە سەفەری ڕێگایەکی دیکەت هەڵبژارد و بوێرانە ئەو شانازییەت بە گیانی خۆت کڕی، دڵنیابە کە گەڕامەوە تاک تاکی ئەو شوێنانەی پێت خۆش بوون بە وەنەوشەیان نیشان دەدەم و هەر وەک بەڵێنیشم پێدابووی ناهێڵم خۆفرۆشە ڕاپۆرتدەرەکانی قەرەسەقەل سەریان هەڵبێ و لە سەرووی مەجلیس دانیشن، دەبێ کارێک بکەم خائینانی شەوی یەلدا و هەمووی ئەوانەی ورگیان بە پارەی خەیانەت هەڵمساندووە بە سزای کردەوەکانیان بگەن یان کلکیان لە گەڵووزیان نێن و ماڵ و منداڵیان هەتا هەتایە سەرشۆڕی کردەوەی بابیان بن.
دڵنیاشت دەکەمەوە یەکێک لە خۆشترین شەقامەکانی شنۆیە بە ناوی تۆ دەکرێ و نەوەکانی تۆ شانازی بە ناوی تۆوە دەکەن.
هاوڕێ گیان، دیتت ئاخیری کاکە ئیدریست خۆی بۆ نەگیرا و لەگەڵ دایکت سەردانی ماڵە تازەکەیان کردی، دیتت بە چ هەیبەت و شکۆیەکی میوانی بەخێراتن دەکردن، ئەو سەری بەرز بوو و سینگی تەژی بوو لە شانازی و ورە، هەر ئەو شانازییەی ئارام و قەراری لێ ئەستاندبووی.
ئەدی دیتت کە لە شنۆوە تا کرماشان، واتە هەموو شارە خۆشەکانی ڕۆژهەڵات چۆن وەڵامی داوای حیزبەکەتیان داوە و مانیان گرت. دیتت کوردانی ئورووپا چۆن دەرکیان بە سەفارەتەکانی ئێران گرتبوو و چیان بە ئاڵای ئێران کرد؟
هاوڕێی گیان! لە کۆتاییدا بە هاوڕێکانت بڵێ کە کەس نەیدەزانی بۆ کامتان بگرێ، ئەو ماوەیەی ئێوە بە کۆڕ میوانی هەموو چرکەساتەکانی ژیانی ئێمە بوون و بنەماڵەکانتان لە ئێمە قایمتر وەک پۆڵا بەڕێیان کردن و ئەوە خەریکە قەڵاکەی دمدمیش ئاوەدان دەکرێتەوە... کەس نییە وێنەی کاک مەنسوور هاوسەری دادە سوهەیلای نەدیبێ کە چەندە بە سەربەرزی دارەبازی شەهید و شەریکی ژیانی لە سەر شان داناوە، کاک ئاوات حەسەنپوور ئەوەندە قایم و بە وەرە بوو کە خەڵک لە جێگای ئەو فرمێسکی دەڕشت و شانازی بە ورەی ئەو دەکرد. ئەو تەنانەت ئیزنی سەرەخۆشی و کراسی ڕەشی بە ئێمە نەدا. هانا وریاش کە ڕۆژ نەبوو هۆنراوەیەکی تازەتان بۆ نەنووسێ و وێنەیەکی تازەتان لێ بڵاو نەکاتەوە....
هاوڕێ گیان! زیاتر بۆ دەنووسم.... چاوەڕێ بە...